PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA
41
WWW.GOV.KRD/MOPA | December 2023

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات


## مەشقی پێشمەرگە بەردەوامە



بەڕێوەبەرایەتیی مەشــقی ســەربازیی بەپێی پلانی دیاریکراوی، لەکۆتایی هەموو ســاڵێک، بەهاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی و لایەنە....

٧

## کۆلێژی ئەرکان



دەیــان ڕۆڵەی گۆشــکراوی بە زانســتی ســەربازیی و گیانــی ورەبەرزیــی کوردایەتــی پێگەیانــدووە و پێشکەشی هێزی پێشــمەرگەی کوردستانی کردووە .....

١٣

## بنکەی مەشقی پیادەی کەرکووک



بنکەی مەشــقی پیادەی کەرکووک لە ســاڵی ١٩٩٩ دامەزراوە، ئەو کاتە سەربە هێزەکانی ٧٠ بووە ....

٣٣

## هۆشیاری ، بنەمایەك بۆ شوناسی هێزی سەربازی



هۆشــیاری مانــای زانیــن و زانیارییــە، لــە ڕێگەی هەستەکانت، بیرکردنەوەکانت تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەرت، وەک بینین، بیستن.....

٤٥



## شوێنە نهێنییە سەربازییەکان

ساڵانێکی زۆرە زیاتر لە (٥) بنکەی نهێنی سەربازیی لە چەند وڵاتێک مشتومڕی لەسەرە، لەبەرئەوەی کە نازانرێ ئەو بنکانە بۆ چ مەبەستێک دروستکراون و ناوەویان .......

٦٣



## پلاندانانی سەربازیی

پلاندانانــی ســەربازی، بووەتــە زاراوەیەکــی ســەربازیی بۆ سیســتەمی ســەربازی و جەنگەکان و ئۆپەراســیۆنەکان و بــە هونــەری ئامــادەکاری و بەڕێوەبردن دادەنرێت. ......

٤٩



**خاوەن ئیمتیاز:**
وەزارەتی پێشمەرگە

**سەرنووسەر:**
لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە)

**جێگری سەرنووسەر:**
عمید شوان مەحموود ئەحمەد

**سەرپەرشتیاری بەشی ڕاگەیاندن:**
عمید ستارعبدالکریم عزیز

**سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:**
عمید محەمەد صدیق حەمەد

**بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:**
عقید قارەمان مەهدی محەمەد
(+964) 750 466 1364

**بەڕێوەبەری نووسین - ڕاگەیاندن:**
عقید ڕەنج جەعفەر ئەحمەد
(+964) 772 531 5240

**بەرپرسی وێنەگران:**
مقدم جمعة قادر

**بەڕێوەبەری هونەری**
کەیوان سلێمان ئاژگەیی

**سکرتێری نووسین:**
میران بەکر عبدالرەحمان

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەڕێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت
(+964) 772 531 5240 Mail: info@mopa.gov.krd (+964) 750 466 1364

## بەڕێوبەرایەتی پشکنینی گشتی...

# چاودێری بەردەوام و کارکردنی زیاتر

یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی سوپا، پشکنینی کەلوپەل و پێداویستییەکانی یەکە سەربازییەکانە، چونکە پشکنین دڵنیابوونەوەیە لە دروستی کەلوپەل و پێداویستییەکانی سوپایە بە تایبەت لەکاتە هەستیارەکاندا. لەم ڕووەشەوە، وەزارەتی پێشمەرگە گرنگییەکی زۆری بەو بوارە داوە و بەڕێوبەرایەتییەکی گشتی بۆ دامەزراندووە، ئەو بەڕێوبەرایەتییەش لە ڕێگەی چەند لیژنەیەکی پسپۆڕ ساڵانە پشکنین بۆ تەواوی یەکە و دامەزراوەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات.

ئامادەکردنی: نقیب بارزان رزگار

فۆتۆ: کاروان ڕەزا



عقید ئیبراهیم یوسف ئەحمەد



عمید سالار ئیسماعیل



عمید روکن فرهاد محمود

لە کۆتایی ساڵدا ئەو کار و چالاکییانەی کردوومانە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە نمایشی دەکەین

جۆرەکانی پشکنین بریتین لە پشکنینی فێرکاریی، لەناکاو ئامادەیی شەڕکردن، تاقیکاریی، پێشبرکێیی و بەدواداچوون

ساڵانە بە پێی پلانی پشکنین دەردەچین بۆ بەڕێوبەرایەتییەکان، لیواکان و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

41



بۆ زیاتر تیشکخستنەسەر بەڕێوبەرایەتییەکە و کاروچالاکییەکانیان، عەمید روکن، فەرهاد مەحموود ڕەسوڵ جێگری بەڕێوەبەری پشکنینی گشتی بۆ گۆڤاری پێشمەرگە ڕوونیکردەوە: بەڕێوەبەرایەتی پشکنین لەساڵی **٢٠١٠** لەگەڵ فەرمانی پێکهێنانی وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوە، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکایەتی ئەرکانەوە. کار و چالاکییەکانمان ئەوەیە کە ساڵانە بە پێی پلانی پشکنین دەردەچین بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان، لیواکان و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە دوای پشکنین دەنووسرێن دەخرێنە بەردەم وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکایەتی ئەرکان، ئەمەش بۆ ئەوەی بەرچاوییان ڕوون بێت کە بەڕێوەبەرایەتییەکان و لیواکان لە چ ئاستێکدان و خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان بۆ دیاری دەکەین بۆ ئەوەی چارەسەری خاڵە لاوازەکان بکرێت.

لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی پشکنینی ساڵانەوە عەمید روکن فەرهاد گوتی: ئێمە ساڵانە پلانی پشکنین دەردەکەین و ئەو پلانە بەرزدەکەینەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دەربرینی ڕاوبۆچوونیان تاوەکو بڕیاری لەسەر بدەن، بە پێی ئەو پلانەی دیاریمان کردووە، چەند بەڕێوەبەرایەتی و لیوا و فەوج پشکنینیان بۆ دەکرێت. جۆرەکانی پشکنینیش بە گوێرەی ساڵانی پێشووترە، بۆ نموونە چەند جۆرە پشکنینێکمان هەیە، لەوانە پشکنینی فێرکاری بۆ ئەو یەکە و لیوا و فەوجانەیە کە تازە پێکهێندراون یان ڕێکخراونەتەوە یان هەرکێشەیەکی دیکە هەبێت ئەوا پشکنینی فێرکارییان بۆ دەکرێت. جۆرێکی دیکە پشکنینی لەناکاوە، بەپێی ئەو پلانەی کاری لەسەر دەکەین، بواری ئەوەمان هەیە کە بیکەینە پشکنینی لەناکاو. بەپێی هەر داواکارییەک کە جەنابی وەزیر یان سەرۆکی ئەرکان ئاراستەمان بکات، لە هەبوونی هەر کێشەیەک یان کەموکوڕییەک لەیەکەیەکدا، ئەوکاتە پشکنینی لەناکاوی بۆ دەکەین، دیارە ئەمەش بەبێ ئەوەی یەکەکە ئاگاداربێت و بگرە ئەفسەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی پشکنینیش ئاگاداری ئەم پشکنینە نابن، تەنها خۆم یان بەڕێوەبەری گشتیی پشکنین ئاگادار دەبێت، چونکە بە هەماهەنگی نییە و لەناکاوە.

جۆری سێیەم پشکنینی تاقیکارییە بۆ ئەو یەکانەی جارێک بۆ دووجار فێرکارییان بۆ کراوە و ئامادەکارییان کردووە، بەو جۆرە دەڵێین تاقیکاریی، واتە وەک هەڵسەنگاندنی یەکەکە نمرەی بۆ دیاردەکرێت، دوو جۆر تاقیکارییمان کردووە بۆ لیوای (١٤و١٦)ی پیادە، کاری لیژنەکان تەنها پشکنینی تاقیکاریی و فێرکارییە، پشکنینەکان بە گوێرەی پلانەکە ئەنجامدەدەین لەوەی ئایا فێرکارییە یان تاقیکارییە یاخود لەناکاوە، لیژنەکان بە پێی پەیکەری ڕێکخراوەیی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، پێشوەختە فەرمانی دەستبەکاربوونمان لەمبارەیەوە وەرگرتووە.

لەبارەی پەیوەندییان لەگەڵ یەکە و بەڕێوبەرایەتییەکانی دیکەی وەزارەت، جێگری بەڕێوبەر گوتی: پەیوەندیمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و یەکە و لیواکان وەکو مامۆستا و فێرخوازە، ئێمە بەو ڕوحیەتەوە کار دەکەین کە فێرکراوین، دەتوانین خاڵە لاوازەکانیان بۆ دیاری بکەین و بەردەوام هاوکاریان دەبین چ بەڕێوەبەرایەتییەکان و چ یەکەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکەمان هەمیشە دەرگای کراوەیە بەڕووی یەکە و لیوا و فەوجەکان، هەرپرسیارێکیان هەبێت لەسەر هەر بابەتێک پەیوەندی بەپشکنین هەبێت دەتوانن زانیاریمان لێوەربگرن، چونکە هاوکارییەکانمان وەکو مامۆستا و فێرخوازە.

عەمید روکن، فەرهاد مەحموود لەبارەی ئاستەنگەکانی بەردەم لیژنەکەنیان

41



ئامارەی بەوەدا، کۆمەڵێک ئاستەنگمان هەیە، لە ڕاپۆرتەکانی پێشتر ئاماژەمان پێ کردووە و لە کۆنفرانسەکان باسمان کردووە، یەکێک لەو بەربەستانە، گۆڕانکارییەکانە کە وەزارەتی پێشمەرگە لە لیوا و یەکەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان ئەنجامی دەدات کە ئەوەش بەربەستێکی گەورەیە، زۆرجار گۆڕانکاری لە پایەکان دەبێتە گرفت، لیژنەکان ئەفسەرێک فێردەکەن، بەڵام ساڵی دواتر لەو پایە نامێنێت، بۆیە ئەمە دەبێتە گرفت و هیوادارم وەزارەت خەمێک لەو بابەتە بخوات. یەکێکی تر لەو کێشانە، گرفتی ئامێرەکانە بۆ ئەوەی بتوانین بە ئارەزووی خۆمان پشکنین بکەین،

لەبارەی هەماهەنگیان لەگەڵ هاوپەیمانان، جێگری بەڕێوبەری پشکنین گوتی: هەماهەنگیمان تا ئەم ماوەیە باش بووە، قسەمان لەگەڵیان کردووە، تیمێکیان لەگەڵمان بێت کە خۆشیان داوایان کرد کە تیمێکیان لەگەڵ ئێمە بێت، لە پشکنینەکاندا تا ئاستی بارەگای لیوا لەگەڵمان بوون، ئەفسەرەکان دابەشدەبوون بەگوێرەی تواناکانی خۆیان، ئەوان لەسەر بەشەکان دابەشدەبوون کە چۆن پشکنین دەکرێت و پەیوەندیی ڕاستەوخۆمان هەبوو لەگەڵیان، بەڵام لە ئێستادا دەرچونییان لەگەڵماندا نییە .

هاوکات، لەبارەی بەرنامە و پلانی نوێیان و دەستپێشخەرییان بۆ بەرەوپێشچوونی پشکنین گوتی: ساڵانی پێشوو ڕێنمایی پشکنینمان بڵاو نەکردووەتەوە، ئەمساڵ نیازمان وایە ڕێنمایی پشکنین بڵاوبکەینەوە. ڕێنمایی پشکنین چۆنە؟ بۆ نموونە: هەر یەکەیەک ڕێنمایی دەکەین کە لەو بابەتانە پشکنین دەکەین، بۆ ئەوەی خۆیان بەتەواوی ئامادە بکەن و هیچ گلەییەکیان نەمێنێ، چونکە دەبێت ئەو کاتە فەرمانی پشکنین بۆ بەڕێوە بەرایەتییەکان و یەکەکان دەربکەین .

لەبارەی توانا و ئاستی یەکەکان و لیواکان، جێگری بەڕێوبەر گوتی: لەدوای دەستبەکاربوونی پشکنین بە شێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێ کێشەمان بۆ دروستبوو، وەکو گۆڕانکاریی لە پەیکەری ڕێکخراوەیی یەکەو لیواکان و نەخۆشی کۆڕۆنا کە بڵاوبووەوە پشکنینی دواخست، لیواکان ئاستیان بەرەوپێشەوە چووە، چونکە چاودێرییان لەسەرە، لەبەرئەوەی هەست دەکەین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەهەموو ڕوویەکەوە یەکەکان پێشدەکەون، سەرەڕای ئەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ساڵی (٢٠١٠)وە دەمەزراوە، بەڵام لەساڵی (٢٠١٨)وە بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی زیاتر بووە بە بەراورد بەساڵانی ڕابردوو.

هەروەها لەبارەی پلانیان بۆ فراوانکردنی کاری لیژنەکانیان رایگەیاند: داوامان کردووە پەیکەری ڕێکخراوەییمان بۆ بگۆڕن، لە ئێستادا پەیکەرێکی نوێیان بۆ ئامادەکردووین، بۆیە لەمەبەدوا لەوانەیە لەجیاتی لیژنەیەک دوو بۆ سێ لیژنە پێکبهێنن، ئەمە بۆ ئەوەیە بتوانین کارەکانمان فراوان بکەینو زیاتر و باشتر بەکارەکانی خۆمان رابگەین.

لەبارەی هەماهەنگی وەزارەتی پێشمەرگەوە، جێگری بەڕێوبەر گوتی: داواکاریمان لەبەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوەیە کە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی پشکنین گرنگییەکی تەواوی پێبدرێت، لەبەر ئەوەی چاو و دڵی وەزارەتە، ئێمە ڕاستییەکانی لیواکان، یەکەکان، فەوجەکان و بەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەخەینە بەردەستی بەرپرسە باڵاکانی وەزارەت، داواکارین لێیان لەهەموو ڕوویەکەوە هاوکارییەکی تەواومان بکەن، چونکە لەزۆربەی شتەکان کەموکوڕیمان هەیە.

عەمید سالار ئیسماعیل ئیبراهیم ئەفسەری پشکنەری ئۆپراسیۆنەکان، دەربارەی پلانی ساڵانەیان زانیاریی زیاتری خستەڕوو، گوتی: ئێمە ساڵانە پلانی گشتگیرمان هەیە بۆ پشکنینی

# بەڕێوەبەرایەتییەکەمان هەمیشە دەرگای بەڕووی یەکە و لیوا و فەوجەکان کراوەیە، هەر پرسیارێکیان هەبێت لەسەر هەر بابەتێك پەیوەندی بەپشکنینەوە هەبێت، دەتوانن زانیاریمان لێ وەربگرن، چونکە هاوکارییەکانمان فێرخوازی سەربازییە

هەموو دامودەزگاکانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە وەکو بەڕێوەبەرایەتییەکان، لیواکان و فەوجەکان، بەڵام ئێمە زیاتر گرنگی بە یەکەکان دەدەین، لەبەر ئەوەی ئەوان بەردەوام لە مەیدانن و ئەرکی تایبەتمەندییان لە پاراستنی هەرێمی کوردستاندا هەیە. وەک پشکنەری بەشی ئۆپراسیۆنەکان کە سەردانی یەکە و لیواکان دەکەین، بێگومان دەچینە ئەو بەشەی تایبەتمەندە بەئەرکی خۆمان، لەگەڵ ئەفسەری ئەو بەشە دادەنیشین و باسی بارودۆخی سنووری جوگرافی ناوچەی بەپرسیارییەتییەکەیان لەگەڵدا دەکەین کە چۆن ئەرک دەبینن و بەچەند وەجبە ئەرک دەبینن و ئەرکەکانیان چییە و هەڵسوڕان و بۆسە و جموجۆڵەکان چین؟ وەک جموجۆڵی خۆیان و جموجۆڵی دوژمن و ئەو هێزانەی لەدەورو پشتیانن، بێگومان دوای ئەوەی کە کورتەیەکیان بۆ باس کردین، ئێمەش دوای ئەوەی بەدواداچوون بۆ ئەرکەکانیان دەکەین، بە تۆمارو دۆسیە و نەخشەکان و ئەو پێداویستییانەی کە گرنگن بۆ بەکارهێنان لەکاتی ئەرکدا کە تایبەتمەندن بە ژووری ئۆپراسیۆنەوە، دوای سەیرکردنی ئەو بابەتانە ئەگەر کەموکوڕییان هەبێت، پێیان دەڵێین کە تەواوی بکەن و دەستخۆشیان لێ دەکەین، ئەو کەموکوڕییانەی هەیە بۆیان چاک دەکەینەوە، ئەوەی هەڵەی تێدایە بۆیان ڕاستدەکەینەوە، جگە لەوەی ئاڕاستە و ڕێنوێنییان دەکەین و سەبارەت بە ئەرکەکانی ڕۆژانەیانەوە تێبینی گرنگیان پێ دەڵێین، ئێمە زۆر سوپاسی یەکەکان دەکەین هاوکارمان بوون. وەکو بەڕێوەرایەتی پشکنین کاتێک دەچین سەردانیان دەکەین و دەزانین ئەرکەکانیان زۆر سەختە، لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕییانەی کە هەیە، دەزانین پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان هیچ شتێک نەبووەتە بەربەست لە بەردەم ئەرکەکەی کە جێبەجێی نەکات. ئێمە لێرەوە دەستخۆشیان لێ دەکەین و زۆر سوپاسیان دەکەین، لەبەر ئەوەی لە مەیدانی جەنگن و کەسی یەکەمن لە پارێزگارییکردن لە هەرێمی کوردستان، بۆیە زۆر بەدڵفراوانییەوە کەم کوڕییەکانیان لێ وەردەگرین، دوای ئەوەی ڕێنوێنی خۆمانیان پێ دەڵێین و باسی تۆمار و دۆسیە و ئەرکەکانیان بۆ دەکەین و لە کێشە و کەموکوڕییەکانیان دەکۆڵینەوە، دواتر کە لە ئەرکانمان دەگەڕێینەوە، ئەوەی لەوێ بینیومانە هەرکەسە و بە پێی تایبەتمەندی بەشی خۆی دەیکاتە ڕاپۆرت، دواتر هەموو ڕاپۆرتەکان کۆدەکرێنەوە و دەکرێنە ڕاپۆرتێکی گشتی و بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە. ئەمە ئەرکی هەر یەکەیەکە لە بەشەکانی بەڕێوەرایەتی گشتی پشکنین.

عەمید سالار زیاتر گوتی: زیاتر لەگەڵ ئەفسەری ئۆپەراسیۆنی یەکەکان کۆدەبینەوە، وەک ئەفسەری پشکنینی حەرەکات. لەساڵی (٢٠٢٢)دا سەردانی ١١ بارگای لیوامان کردووە. کە چووینە هەر بارەگایەک بێگومان چووینە فەوجەکانیش، هەر لەو ساڵەدا سەردانی نزیکەی (١٢) بەڕێوەبەرایەتیمان کردووە، لەساڵی (٢٠٢٣) پشکنینمان بۆ (٦) بەڕێوەبەرایەتی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە. بۆ لیواکان بەهەمان شێوە وەکو بارەگای لیوا بە فەوجەکانیشەوە، هەروەها پشکنینمان بۆ لیواکانی (١٤، ١٦، ٢٢و ٢٣) کردووە، لە ئێستادا بارەگای فیرقەی یەک و دوومان ماوە، بەپێی پلانی ئەمساڵ، لە بەرنامەی ئەمساڵماندا بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو گۆڕانکارییمان کردووە.

ئەفسەری پشکنەری ئۆپەراسیۆن راشیگەیاند کە (٦) جۆر پشکنینیان هەیە، بەڵام ئەوەی ساڵی پار کردوویانە هەمووی فێرکاری بووە. ئەوەی ئەمساڵ گۆڕانکارییان تێدا کرد، ئەوەیە پشکنینی لەناکاو دەکەن، بێ ئەوەی هیچ کەسێک و ئەو یەکەیە ئاگادار بکەنەوە ڕاستوخۆ دەچن پشکنینان بۆ دەکەن. ئەم جۆرەشیان لەسەر داوای وەزیر دەکرێت یاخود بە فەرمانی سەرۆکی ئەرکان یان بەڕێوەبەری گشتیی پشکنینە. بۆ نموونە، (١٠) لیوا پشکنینی بۆ کراوە، ئاستی (٢) لیوایان زۆر خراپ بووە، لەکاتی وادا، لیژنەکە پێشنیازەکەیان بۆ سەرووی خۆیان بەرزدەکەنەوە، تەنانەت جاری وایە دەگاتە ئەو ئاستەی داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە بکەن فەرماندەی یەکەکە لە پۆستەکەی دووربخاتەوە. ئەمساڵ پشکنینی لە ناکاویان زیادکرد و

# پلانی گشتگیری ساڵانەمان هەیە بۆ پشکنینی هەموو دامودەزگاکانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە

بڕیار وایە ساڵی ئاییندە ئەو پشکنینەیان هەبێت و بیکەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی و یەکەکانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە کە بەدڵنیاییەوە ساڵی (٢٠٢٤) گۆڕانکاری تێدا دەکرێت.

عەمید سالار لەبارەی جۆرەکانی پشکنین رایگەیاند: بە گشتی جۆرەکانی پشکنین بریتین لە پشکنینی فێرکاریی، لەناکاو، ئامادەیی شەڕکردن، تاقیکاریی، پێشبڕکێیی و بەدواداچوون. وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پشکنین، وەک چاوی وەزارەتی پێشمەرگە، دوو بنەمای گشتیمان هەیە کە کاریان لەسەر دەکەین، یەکیان ئەوەیە کێشەو کەموکوڕییەکان کە لە یەکە و لیواکاندا هەیە، دەیبینین و بەراپۆرت بەرزی دەکەینەوە. دووەمیان، دەتوانین بزانین توانای سەربازیی ئەو هێزە لە چ ئاستێکدایە کە لە پشکنینی ئامادەیی شەڕکردن خۆی دەبینێتەوە.

پشکنینی تاقیکاریی نمرەی بۆ دادەندرێت، بەڵام لە پشکنینی بەدواداچووندا دەتوانین دوای سێ مانگ یان شەش مانگ دوای پشکنینی ئەو یەکەیە، دووبارە سەردانیان بکەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین لەو ماوەیە چ گۆڕانکارییەک ڕوویداوە.

ئەفسەری پشکنەری ئۆپراسیۆن لەبارەی پشکنینی پێشبڕکێی گوتی: ئەم جۆرە لە نێوان دوو لیوا یاخود دوو فیرقە دەکرێت و دیاریشی لەسەرە تا ئەوەی لە دەسەڵاتی جەنابی وەزیرە کە دیاری (ئوتومبێل) بداتە ئەو فەرماندەیەی کە باشترین یەکەی هەیە. ئەوە لە نێوان دوو لیوا دەکرێت. لە هەر لیوایەکدا یەک فەوج هەڵدەبژێردرێت، ئەم دوو فەوجە لەچ ئاستێک پشکنین بۆ فەوجێکیان بکرێت فەوجەکەی دیکەش بە هەمان شێوە پشکنینەکەی بۆ دەکرێت، کامیان باشتر بوو بە دڵنیاییەوە دەبێتە یەکەم، یاخود لە نێوان (٣) لیوا (٣) فەوج هەڵدەبژێردرێت، یان لە نێوان (٤) فیرقە دەکرێت، (٤) لیوا هەڵدەبژێردرێت. ئەوە جۆرەیان ئەرکەکەیان دیاری دەکات، پێی دەڵێن پشکنینی پێشبڕکێ.

عەقید ئیبراهیم یوسف ئەحمەد ئەفسەری پشکنەری کارگێڕیی لەبارەی کار و ئەرکەکانیان گوتی: ساڵانە کۆنفرانسێکمان هەیە، لە کۆتایی ساڵدا ئەو کار و چالاکییانەی کردوومانە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە نمایشی دەکەین. هەوڵدەدەین لەسەر یەک سیستم دیاریکراو، کرداری فێرکاریی ئەنجام بدەین. ئێمە هەوڵمانداوە تۆمارەکان (سجلات) بکەینە زمانی کوردی، ئەوە هەنگاوی یەکەم بوو لە وەزارەتی پێشمەرگە، چونکە تۆمارەکان هەر کەسە و لەسەر هزر و بیری خۆی دروستیان دەکرد. ئێمە لەئێستادا سوودمان لە سوپای عێراق وەرگرتووە، بۆ ئەو مەبەستە ئێستا تۆمارەکان لە هەموو بەڕێوەبەرایەتی و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەردەستە و کاری لەسەر دەکەن، کە دەچینە لایان فێریان دەکەین چۆن بەکاری بێنن. کە تایبەتمەندیی کەسەکان تۆمار دەکرێت، پارێزگاری لێ دەکرێت و وەک ئەرشیفێک بۆ ئەو یەکانە دەمێنێتەوە.

لەبارەی کێشە و گیر و گرفتەکانیان روونیکردەوە کە لە ڕاستیدا زۆر ئاستەنگ لەبەردەم کارەکانماندا هەیە، هەندێکیان پەیەندیی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە، چونکە ئەو تۆمارانە تا ئێستا بۆ لیواکان چاپ نەکراون، یەکەکان لەسەر ئەژماری خۆیان دروستی دەکەن کە بووەتە بارگرانی بە سەریانەوە، داوامان کردبوو چاپ بکرێن، بەڵام جێبەجێ نەکراوە، داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین بە دواداچوون بکات بۆ ئەو بابەتە کە بابەتێکی گرنگە لە ناو یەکەکاندا، بۆ ئەوەی ئەو تۆمارانە ئامادە بکرێت و ئەو یەکانە کاری لەسەر بکەن. کەموکوڕییەکان لەبەشی کارگێڕیی یەکەکان زۆرن، کە ئەرکی من ئەوەیە سەردانی بەشی کارگێڕیی یەکەکان بکەم کە زۆر لەوانەی کاری تێدا دەکەن بە پێی ڕشتەی خۆیان نییە. بە شێوەیەکی گشتی، قوتابخانەی ڕشتەمان نییە، چونکە ڕشتە زۆر گرنگە لەناو سوپادا هەبێت کە هەر یەکە بەپێی شوێنی خۆی لەو ڕشتەیەدا کار بکات کە بەمەش کاری باشتر ئەنجام دەدەن. زۆرێک لە کارگێڕیی یەکەکان کارمەندی زیرەکیان نییە کارەکان بکات، ئەوەش دەبێتە هۆکاری لاوازیی بەشی کارگێڕیی ئەو یەکەیە. ئێمە لەگەڵیان دەبین، ئەمە هەنگاوی یەکەمە، وەزارەتی پێشمەرگەش دەبێت هاوکارمان بێت لەسەرخستنی ئەو پرۆسەیە، وەک کاری خۆم چاوپێکەوتن دەکەم لەگەڵ (ر.ع)ی یەکەکان و زۆر گرنگە ئەگەر (ر.ع)یەکی باش هەبێت، ئەوکات کارەکانیان زۆر ڕێکوپێکتر دەبێت. چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرماندەی سرییەکانیش دەکەم و لە نزیکەوە دەیانبینم و لە کەموکوڕییەکانیان دەکۆڵمەوە، تا ئاستێک هەوڵی چارەسەری کەموکوڕییەکانم داوە.





# مەشقی پێشمەرگە بەردەوامە

● ئامادەکردنی: ڕەنج جەعفەر

بەڕێوەبەرایەتیی مەشقی سەربازیی بەپێی پلانی دیاریکراوی، لەکۆتایی هەموو ساڵێک، بەهاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان، کۆلێژی ئەرکان و بنکەکانی مەشق و فێرگەکانی جەنگ، لەژێر سەرپەرشتی فەرمانگەی ئۆپراسیۆنەکان، بەرنامەی مەشقی خۆی دادەڕێژێ.

ئەم بەرنامە مەشقییە لەسەر دوو ئاستدا جێبەجێدەکرێت. یەکەم ئاست ئەو پلانە مەشقییەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە خولەکانی بنەڕەتی و پێشکەوتوو بۆ ڕشتەکانی پیادە، کارگێڕی، ئەندازەی سەربازی، تۆپهاوێژی و ڕشتەکانی دیکە. ئاستی دووەمیان ئەو خولانەن کە هاوپەیمانان بە هاماهەنگیی لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی دەیکەنەوە بۆ ئەو چەک و ئامێرە سەربازییە نوێیانەی هاوپەیمانان دەیبەخشنە هێزی پێشمەرگە.

### خولەکانی هێزی پێشمەرگە

بەپێی کارو چالاکییەکانی کۆلێژی ئەرکان و بنکەکانی مەشقی سلێمانی، دهۆک، کەرکووک و بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی و فێرگەی مەشقی پلەنگەکانی زێرەڤانی و بنکەی مەشقی ڕاهێنان و چاککردنەوەی ئامێرەکانی هارس، لە مانگەکانی تەمووز و ئاب و ئەیلوولدا ٤٨ خولی جۆراوجۆر کراونەتەوە کە ١٥٢ ئەفسەر و ٣٠٠٠ کارمەند بەشدارییان کردووە.

کۆلێژی ئەرکان خولی ئەفسەری ڕوکنی بۆ ٢١ ئەفسەر و خولی فەرماندەی یەکەی بۆ ١١ ئەفسەری ژمارەیەک لیواکانی پیادەی هێزی پێشمەرگە کردووەتەوە، هەروەها ١٢ ئەفسەر بەشداریی خولی سەرکردایەتیی ژمارە ٦٩ی کردووە لە کۆلێژی سەرکردایەتیدا.

بنکەی مەشقی سلێمانی ٤ خولی کردووەتەوە کە بریتیین لە خولەکانی مەشقی کۆ، بنەڕەتی، هەواڵگریی بنەڕەتی، مەشقی کۆی پێشکەوتوو کە ٣٨ ئەفسەر و ٩٧٨ پێشمەرگە بەشدارییان تێدا کردووە. بنکەی مەشقی دهۆک ٧ خولی بۆ لیواکانی سنوورەکەی ئەنجامداوە کە ١ خولی کۆی بنەڕەتییە، ١ خولی کۆی پێشکەوتوو، ١ خولی هەواڵگری، ٢ خولی کۆماندۆ، ١ خولی شەڕی ناوشار و ١ خولی پزیشکیی بووە کە کۆی بەشداربووان ٢٠ ئەفسەر و ٨٧٦ پێشمەرگە بوون. بنکەی مەشقی کەرکووک ٢ خولی ئەنجامداوە کە خولی مەشقی کۆی بنەڕەتی و خولی مەشقی کۆی پێشکەوتووە بۆ دوو فەوجی لیوای ١٧ و ٢٢ کە ٣٠ ئەفسەر و ٦٥٠ پێشمەرگە بەشدارییان کردووە.

بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی ١٥ خولی جۆراوجۆری بۆ یەکەکانی پێشمەرگە ئەنجامداوە کە لە بوارەکانی بزوێنەری هەمەر، چەکی بی کەی سی، ئەندازەی سەربازی، تەقەمەنی، کۆگاکردن و ئامێری بەرزکەرەوە و کاری لۆجستیی بووە کە ١٢ ئەفسەر و ١٦٤ پێشمەرگە لە کۆی خولەکاندا بەشدارییان کردووە. هەروەها فێرگەی مەشقی پلەنگەکانی زێرەڤانی ١٥ خولی جۆراوجۆریان کردووەتەوە لە بوارەکانی پزیشکیی، شەڕی ناو شار، نیشانەشکێن، دانانی خاڵی پشکنین و خوێندنەوەی نەخشە بووە کە لە کۆی خولەکاندا ٣٠١ پێشمەرگە سودمەندبوون.

# کۆلێژی ئەرکان

# دامەزراوەی باڵای پێگەیاندنی فەرماندەکانی ئەرکان

**کۆلێژی ئەرکان وەک دامەزراوەیەکی باڵای زانستی سەربازیی بۆ پێگەیاندن و ڕاهێنان و بنیاتنانی فەرماندەی باڵا و سەکردەی ڕشتەکانی سوپایەکی مۆدێرن، هەروەها پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئەکادیمی بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵی سەربازیی، ساڵانێکە وەک قوتابخانەیەکی زانستی سەربازیی خزمەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات. لەم سۆنگەیەوە بۆ ئاشناکردنتان بەو دامەزراوە گرنگە، لە بەسەرکردنەوەیەکدا گۆڤاری پێشمەرگە بەشێوەیەکی مەیدانی کۆلێژی ئەرکانی بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە وردەکارییەکانی ئەم دامەزراوە زانستییە دەخاتەڕوو.**

● ئامادەکردنی: موقەدەم ئەحمەد مەلاشێخ

**بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا ڕاگری کۆلیژی ئەرکان، عەمید روکن ڕێبوارکەریم عەلی لەبارەی سەرەتای دامەزراندنی کۆلیژەکە گوتی:** بیرۆکەی دامەزراندنی کۆلیژی ئەرکان کە بە هەوڵ و کۆششی ڕەوانشاد فەخامەتی جەنابی مام جەلال و کۆمەڵێک ئەفسەری خەمخۆرەوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢وەوە گەڵاڵەکرا و لە ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ دامەزرا و بە فەرمی کرایەوە، لەوکاتەوە تاکو ئێستا بە بەردەوامی بە هەردوو ئاراستەی ئاسۆیی ستوونی لە فراوانبوون و خزمەتی بەردەوامدایە، چەندین خولی جۆراوجۆری کردووەتەوە و دەیان ڕۆڵەی گۆشکراوی بە زانستی سەربازیی و گیانی وەرەبەرزیی کوردایەتی پێگەیاندووە و پێشکەشی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە، هەروەها ئێمە هەمیشە لێبڕاوانە لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامداین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مۆڕالی ئەفسەران و ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی بەردەوامی پڕۆگرامەکانی خوێندن لە کۆلێژەکەمان.

ڕاگری کۆلیژ سەبارەت بە بەش و پێکهاتەکانی کۆلێژی ئەرکان گوتی: کۆلێژی ئەرکان پێکهاتووە لە ڕاگرایەتی کۆلیژ و چوار باڵ (جناح)، ئەوانیش (باڵی ئەرکان، باڵی ڕابەرایەتی (القیادە)، باڵی مەشق و هەماهەنگی، باڵی کارگێڕی) کە ئەم پێکهاتەیە هاوشێوەی کۆلیژە ئەرکانەکانی جیهانە، هەروەها هەر باڵەو تایبەتمەندی و ئەرکی خۆی هەیە و بەپێی تایبەتمەندیی خۆیان کارەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن.

لەڕووی پێداویستیی کۆلیژێکی لەم شێوەیە، عەمید ڕوکن ڕێبوار ڕوونیکردەوە: هاوشێوەی گشت هێزە چەکدارەکانی جیهان، بێگومان هەر قەوارە و پێکهاتەیەکی کارگێڕیی و سیاسی کە هێزێکی سەربازیی خۆی هەبێت، هەبوونی کۆلێژی ئەرکان گرنگە بۆ پێگەیاندنی فەرماندەی بەتوانا و لێهاتوو لەڕووی زانستی و سەربازییەوە کە


عەمید روکن ڕێبوار عەلی کەریم

بەدڵنیاییەوە پێگەیشتنی ئەفسەرێکی فەرماندە و سەرکردە بۆ ئۆپەراسیۆن و جیهانبینی سەربازیی بەبێ بەشداریکردنی لە خولەکانی ئەرکان زۆر دەگمەن و ئەستەمە، بۆیە کۆلێژی ئەرکان بۆ ئێمە و سوپا جیهانییەکانیش پێویستییەکی بێ چەندوچونە.

سەبارەت بە مەرجەکانی وەرگرتنی خوێندکار، ڕاگری کۆلیژ باسی لەوە کرد کە وەرگرتنی خوێندکار کۆمەڵێک مەرج و ڕێوشوێنی تایبەتی هەیە لەوانە:

**أ- هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە زانستی سەربازیی.**

**ب- پلەی ئەفسەر لە (ملازمی یەک تا ڕائد) بێت.**

**ج- دەرچووی خولی ڕابەرایەتی (قیادە) بێت.**

**د- لە هەڵسەنگاندنی کێبڕکێی (اختبارات تنافسی) سەرکەوتوو بێت.**

**هـ- تەمەنی لەگەڵ پلە سەربازییەکەیدا گونجاو بێت.**

سەبارەت بە هەماهەنگی کۆلیژی ئەرکان لەگەڵ زانکۆ سەربازییەکانی عێراق و جیهان، ڕوونیکردەوە: لەگەڵ دامەزراوە زانستییەکانی عێراق بەتایبەتی کۆلێژی ئەرکانی عێراق هەماهەنگییەکی زۆر باشمان هەیە و لە پەیوەندییەکی بەردەوامداین، سەبارەت بە بەرنامە و پرۆگرمەکانی زانستی سەربازیی و کردنەوەی خول و پەیوەندی نێوان مامۆستا و پسپۆڕانی

41


باڵی مەشق (عەمید روکن بەشیرحەبیب)


بالی سەرکردایەتی (عەمید روکن تۆفیق خدر ئەحمەد)


بالی کارگێڕی (عەمید ئازاد عەبدولڕەحمان)

بـواری سـەربازییدا زانیاریـی و بیروبۆچـوون ئاڵوگۆڕدەکەین.

عەمیـد روکـن ڕێبوارکەریـم لەبـارەی گونجانـی پرۆگرامەکانی خوێنـدن لەم قۆناغەدا گوتی: لەم قۆناغەدا پرۆگرامی خوێندن لە کۆلیژی ئەرکان تا ڕادەیەکی باش گونجاوە، ئەگەرچی بەگوێرەی ئەو پێشکەوتنە جیهانییە نییە کە لە بواری سەربازییدا لـە ئارادایە، چونکە لـەم دوو دەیەیەی ڕابردوودا زانسـت و تەکنەلۆژیای سـەربازیی بازی گەورەی داوە بە تایبەتی لەڕووی تەکنەلۆژیای سـەربازیی زیـرەک و پێشـکەوتووەوە، چ لەلایەنـی چەک و چۆڵ و گۆڕانی خێرا لە جۆر و گۆڕەپانەکانی شەڕ و ململانێی سەربازییە زۆر ورد و پێشکەوتووکان، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لە هەوڵی گۆڕانکاریی و خۆگونجاندنین بە جۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستییەکانی زانستی سەربازیی سەردەمیانە لە پێناوی پێگەیاندنی فەرماندەی نوێ و کاریگەر و ئاشـنا بە تەکنۆلۆژیای سـەربازیی، ئەگەر چی هێشتا لەئاستی داخوازیی ئێمەدا نییە.

هەروەهـا لەبـارەی ئاسـتی دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی کۆلێـژی ئـەرکان لەلایـەن وەزارەتـی پێشـمەرگەوە، ڕاگەیانـد: ئاسـتی دابینکردنی پێداویسـتییەکان لەلایـەن وەزارەتی پێشـمەرگەوە تـا ڕادەیەک باشـە، هەرچەندە بە گوێرەی خواست و داخوازی ئێمە نییە.

سـەبارەت بە هەماهەنگی کۆلێژی ئەرکان لەگەل هێزەکانـی هاوپەیمانـان و تێڕوانینـی ئـەوان بۆ کۆلیژەکـە، ڕاگـری کۆلیـژ روونیکـردەوە: ئێمە هەماهەنگییەکـی باشـمان لەگـەڵ هێزەکانـی هاوپەیمانـان هەیە و بـەردەوام لە پەیوەندیداین، ئـەوان لـە ئاسـتێکی بەرز لـە کۆلێـژی ئەرکان دەڕوانن و هاوکارێکی باشن.

**جێگـری ڕاگرایەتـی کۆلێـژی ئـەرکان، عەمیـد ڕوکـن موحسـین خزر خەڵەف لەبارەی ئاسـت و هەڵسـەنگاندنی کۆلێژەوە گوتی:** بـە بەراورد بە تەمەنی، کۆلێژەکەمان لەئاسـتێکی زۆر باشدایە. تاکو ئێسـتا حەوت خولی ئەرکانی دەرچوواندووە و ئێسـتاش خولّی هەشـتەمی ئەرکان لە سـاڵی دووەمـی خوێندنـدایـە و زیاتـر لە بیسـت خولی ڕێبەرایەتی (قیادە)ی و حەوت خولی پەرەپێدانی کردووەتـەوە. بەدرێژایـی سـاڵ خوڵەکانمـان بەردەوامـن و بە ڕێنمایـی بەڕێز ڕاگر و چاودێری بەردوامی ئێمەمانان کە ڕاسـتەوخۆ بەرپرسین لە مەشـق و خوێندن، هەروەها هەوڵ و گرنگیپێدانی مامۆسـتا بەڕێـزەکان، مـن کۆلێژی ئـەرکان لە ئاسـتێکی بـاڵادا دەبینم بە تایبەتیـش کە بەڕێز سـەرۆکایەتی ئەرکانی وەزارەت و خودی جەنابی سەرۆک ئەرکان گرنگی بە کۆلێژی ئەرکان دەدەن و بە وردی چاودێریی هەنگاوەکانی دەکەن.

لەبـارەی بەڕێوەچوونـی کاروبارەکانـی کۆلێـژ، ڕوونیکـردەوە: تایبـەت بـە وانەکان، دەسـتەی خوێنـدن و مامۆسـتایانی پێشـکەتوو (المدرس الاقـدم)ی بالّـی وانەوتنـەوە، ڕۆژانـە کورتەیەک دەربـارەی ئـەو وانەیـەی کـە ڕۆژی پێشـتر خوێندوویانە لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەک لە وانەکانی ڕۆژی نـوێ پێشـکەش دەکرێ، مەبەسـتیش لەم کورتەیە ئەوەیە کە مامۆستا و فێرخواز لەسەر یەک ڕێڕەوی زانستی هاوبەشدابن. ڕۆژانە پێنج کاتژمێر وانە دەخوێندرێت کە هاوکات هەڵسەنگاندنی خێرا یان کویـز ئەنجامدەدرێت، هەروەهـا لە ڕاهێنانی ناو هۆڵی خوێندنـدا ڕوونکردنەوە دەدرێت کە بۆ ڕاهێنانـی دەرەوە و ڕاهێنانـی پشـکنینە. جگـە لەمـەش ڕۆژانـە ڕاپۆرتی جێگری ڕاگـر بە بەڕێز ڕاگـری کۆلیـژ دەدرێـت و تێبینییەکانی ڕۆژانەی جەنابـی ڕاگـر لەبەرچاودەگیرێـت، ئەمـەش بۆ پەرەپێدانی مەشق و خوێندنە.

سـەبارەت بـە هاوکاریی و هەماهەنگـی لە نێوان باڵـەکان جێگـری ڕاگـر گوتـی: بـەو پێیـەی جێگری ڕاگر بەرپرس و سەرپەرشـتیاری مەشـق و ڕاهێنانەکانـی باڵەکانە، بە شـێوەیەکی خولی کاری لەسـەردەکات، بۆیـە هەماهەنگییەکی باش هەیـە چ بـە کۆبوونەوە یان لە ڕێگای سـەردانی ڕۆژانەمان بۆ باڵەکان و فەرماندەیی مامۆسـتایان و خوێنـدکارەکان بۆ کارکردن لە ئاسـتێکی باش و بە شێوەی پرسیار و گفتوگۆی لۆژیکیانە لەناو هۆڵی وانە خوێندن یان لەسەر مێزی لم (**المنضدة الرملیـة**) یاخود لەکاتـی ڕاهێنانی دەرەکییەوە، هەروەهـا هەڵسـەنگاندنی ڕۆژانـەی خوێندکاران لەلایەن مامۆسـتاکان و بەرزکردنەوەی وێنەیەکی ئەوهەڵسـەنگاندنانە بـۆ جێگری ڕاگـری کۆلیژی ئـەرکان کە ئـەم ڕاپـۆرت و هەڵسـەنگاندنانەی ڕۆژانـە جێگای سـەرنج و تێڕامانن لە دەرچوونی کۆتاییدا.

## ● باڵی ئەرکان

باڵـی ئـەرکان یەکێکـە لـە بەشـە گرنـگ و هەسـتیارەکانی کۆلێـژی ئـەرکان کـە ئەرکـی سـەرەکی دانانـی بەرنامە، پرۆگرامـی وانەکان، ڕاهێنـان، وانەپێـدان و پێگەیاندنی ئەفسـەرانی بەشداربووی خولەکانی ئەرکانە. بۆ ئەم مەبەستە، لـە بەسـەرکردنەوەیەکی گۆڤـاری پێشـمەرگە، **سەرۆکی باڵی ئەرکان، عەمید روکن، هاشم قاسم زەینەڵ سـەبارەت بە پەیکەری ڕێکخسـنی باڵی ئـەرکان ڕوونیکـردەوە:** ئەم باڵـە پێکهاتووە لە سـەرۆکی باڵ، مامۆستایەکی پێشکەوتوو (مدرس الاقدم)، مامۆسـتای ڕێکخستن، شەش مامۆستای کۆمەڵـەکان، مامۆسـتای دەریایـی، مامۆسـتای ئاسمانی و نووسینگەی باڵ.

**دەربـارەی پرۆگـرام و وانەکانـی خوێندن چین و تاچەند لەگەڵ سـەردەمی ئێسـتای تەکنەلۆژیای نـوێ گونجاون و بە گشـتی چەنـد کاتژمێر وانە دەخوێنـن، فەرمانـدەی باڵـی ئـەرکان گوتـی:** هەموو ئەو وانانەی کە لە کۆلێژەکانی سـەربازیی خوێنـدراون لێـرە بەشـێوەیەکی فـراوان و بـە پڕاکتیکی و تیۆریی دەخوێندرێن، لەگەڵ چەندین وانـەی تری تیۆریی و پراکتیکی. بە شـێوەیەکی گشتی نزیکەی دووهەزار کاتژمێر وانە دەخوێندرێت کـە (١٤٣٧) کاتژمێر تیۆرییە و (٥٥٧) کاتژمێر پڕاکتیکییە. سـەبارەت بە گونجانی پرۆگرامەکان لەگەل سـەردەمدا تـا ڕادەیەک گونجـاون، بەڵام بەهـۆی خێرایـی لـە پێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیا و چەک و چۆلی سـەربازیی نەخێـر، چونکە جولّە و ئۆپەراسـیۆن و شەڕەکانی سەردەم لە ئێستادا بەشـێوەی غافڵگیرییـە (المباغتـە) بـە بەراورد لەگەڵ شـەڕە کۆنەکانـدا، هەرچەندە تا ڕادەیەک

پارێزگاریی لە هەندێک بنەما سەرەکییە کۆنەکان کراوە، بۆیە پێویستە باڵی ئەرکان وباڵی مەشق هەموو بابەتەکان نوێبکەنەوە، کە مەبەست لەوە یەکخستن ورێکخستن و هەڵگرتنی وانەکانە لە فلاش میمۆریدا و دواتر بکرێن بە داتاشۆ بۆ ئەوەی لە خوێندنی تیۆرییدا پیشانی خوێندکارەکان بدرێن، هەروەها پێویستە لیژنەیەک لە باڵەکانی ئەرکان و مەشق پێکبهێنرێت، دوای تەواوبوونی ئەو خولەی ئێستا، ئەمەش بۆ چاوخشاندنەوە و یەکخستنی نامیلکە و کوراسەکان، هەروەها پێویستە نەخشەی نوێی سەربازیی تایبەت بە کۆلێژ لە کاغەزی باش و دژەئاو چاپبکرێن بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاربهێندرێن.

سەبارەت بە پێداویستییەکانی فێرکردن و تا چەند گونجاون، ڕاگەیاند: بە دڵنیایەوە هەموو پێداویستییەکان لەبەردەست نین، هەر لە بچووکی و نەگونجانی هۆڵەکانی خوێندن. پەنجەرەکان بچووکن وەک پێویست ڕووناکی دابین ناکەن، هەروەها نەبوونی ئامێرەکانی ڕووناککردنەوەی فێرکردن گرفتێکی دیکەیە.

دەربارەی ژمارەی خوێندکاران لە هەر خولێکی ئەرکاندا گوتی: ژمارەی وەرگیراوان هیچ کاتێک لە (٣٣) خوێنکار زیاتر نییە، ئەمەش بە هۆی بچووکی هۆڵەکانی خوێندن و کەمی ژوری نووستن و شوێنی مانەوە و حەوانەوەی خوێندکارەکانە.

## ● باڵی ڕێبەریکردن (سەرکردایەتی)

یەکێکی ترە لە باڵە زانستییەکانی بواری مەشق و ڕاهێنانی ئەفسەران کە بەشێوەی تیۆریی و پراکتیکی لە چەند بوارێکی تایبەتیدا بۆ ئەفسەران خول دەکەنەوە. لەبارەی جیاوازیی نێوان خولەکانی باڵی ئەرکان و باڵی ڕێبەری، فەرماندەی باڵی سەرکردایەتی، عەمید ڕوکن، تۆفیق خدر ئەحمەد ڕوونیکردەوە: دوای بەشداریکردنی ئەفسەر(خوێندکار) لە خولی سەرکردایەتی (القیادە) و تەواوکردنی بە سەرکەوتوویی، ئەوا ئامادە دەبێت لە خولی ئەرکان بەشداربێت، بەڵام دوای هەڵسەنگاندنی کێبەڕکێ (الاختبارات تنافسیە)ی تایبەت بە خولی ئەرکان، بەشداریکردنی لە خولی ئەرکان و دەرچوونی لە تاقیکردنەوەکان، ئەوا بڕوانامەی ماستەری لە زانستە سەربازییەکان پێدەدرێت.

سەبارەت بە جۆری خولەکان و ماوەی خولەکان، عمید ڕوکن تۆفیق گوتی: چەند جۆرە خولێک دەکەینەوە، ئەوانیش خولی سەرکردایەتی بۆ ئەفسەران، خولی فەرماندەی یەکەکان، خولی ئەفسەرانی ڕوکنی ئۆپەراسیۆنەکان و خولی ئەفسەرانی ڕوکنی مەشق کە هەریەکەو ماوەی خول و وانە و مەشقەکانیان جیاوازن. خولی سەرکردایەتی ماوەکەی پێنج مانگە، ئەو وانانەی لەم ماوەیەدا دەخوێندرێن بریتیین لە: ئەرکەکانی ئەرکان (واجبات ارکان)، خۆسازدان و پلاندانان (تعبئة والتخ×ی×)، کارگێڕیی یەکەکان لە کاتی ئاشتیدا (ئیدارە وحدە فی سلم)، هێما و زاراوە سەربازییەکان، زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، مەشقی شەڕ، شەڕی تایبەت، کۆمپیوتەر، هەواڵگری، نەهێشتنی تیرۆر (مکافحە الارهاب)، وانەکانێ سیستمی (GPS).

خولی فەرماندەیی یەکەکان کە ماوەکەی دوومانگە و چەندین وانەی چڕوپڕی فەرماندەیی و ڕێبەریکردن دەخوێندرێت، هەروەها هەردوو خولی ئەفسەرانی ڕوکنی ئۆپەراسیۆن و خولی ئەفسەرانی ڕوکنی مەشق، ماوەی خولەکان چل و پێنج ڕۆژە و تێیدا بەشداربووان بە باشی بۆ ڕشتە و پیشەکانیان ڕادەهێنرێن.

سەبارەت بە ژمارەی بەشداربووانی خولەکان بەشێوەی گشتی، فەماندەی باڵ عەمید ڕوکن تۆفیق گوتی: بەپێی تەمەنی کۆلێژ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەران خولیان بینیوە، لەوانە (٥٠٩) ئەفسەر خولی سەرکردایەتیان تەواوکردووە، هەروەها (١٣٠) ئەفسەر خولی فەرماندەی یەکەیان بینیوە، خولەکانی ئەفسەرانی ڕوکنی ئۆپەراسیۆن (٤٨) ئەفسەرن، خولی مەشق (١٤) ئەفسەر بەشداریانکردووە.

## ● باڵی مەشق و هەماهەنگی

یەکێکە لە باڵە زیندوو و ئەکتیڤەکانی کۆلێژی سەربازیی کە ئەرکیان ئامادەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و مەشق و ڕاهێنانەکانە لەگەڵ دروستکردنی هەماهەنگی لەگەل کۆلیژە سەربازییەکانی هاوتای خۆیان و یەکە سەربازییە جۆراوجۆرەکان و دروستکردنی هەماهەنگییە لەگەل فەرمانگە و دامەزراوە شارستانییەکانیش لەکاتی پێویستدا، بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەی باڵی مەشق و هەماهەنگی، عەمید ڕوکن بەشیر حەبیب بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دواو گوتی: ئەرکەکانمان بریتییە لە ئامادەکردنی پرۆگرام و بەرنامەکان بۆ خولەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ باڵی سەرکردایەتی بۆ دابەشکردنی وانەی زانستی و پرۆگرامی خوێندن لە کۆلێژی ئەرکان بەپێی وەرزەکانی خوێندن بەشێوەیەکی یەکسان، هەروەها پێشنیازی بابەتە زانستییەکان بەپێی پرۆگرامی خوێندن. جگە لەوەش سەرپەرشتی و ئامادەکردنی پرۆگرامی خول بە گشتی و هەماهەنگی لەگەڵ باڵی ئەرکان و باڵی سەرکردایەتییە بەپێی ڕێنماییەکانی بارەگای کۆلێژی ئەرکان. دڵنیابوونیشە لە بابەتەکانی زانستی کە بۆ خولەکان دەستنیشانکراون. ئەرکێکی دیکە ئامادەکاریی و بەدواداچوونی تایبەت بە سەردانیکردنی خولەکان بۆدەرەوەی کۆلیژی ئەرکان و وەرگرتنی ڕەزامەندی لەو شوێنانەی خولەکان سەردانی دەکەن، فەرمانگەی شارستانی یان یەکەی سەربازیی بێت.

ڕاشیگەیەند: ئەرکێکی تری باڵی مەشق و هەماهەنگی بەردەوام بوونی پەیوەندییە بەپێی ڕێنماییەکان لەگەڵ کۆلێژەکانی بیانی و کۆلێژی ئەرکانی بەغدا، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی نوێترین زانیاریی سەربازیی لەسەر نامیلکەی مەشقی سەربازیی و وانەکان بە شێوازی زانستی سەربازیی سەردەمیانەی پێشکەوتوو، پێشنیازکردنی هەموو ئەوانە بۆ جێبەجێکردنی لە کۆلیژەکەمان. ئەرکێکی ترمان دڵنیابوونە لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی خوێندن بە شێوازی زانستی، ئەوەش بە هەماهەنگییە لەگەڵ باڵەکانی ئەرکان و سەرکردایەتی.

**دەربارەی داڕشتنی بەرنامە و پرۆگرامەکان، عەمید ڕوکن بەشیر ڕوونیکردەوە:** پرۆگرام و بەرنامەکان خۆمان دایدەڕێژین، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ بارەگای کۆلیژی ئەرکان و باڵەکانی ئەرکان و سەرکردایەتییە.

لەسەر بوونی پێداویستییەکان و کەموکوڕی لە بواری ئامێرەکانی فێرکردن و ڕوونکردنەوە ئاماژەی بەچەند پێداویستییەک کرد لەوانە: ئامێری فۆتۆکۆپی پێشکەوتوو کە بتوانێت بەشێوەیەکی خێرا نامیکەکانی خوێندن چاپبکاتەوە، هەروەها دابینکردنی شاشەی دیجیتاڵی بۆ ژووری نەخشەی مێزی لم کە یاریدەدەرێکی دیکەیە لەوەی فێرخوازان باشتر وێنەکان ببینن، جگە لەوانەش کەرەستەی وەک لاپتۆپ و پێداویستی کۆپیکردنی نەخشەی سەربازیی لە پێداویستییەکانی گەشەپێدانی زیاتری پرۆسەی خوێندنە لە کۆلێژەکەمان.

## ● باڵی کارگێڕیی

کارگێڕییەکی تۆکمە و تەندروست بڕبڕەی پشتی هەر دامەزراوە و فەرمانگەیەکە. باڵی کارگێڕیی کۆلێژی ئەرکان بە بەردەوامی سەرقاڵ و مشورخۆری پێداویستییەکانی کۆلێژە. لەم سۆنگەیەوە ڕوومان لە فەرماندەی باڵی کارگێڕیی، عەمید ئازاد عەبدولڕەحمان کرد و سەبارەت بەو گیروگرفتانەی هەیانە، ڕوونیکردەوە: قورسترین کێشە لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکان بریتییە لە کەلوپەلی زستانە و هاوینە، هەروەها ئامێرە کارەباییەکان و کەلوپەل و پێداویستی بۆ ژوورەکانی ئەفسەران و خوێندکاران، لەگەڵ تایە و پاتری و سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلەکانمان کە لایەنێکی دیکەی ئەو گرفتانەیە .سەبارەت بە هاوکاریی و هەماهەنگیان لەگەڵ بارەگای کۆلێژ و بەتایبەتی ڕاگری کۆلیژ بۆ هاوکاریکردنیان لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی کەموکوڕییەکانەوە گوتی: بەڕێز ڕاگری کۆلێژ و بارەگای کولێژ بەتەواویی هاوکار و پشتیوانمانە و بە هەمیشە بەدەم خواست و داواکارییەکانمانەوە دێن. پێویستییەکانمان لە کۆلێژ و لە سەرچاوەکانی کۆلێژەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک وەردەگرین، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر کەم پێویستییەکان لە سەرووی خۆمانەوە دابیندەکرێت.

## تەکنەلۆژیای زانیاریی

# هەنگاوێکی زانستی کارگێڕیی لە ستراتیژی وەزارەتی پێشمەرگەدا

● ئامادەکردنی: عەمید ستار عبدالكريم

**تەکنۆلۆژیای زانیاری دەتوانرێت وەک کۆمەڵێک ئامراز و پرۆسیس و ئامێر بۆ کۆکردنەوە و رێکخستنی زانیارییەکان پێناسە بکرێت، ئامانج لێی کۆکردنەوە و پرۆسیسکردن و هەڵگرتنی زانیارییەکانە، نموونەی ئەم ئامرازانەش بریتین لە: کۆدکردن، بەرنامەسازی، هەڵگرتن، وەرگرتنەوە و شیکاری سیستەمەکان، هەروەها بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین، تەکنۆلۆژیای زانیاری بریتییە لە کارپێکردنی ئۆفیسەکانی ئۆتۆماتیکی، پەیوەندییەکان و ماڵتیمیدیا، هاوکات تەکنۆلۆژیای زانیاری بە ئامرازێک دادەنرێت کە لەرێگەیەوە دەتوانرێت زانیاریی ورد و فراوان لەڕووی ژمارەوە لە ناو سیستمێکەدا هەڵبگرێت و پرۆسێسی بکات و لە ناوخۆیدا کاری خۆی ئەنجام بدات، بە پێی ئەو خواستانەی لە دەرەوە داوای لێدەکرێت بە خێرایی زانیاریی تەواو دەخاتە بەردەست. جگە لەوە، هەموو شتێکی کۆمپیوتەر لە خۆدەگرێت وەکو تۆڕەکان، ماڵپەرەکان و پەیوەندییە وایەرلێسەکان کە سەدان و هەزاران ئەرک هەن دەکەونە چوارچێوەی کاریگەریی تەکنۆلۆژیای زانیارییەوە.**





لەم چوارچێوەیەدا، عمید بەختیار خودادا بۆ گۆڤاری پێشمەرگە گوتی وەزارەتی پێشمەرگە گرنگیی تایبەتی بە بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری داوە و لەم روانگەیەشەوە بەشێکی تایبەت بەم بوارەی هەیە، ئەمەش بە مەبەستی بە ئەلیکترۆنیکردنی سەرجەم کارەکان و رێکخستنەوەی سەرجەم داتاکان بە شێوەیەکی زانستییانە، ئەم بەشە لە چەند یەکەیەکدا کارەکانی رێکخستووە کە خۆی دەبینێتەوە لە سیستمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان، کە بریتییە لە کۆمەڵێک پرۆسەی پلاندانان و رێکخستن و ئاراستەکردن و چاودێریکردنی هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە ئەفسەر و کارمەندان و تاکەکان لە بواری کارگێڕیی کە بە شێوەی سیستمی ئەلیکترۆنی کارەکانیان رایی دەکرێت، لەرێگەی ئەم سیستمەوە دەتوانرێت پلانەکان دابنرێت، وەک پلانی دوورمەودا و کورت مەودا لە خەملاندنی هەموو پێداویستییەکانی داهاتوو لەڕووی دیاریکردنی پێویستییەکان بە پێی پسپۆرییەکان، زانینی رادەی کەمی کار یان زێدەمیلاکی تاکەکان، پلاندانانی دۆخی داهاتوو بە ئامانجی جێبەجێکردنی پێویستییەکانی فراوانکردنی توانا مرۆییەکان، هاوکات زۆر بابەتی فراوانی دیکە لەبارەی توانا و هێزدا، کۆمەڵێک بەش هەن کە سەرچاوە مرۆییەکان پێکدەهێنن، ناونانی ئەم بەشانە لە وەزارەتێک

یاخود دەزگایەک جیاوازە لە ئەوانیتر.
ئەرکی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکانە مامەڵە لەگەڵ بەڕێوەبردنی تاکەکان بکات لە شوێنی کارەکانیان بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژی و کارگێرییەکانی وەزارەت لە ڕێگای پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەت و ڕێکارەکان کە بریتییە لە تۆمارکردنی زانیاریی وردی تاکەکان و کارمەندان و نوێکردنەوەی دۆسییە و داتاکانیان و ناوی کارەکانیان. بە دواداچوون بۆ جوڵەی کارمەندەکان تەنانەت تۆمارکردنی داتای مووچە و ئامادەبوون و ڕۆیشتنەوەی ڕۆژانە دەکات و لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییدا بۆ داواکاریی نێوان بەشەکان لە هەریەکەیەکی سەربازییدا ئاسانکاریی دەکات. هەروەها لەڕووی کارگێڕییەوە هەڵسەنگاندنی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان، جگە لەوەش ڕاپۆرتی وەرزیی پێشکەشدەکات کە لە بنیاتنانی پلانی گەشەپێداندا کاریگەریی خۆی هەیە.
هەروەها بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستەمی کارکردن و چۆنیەتی هاتوچۆی نووسراوەکان لە نێوان بەشەکاندا ڕێکدەخات، بۆ نموونە، خۆبەخشەکان، خانەنشینکردن، پلە بەرزکردنەوە، گواستنەوە و هەڵوێست.. هتد.
بەشی پرۆگرامسازیی و شیکردنەوە یەکێکی ترە لە یەکە گرنگەکان کە بەرپرسیارە لە دابینکردنی بەرنامەسازیی و خزمەتگوزارییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری و توێژینەوە پەیوەندیدارەکان کە چەندین پرۆگرامیان دروستکردووە، هەروەها بەشی پاڵپشتی دۆکیومێنت و خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی تایبەتە بەو هاوکارییانەی کە دەکرێت لە داتابەیسەکان و دۆکیومێنتە ئەلکترۆنی و وێبسایتەکان، بەشی تەکنیکی سیستەمەکان و پاڵپشتی تەنکیکاریش لە ڕێگای تەکنیکارەکان کە چەندین کێشەیان لە سەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکان و یەکەسەربازییەکاندا چارەسەرکردووە، ئەو یەکانەی کارەکانیان بەم سیستەمە بەڕێدەکەن، وەک کێشەکانی کۆمپیوتەر، پرنتەر، تۆڕەکانی سۆفت وێر و هارد وێر.. هتد چارەسەردەکات، هاوکات بەشی چاودێریی ئەلکترۆنی و سەلامەتی زانیارییەکان تایبەتە بە چاودێرکردنی ئاسایشی داتاکان و تۆڕەکانی بەڕێوەبردن و بەکاربەران.



سەبارەت بە سەرچاوە مرۆییەکان، کەماڵ نەجمەدین جێگری بەڕێوەبەرایەتی تەکنۆلۆژیای زانیاری، زۆر بە گرنگییەوە باسی لەم بەشە کرد و گوتی: سیستەمی نوێی سەرچاوە مرۆییەکان یاخود (H.R) گرنگی دەدات بەلایەنی مرۆیی، واتە تیشکخستنەسەر باشترین کارمەند و بە کاربەر بۆ وزە و هێزێکی تۆکمە و پسپۆڕ و شارەزا بۆ لایەنی پەیوەندیدار، ئەمەش بەپێی خشتەی ڕێکخراوی دەزگا یان وەزارەت، بەم شێوەیەش ئەرکی کەسی پسپۆڕ و زانا لەم بوارەدا گرنگیدانە بە دامەزراندن و ڕاهێنان و کارپێدان، هەروەها خەملاندنی کار و هاندانی کارمەندان بە پێی میلاکاتی وەزارەت و کەسی شیاو بۆ پلەو پایەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی و داتابەیس کە لە سیستمی نوێدا ئامادە و جێگیریان دەکات بۆ لایەنی پەیوەندیداری خۆی یان لە سەر داواکاریی ئەوان بۆ دامەزراندنیان.

بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان

جێگری بەڕێوەبەری تەکنۆلۆژیا و زانیاریی ڕوونیکردەوە: لە هەر وەزارەت و ڕێکخراوێکدا چەند سەرچاوەیەک هەیە بۆ بەردەوامی کارە ڕێکخراوەکانی وەک سەرچاوەی دارایی، سەرچاوە سرووشتییەکان،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەرچاوەی ئابووری بەرجەستەکراو و سەرچاوە مرۆییەکان. هەر لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گرنگترین سەرچاوە و سامانی هەر وەزارەتێک یان ڕێکخراوێک ئەو کەسانەن کە لەو شوێنە کاری (H.R) دەکەن کە پێیان دەگوترێت سەرچاوە مرۆییەکان، ئەم بەشە بەڕێوەبردنە، ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە گشت کارمەندەکان و دانانی پلانی کارگێڕیی و پێدانی مووچە و جێبەجێکردنی پاداشت و سزا و پلە بەرزکردنەوە و دەیان کاری دیکەی ڕێکخستنی کارمەندان لەڕووی کاتی هاتنی کارمەند و سەردان و دەرکردن یان خانەنشینکردن، شەهیدبوون، دڵنیاییی جۆری بۆ هەر فەرمانبەرێک لە ئەستۆیەتی بە پێی ئەو مافەی لە پەیڕەوی ناوخۆ و یاسایی کارگێڕیی وەزارەت بۆیانی دیاریکردووە یان دیاریکراوە، بە مانایەکی تر، هەر کارێک کە پەیوەستە بە هەر کارمەندێک و فەرمانبەرێک یاخود ئەو بەشەی لە ڕێکخراوەکان کاردەکەن، ئەم بەشە بە شێوەیەکی سیستماتیک و ئەلیکترۆنی لە کەمترین کاتدا بەبێ هەڵە و دووبارەبوونەوە و دواکەوتن ئەنجامیدەدات، بەپێی ئەرک و خزمەتگوزاریی داواکراوی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار ڕێکدەخرێن.

لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری پێشمەرگەدا کە ئایا لەم حاڵەتەدا خودی بەڕێوەبەران و ژمێریاران ئەرکیان چییە؟ ئاماژەی دا: ئەرکی بەڕێوەبەر گرنگە لە بەڕێوەبردنی سیستمی هەموو بەشەکاندا، بەڵام بە شێوەیەکی دیجیتاڵی یان ئەلیکترۆنی دوور لە دووبارەبوونەوە و ڕۆتینی کارگێڕی، پێویستە واژۆی ئەلیکترۆنی یان بەڵێی پێویستە کە بەبێ ئەوان کارەکان دەوەستێت، بەڵام لە سەرووی ئەوانەوە سیستمەکە بەوردی دەزانێت بۆ ئەو بابەتە وەستاوە، ئەرکی بەڕێوەبەرەکان دەرکردنی فەرمان و بڕیارە، نەوەک جێبەجێکردنی بەسەر کارمەندەکان، بە هەمان شێوە لێپرسراوی ژمێریاری یان پلاندانان ئەرکیان ڕێکخستنی داهاتە بۆ ئەو دەزگا یان دامەزراوەیە، بۆیە ئەوە بەشی سەرچاوە مرۆییەکانە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسەکانی ناو دامەزراوەکە هەڵسوکەوت دەکات، بڕیار و ڕێنماییەکان دەگەیەنێت و جێبەجێیان دەکات، بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی خێرا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بە داتا و زانیاری بۆ زۆربەی بوارەکانی وەزارەت و لابردنی ڕۆتیناتی کۆن بۆ پلە بەرزکردنەوە و گواستنەوە و پێدانی پارە لە ڕێگەی بانکەوە لە کات و ساتی خۆی بە بێ دواکەوتن و ئاسانکاری لە ئەرکەکاندا، بۆ خێرابوونی خزمەتگوزارییەکان.

ئەوەشی خستەڕوو کە ئەرکێکی دیکەی، گۆڕانکاریی سەرەکی لە میلاکات و فەرمان و پاراستنی زانیارییەکانە بە کەمترین کات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت بۆ بەڕێوەبەران و فەرماندەکان بەپێی لێپرسراوێتییان، لە سیستمی نوێدا ئەو مافانە پارێزراودەبن بۆ هەر بەکاربەرێک لە هەر پلە و پایەیەکدا بێت بەپێی میلاکات و ڕێکخستنی وەزارەت بۆ هەر بابەتێکی ستراتیژی و ئایندەیی، وەزارەت بە گشتی و بێ جیاوازیی دەتوانێت خزمەت بە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بکات. بە شێوەیەکی گشتی، سەرچاوەی مرۆیی گرنگترین بەشی کارگێڕیی و خزمەتگوزارییە بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان کە بەبێ دواکەوتن و بە وردی ڕاپۆرت و لیستی ڕۆژانە، مانگانە، ساڵانە و بگرە زانیارییەکانی پێشووتریش بەپێی ویست و داواکاریی بەڕێوەبەرایەتییەکە ئامادە دەکات.

کەمال نەجمەدین هەروەها باسی لەوە کرد: بەکارهێنانی سیستمی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ هەموو بەڕێوەبەران و کارمەندان و فەرمانبەران و ئەفسەران بەپێی میلاکاتی وەزارەت مافی بەکارهێنەر بۆ هەرکامیان و دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکات و هیچکەس ناتوانێت گۆڕانکاری لە سیستمەکەدا بکات، ئەمە ئەو سیستمەیە ئاسایشی کارگێڕیی مافەکانی هەر بەڕێوەبەرایەتییەک لە سەر سیستمەکە پارێزراو دەکات، هەروەها ئەوەی گرنگە ئەوەیە دەیان ساڵە (H.R) لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەکارهاتووە و سەرکەوتووبووە بۆ ئیدارەدان و کۆنترۆڵکردنی گشتیی کارمەندان و بەڕێوەبەران لە دیاریکردنی مافەکانیان بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان.

لە درێژەی ڕوونکردنەوەکەیدا گوتی: ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، بابەتی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەردەمی ئێستادا بووەتە پێویستییەکی گشتگیر بۆ بەڕێوەبەردنی سەرجەم کایەکانی ژیان بە تایبەتی لە پرۆسە کارگێرییەکاندا، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورت و تێچوویەکی کەمتر ئەرکەکان جێبەجێبکرێت، سەرەڕای کەمکردنەوەی ڕۆتین و دووبارەبوونەوە لە کارەکاندا. وەزارەتی پێشمەرگەش کە دامەزراوەیەکی گرنگ و ستراتیژییە، هەوڵی زۆری داوە، بۆ ئەوەی سوود لەو بوارە وەربگرێت و کارە کارگێڕیی و سەربازییەکانی بە ئەلیکترۆنی بکات، ئەمەش لە پێناوی پێشخستنی زیاتر لە سەرجەم بوارەکاندا.




## بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان

# ڕێکخەری پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەیە

● ئامادەکردنی: شاد ستار

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان یەکێکە لەو بەڕێوەبەرایەتییانەی وەک دەرگای یەکەمی هەر وەزارەت و فەرمانگە و دەستەیەک دەناسرێت، بەپێی ئەو ئەرک و پرەنسیپانەی، پەیوەندییەکان دەبەستێتەوە بە دام و دەزگاکانی ترەوە، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەشێکە لە زانستی خۆبەڕێوەبردن لەڕووی کارگێرییەوە لەگەڵ خۆیدا بەرجەستەیان دەکات، بە شێوەیەک دەبێتە سەنترالّی تەواوی دام و دەزگاکانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی، ئەرکێکی گشتگیری فرەلایەن و پسپۆڕییە و تەنیا بە یەک دیدی کارکردن تەواوناکرێت، هەموو ئەوانەی لە پەیوەندییەکاندا ئەرکیان لەئەستۆیە، لە نێوان هەمواندا هەماهەنگی دەکەن، وەک دەزگاکان و تاکەکان بە زانستەکانی ئەتەکێت و پرۆتۆکۆل لە ئاستێکی بەرزی ستانداری جیهانیدا، وەزارەتی پێشمەرگە لەو وەزارەتە ئەمنییانەیە لە ماوەی رابردوودا ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانی لە ئەستۆگرتووە و توانیویەتی پەیوەندییەکانی وەزارەت و پەیوەندییەکانی دەرەوەی خۆی بەباشی بەڕێوەبەرێت، سەرەڕای هەستیاریی وەزارەتی پێشمەرگە، گرنگی ئەو پەیوەندییانەی لە سەر چەند ئاستێکدا بە هەند وەرگرتووە و بەڕێوەی بردووە.



وەکو گۆڤاری پێشمەرگە بە پێویستمان زانی سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گرنگە بکەین، لەگەڵ بەڕێوەبەر و بەشەکانی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان لەسەر گرنگترین ئەرکەکانیان گفتوگۆبکەین، سەرەتا سەردانی عەمید روکن محەممەد سەعید بەرزنجی، بەڕێوەبەری هەماهەنگی و پەیوەندییەکانمان کرد، لەبارەی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان گوتی: بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئەرکەکانی لەفەرمانەکاندا بۆ دەستنیشانکراوە، ئەو ئەرکانەش بەشێکن لە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتمان کە تایبەتە بە بەڕێوەبەرایەتیمان، پەیڕەویش بەشێکی وردکراوەیە لە یاسای خزمەت و خانەنشینی وەزارەتی پێشمەرگە، کەواتە ئەرکەکانمان ئەرکی یاسایین لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی وەزارەتدایە کە خۆی لە پێدانی ڕاوێژ بە وەزیری پێشمەرگە لە کاتی پێویستدا دەبینێتەوە، هەروەها، نوێنەرایەتیکردنی وەزارەتی پێشمەرگەیە لە لیژنە ناوخۆییەکان، بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان پێکهاتەیەکە لە بەشی کاروباری گشتی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی وەزارەت لەگەڵ شوێنەکانی تردا، هەروەها ئاماژەی بەوە دا، بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە دوو بواری گرنگ پێکدێت، بە شێوەی گشتی، پەیوەندییەکانە لەلایەک و هەماهەنگییە لەلایەکی ترەوە، کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی کاروباری گشتی، بەشی پەیوەندییە دەرەکییەکان و بەشی تەشریفات، هەریەکێک لەم بەشانە تەواوکاری یەکترن لەناو سیستمی ئەرکی هەماهەنگی و پەیوەندییەکاندا کە لەسەر چەند ئاستێکدا ئەرکەکان بەپێی ڕێنمایی و ڕێساکانی وەزارەتەکەمان ڕیکدەخەین.

**لەسەر ئاستی وەزارەتی پێشمەرگە**

بەڕێوەبەری هەماهەنگی و پەیوەندییەکان گوتی: لەسەر ئاستی وەزارەتدا تەواوی ئەو پەیوەندییانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕووبەڕووی وەزارەت دەبنەوە کە بریتیین لە (وەزارەتەکان، فەرمانگە و دەستەکان)، بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لەگەڵ نووسینگەی وەزیری پێشمەرگە، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە، سەرۆکایەتی ئەرکان، ئەمینداریەتی گشتی، بەریوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان پەیوەندییەکان ڕێکدەخات بە هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی خودی وەزارەت. ئەرکی سەرەکیمان لە پاراستنی ئەمنیەتی وەزارەتەکەمان لە کارە سەرەکییەکانمانە، دواتر تەواوی بەرژەوەندییەکانی وەزارەت لەبەرچاو دەگرین، وەک بەشێک لە دامودەزگای حکومەت لەلایەک و خەڵک لەلایەکی ترەوە، هەروەها چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە ئەرکەکان و ڕۆڵمان هەیە لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەت و دامودەزگاکانی دەرەوەی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە پەیوەندییان بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە لەوەی تایبەتە بە برگە و بابەتەکانی یاسای چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**لەسەر ئاستی هاوپەیمانان**

لەو بارەوە عمید روکن محەممەد ڕایگەیاند: هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە لە چەندین وڵات پێکهاتووە، ئێمە لەم ڕووەوە هەماهەنگی دەکەین لە نێوان وەزارەتەکەمان و ڕاوێژکار و فەرمانده سەربازییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ژووری ئۆپەراسیۆنەکان، نووسینگەی وەزیری پێشمەرگە، سەرۆکایەتی ئەرکان و ئەمینداریّتی گشتیی وەزارەت و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان وەک ئەرکی سەربازیی خۆیان لەگەڵ وەزارەتەکەماندا هەیە، ئێمەش وەک هەماهەنگی و پەیوەندییەکان ڕۆڵمان هەیە لە ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییانە بەتایبەتی لەگەڵ بەشی پەیوەندییەکانمان لە ڕێگای ڕاوێژکارەکان، بەشی سەربازیی قونسوڵە گشتییەکانی (ئەمریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و هۆڵەندا). هەروەها دروستکردنی پەیوەندی بەشی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەندێک لە ڕاوێژکاران و پاشکۆی سەربازیی کونسوڵگەرییەکان و هەندێک جاریش پێویست بکات لەگەڵ باڵوێزی وڵاتانی دیکە لە ڕێگای هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە ئەگەر لە دەرەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بێت کە دەیانەوێت سەردانی وەزارەتەکەمان بکەن، لەلایەکی دیکەوە کۆنترۆڵکردنی تەواوی کۆبوونەوەکان لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوکاریکردن لە دانانی کاتەکان، بە شێوەیەک کە بۆ هەموو ئەوانەی بەشدارن لە دیدارەکاندا گونجاو بێت. ئەوەشی خستەڕوو: پەیوەندییەکانمان زیاتر لەگەڵ ئۆفیسی هاوکاریی ئاسایش (O.S.C.I)یە، بەشی

سەربازیی قونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە خزمەت بە وەزارەتی پێشمەرگە و پێشمەرگە دەکەن، هەروەها گرنگترین بابەت وەک ئامانجێک کاری لەسەر دەکەین خۆپاراستنی دامودەزگاکانمانە لە پەیوەندیی لابەلا کە کاریگەریی نەرێنی هەبێت لەسەر وەزارەتەکەمان، جگە لە کارکردنی بەردەوام لەگەڵ ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی هەرێم کە رۆڵی سەرۆکایەتی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەرێوەدەچێت.

**هۆبەی سەفارەتەکان و پاشکۆ سەربازییەکان**

هەروەها روونیکردەوە: یەکێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییەکان جگە لە ریکخستنی پەیوەندییەکان، کارئاسانی بۆ رێکخستنی شاندەکان لە دەرەوە بۆ وەزارەتەکەمان دەکات، هەروەها لە وەزارەتەکەمانەوە لەگەڵ وڵاتان، بەپێی ئەو داواکاری و رێنماییانەی لەلایەن سەفارەتەکان و قونسوڵە گشتییەکان هەیە و لەهەمانکاتدا دەبێت رەزامەندیی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ وەرگرتنی جۆری ڤیزای (A2) بۆ خولەکانی ئەمریکا بەدەست بێنین، بە گشتی ئەڵقەی گەیاندن بووینە بۆ هەر ئەرکێکی تر بە ئاگاداری وەزارەتمان لە نێوان وەزارەتمان و سەفارەت و کونسوگەرییە گشتییەکان و پاشکۆ سەربازییەکانی

# بەرێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە رۆڵێکی گرنگی لە رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانی وەزارەت و پەیوەندییەکانی وەزارەت لەگەڵ دامودەزگا ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا هەیە

گرنگیان لە پاراستنی ئاسایش لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشدا هەیە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا، بەرێوەبەرایەتییەکەمان کاردەکات لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا و ئەو کارانەی کە پەیوەندییان بە دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقەوە هەیە، لەوەی پەیوەندیدارە بە وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگرییەوە، بە تایبەتی لەرووی ئەو هاوکارییە سەربازییانەی کە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ وەزارەتی بەرگریی دابینکراوە و بەشێک لەو هاوکارییانە پەیوەندییان بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە کە لە رێگای بە رێوەبەرایەتییەکەمانەوە بە هاوکاریی لەگەڵ قونسوگەریی گشتی ئەمریکا لە هەولێر لە ژێر رێنماییەکانی پێداویستیانەی دێنەپێشەوە، هەر لەم رووەوە لەناو ئەم ئەرکانەدا ئەرکێکی ترمان هەیە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی بەپێی ئەو پرۆگرام و پلانە مەشقییە ساڵانەیەی کە لە نێوان بەرێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانانەوە دەردەچێت، ساڵانە ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتەکەمان لە خولەکانی دەرەوە بەشداردەبن، بۆیە ئەرکی ئەم بەرێوەبەرایەتییەیە کە بۆ رێکخستنی گەشتەکانیان کارئاسانی بکات، لەوانە وەرگرتنی ڤیزە بۆ خولەکان و لە هەمانکاتدا وەرگرتنی ڤیزا بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی بۆ ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتمان و کاروبارەکانی گەشتکردن بەپێی ئەو ئەو وڵاتانەی بە فەرمی بوونیان هەیە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

بەرێوەبەری هەماهەنگی پەیوەندییەکان راشیگەیاند: لە ماوەی رابردوودا کارمان کردووە لەسەر هەماهەنگی و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە پسپۆرییەکانیان، لەم رووەوە، چەندین لێکتێگەیشتنی هاوبەشمان لەگەڵ دامودەزگاکانی وەزارەتمان بۆ رێکخستوون، بە ئامانجی دابینکردنی پاڵپشتی زیاتر بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، بە تایبەتی ئەو رێکخراو و ناوەندانەی کە تایبەتن بە پاراستنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوونی پێشمەرگە وەک هێزێکی بەرگریکار لە ئاسایشی هەرێم و

## سالانە ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتەکەمان لە خولەکانی دەرەوە بەشداردەبن



## لە ماوەی رابردوودا کارمان کردووە لەسەر هەماهەنگی و گۆڕینەوەی بیرورا لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

بەشێک لەو هێزانەی ناوچەکە دژی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

### بەشی وەرگێڕان

ملازمی یەک ئومێد سەعید سدیق وەک بەرپرسی بەشی وەرگێڕان لە بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان، سەبارەت بە بەشەکەی گوتی: بەشەکەمان ئەرکێکی گرنگی بەڕێوەبەرایەتییەکەمانی لەسەر شانە، لەم رووەوە لەگەڵ هەموو کۆبوونەوە و سیمنار و بۆنەکان ئەرکی خۆمان جێبەجێکردووە و لەگەڵ میوانەکان هاوکاربووینە، بە تایبەتی زمانە گرنگەکانی وەک ئینگلیزی و ئەڵمانی، کاری وەرگێڕانمان کردووە لە نێوان بەرپرسانی وەزارەتمان و ئەو لایەنانەی لە دەرەوەی وڵات دێن و سەردانی وەزارەتمان دەکەن، توانیومانە کێشەی وەرگێڕان بە تەواوەتی چارەسەر بکەین، لە کاتی بۆنەکان و کۆبوونەوە فەرمییەکان و مەراسیمەکان و سەردانەکان بۆ هەر بەڕێوەبەرایەتییەک یان یەکە مەیدانییەکانی وەک فیرقە و لیواکان، بە ئاستێکی بەرزی لێکتێگەیشتن و پەیام گەیاندن کارمان کردووە، هەندێک جار ئەگەر پێویست بووبێت هاوڕێی شاندەکانی وەزارەت بووین بۆ دەرەوەی وڵات، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە رۆڵێکی گرنگی لە رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانی وەزارەت و پەیوەندییەکانی وەزارەت لەگەڵ لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا هەیە.

# بنکەی مەشقی پیادەی کەرکووک خوێندنگای راهێنان و بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی پێشمەرگەیە



بنکەی مەشقی پیادەی کەرکوک لە ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە، ئەو کاتە سەربە هێزەکانی ٧٠ بووە، بە فەرمانی وزاری ژمارە ٣٧٣ لە ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٠، خراوەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە. دوای یەکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەو بنکەیە گواستراوەتەوە بۆ سنووری گوندی مەنیلەی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، هەتا ئێستا شەش فەرماندە فەرماندەیی ئەو بنکەیەی کردووە. عەمید بارزان حەوتەم فەرماندەیە. ئەو بنکەیە سەربە بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی سەربە فەرمانگەی ئۆپراسیۆنەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگەیە.

ئامادەکردنی: محمد فاتیح
فۆتۆ: وریا حسن

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




لە بارەی ئەرکەکانیان، **عەمید بارزان فەرماندەی بنکەی مەشق بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دوا و گوتی:** بەپێی راسپاردەکان بۆ بنکەی مەشق، ئەرکەکانمان بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی و شەڕکردنی پێشمەرگەیە، بەشێوەیە لەگەڵ راسپاردەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بگونجێ، بە رەچاوکردنی جێبەجێکردنی ئەرکەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای لێزانی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە. ئەرکەکانمان جێبەجێکردنی بڵاوکراوەکانی مەشقی ساڵانەیە بە هەردوو بەشی یەک و دوو کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی مەشقی سەربازییەوە دەردەچێت، تیایدا، ئەرکی کردنەوەی خولی ناوخۆیی و پەرەپێدانی تواناکانی ئەفسەر و سەرباز و کارمەندانی بنکەمان لە ئەستۆدایە.

فەرماندەی بنکە هەروەها روونیکردەوە: هەندێک دەستپێشخەریی باشمان لە بنکەکەمان کردووە کە بریتیین لە، دروستکردنی کۆگایەکی ئازووقەی نموونەیی، کۆگای جبەخانەی نموونەیی، گۆڕەپانی مەشقی جەستەیی سووک، گۆڕەپانی کێڵگەی تەل و درک، هۆڵی وانەگوتنەوە بۆ ئەفسەران، هەڵکەندنی چاڵی بەرگریی بۆ مەشقی پێشمەرگە، نۆژەنکردنەوەی سەریەی بارەگا، نۆژەنکردنەوەی باڵی مەشق، دروستکردنی بەهوی ئەفسەران و کارمەندان، نۆژەنکردندوەی نانەواخانە و چێشخانەی ئەفسەران و کارمەندان، دروستکردنی باڵی چەک، دروستکرنی کۆگای تایە و پاتری و کەرستە بەکارهاتووەکان، دروستکردنی کۆگای سووتەمەنی و دابینکردنی فێنککەرەوە بۆ هۆڵی مانەوەی پێشمەرگە، دروستکردنی هۆڵی وەرزش و یاری ئاسن بۆ ئەفسەران و کارمەندان، دروستکردنی بازنەی پێکدادان، نۆژەنکردنەوەی دەروازەی بنکە، نۆژەنکردنەوەی بەشی پزیشکیی بنکە، دابینکردنی هێڵی پەیوەندیی ناوخۆیی بنکە، دروستکردنی گۆڕەپانی تەقەکردن، دروستکردنی تەوالێت بۆ گۆڕەپانی مەشق و دروستکردنی باخچە و دارچاندن و گرنگیدان بە ژینگە و زیادکردنی سەوزایی لە بنکەکەمان.

لە درێژەی روونکردنەوەکەیدا ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەرکەکانی فەرماندەی بنکە جیاوازە لەگەڵ فەرماندەی مەیدانی لەبەرامبەر دوژمندا، لەلایەک ئەرکی مەشق و فێرکردنی پێشمەرگە لە ئەستۆی ئێمەدایە، وەک سەرەتا و بنچینەی خوێندنە لە قوتابخانەدا. ئەگەر پێشمەرگە بە باشی مەشقی پێنەکرێ و رانەهێندرێ، ئەوا ناتوانن لە جێبەجێکردنی ئەرک لە سەنگەرەکەیدا سەرکەوتوو بێت، بۆیە ئەرک و بەرپرسیارییەتی لەبنکەی مەشقدا زۆر زیاترە لەو یەکانەی لەبەرامبەر دوژمندان.

سەبارەت بە کاریگەریی پلانی مەشقی سەربازیی بەسەر پێشمەرگەوە روونیکردەوە: پلانی مەشق کاریگەرییەکی زۆر دیار و بەرچاوی هەیە، هەر هێزێک هەتاکو مەشق و راهێنانی جەستەیی زیاتر بێت، ئەنجامی سەرکەوتنەکانی لە مەیدانی جەنگدا مسۆگەرترە، بۆیە لە بنکەی مەشقەکانەوە، ئەگەر



عەقید سەردار حسین سابڕ



موقەدەم غازی جەباری


محسن خدر خەڵەف

پێشتریش راهێندرابن، جارێکی تر مەشقکردن دەبێتە رێکخستنەوەی توانای جەستەییان. ئەگەر سەرەتابن و رانەهێندرابن، ئەوا دەبێتە هۆی راهاتن لەسەر دیسپلینی سەربازیی و ئاشنابوونیان بە پەیکەری سەربازیی.

سەبارەت بە جۆرەکانی مەشقی سەربازیی فەرماندەی بنکەی مەشقی کەرکووک گوتی: بەپێی ئەو پلانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتیی مەشقی سەربازیی بۆمان هاتووە، مەشقی بنەڕەتیمان هەیە بۆ ئەو هێزانەی تازە دێنە بواری سەربازییەوە، هەروەها مەشقی کۆمان هەیە بۆ ئەو فەوجانەی پێشتر مەشقییان بینیوە، بەڵام بۆ رێکخستنەوە و ئامادەباشی زیاتر مەشقی کۆیان پێدەکرێت. لە هەمان کاتدا سرییەکانی پشتیوانی و کۆماندۆش دەنێردرێن کە مەشقیان پێشکەوتووترە و توانای چەک و شەڕکردنییان زیاترە.

هاوکات، لە رێگای گۆڤاری پێشمەرگەوە داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکات زیاتر هاوکاریی بنکەکانی مەشق بکرێت، چونکە تا بنکەکانی مەشق بێ کەموکوڕی بێت، یەکە سەربازییەکانیشیان بێ کەموکوڕی دەبن، ئەمەش خۆی لە تەواوکردنی میلاکات لە ئەفسەر و کارمەنداندا دەبینێتەوە.

عەمید بارزان ئاماژەی دا کە هیچ کەموکوڕی و ئاستەنگێک لەبەردەمیاندا نەبووە و وەک خۆی جێبەجێکراوە، هەروەها بۆ پلانی مەشقی ساڵی ٢٠٢٤ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازییەوە، بانگهێشتکراون بۆ



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

41

کۆنفرانسی سالانە، لەو کۆنفرانسەشدا هەر کەموکورتییەک لە پلانی نوێدا هەبێت، دەستنیشاندەکرێت و پێشنیازی پێویست دەکەین بۆ دارشتنی پلانێکی مەشقی سەرکەوتوو، هەروەها لە تواناماندایە بە هاوکاریی پسپۆرانی بواری نەخشە، خولی خوێندنەوەی نەخشە بەشێوەی ئەلیکترۆنی بۆ ئەفسەران ئەنجامبدەین، بۆیە داواکارین بخرێتە پلانی مەشقی سەربازییەوە.

لە کۆتایی وتەکانییدا، فەرماندەی بنکە، سپاسی هێزەکانی هەوپەیمانانی کرد کە سەردانییان دەکەن و لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا سوود لە پرس و راوێژەکانیان وەردەگرن.

**عەقید سەردار حسێن سابیر، جێگری فەرماندەی بنکەی مەشقی کەرکوک سەبارەت بە ئەرکەکانیان گوتی:**

هاوکاری فەرماندەی بنکەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا، لەوەی پەیوەندیدارە بە مەشق و کاروباری کارگێریی و بەدەمەوهاتنی ئەفسەر و کارمەندانەکانمان لە کاتی نەخۆشی و بارودۆخە نەخوازراوەکاندا، هەروەها بۆ ئاگاداربوون لە باش بەرێوەچوونی ئەرکەکانی گۆرەپانی مەشق و بەشەکانی، بنکەی مەشق بەسەردەکەینەوە و کەموکورییەکان چارەسەردەکەین، هەروەها ئەرکمان هاوکاریکردنی ئەفسەری روکنی کارگێریی و مەشق و هەردوو فەرماندەی باڵی چەک و مەشقی بنەرەتییە.

لە بارەی ئامادەکارییەکان بۆ پلانی مەشق گوتی: بێگومان دوو بڵاوکراوەی بەشی یەک و دوو کە لە بەرێوەبەرایەتی مەشقی سەربازییەوە دەردەچێت بۆ بنکە مەشقەکان، بە هاوکاریی ئەفسەری روکنی مەشق، ئەوەی تایبەتە بە بنکە مەشقەکەمان جیای دەکەینەوە. بەپێی ئەو پلانە مەشقەی لەبەردەستدایە، ئامادەکارییەکانی شوێنی مانەوە و رێوشوێنە کارگێرییەکان دەگرینەبەر کە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی و شەرکردن و شارەزاییە لە بەکارهێنانی چەکەکان لە مەیدانی شەرکردندا، ئەمەش بەپێی ئەو رێنماییانەی لە وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆمان دیاری دەکرێت، هەروەها خولی ناوخۆیی دەکەینەوە بۆ پەرەپێدانی توانای جەستەیی و شەرکردنی ئەفسەر و پێشمەرگەکانی بنکەمان.

لەم ساڵدا خولێکمان کردووە کە لە فەرماندەی بنکەوە تا دواپێشمەرگە بەشدارییان تێداکرد. دوای تەواوبوونی مەشقی سەربازیی، تەقەکردن لە گۆرەپانی تەقەکردن ئەنجامدرا، ئەمە جگە لەوەی بەشدارییمان هەبووە لە پێشبڕکێی مەراسۆن و شاخەوانی کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی وەرزش و یارییەکانەوە رێکخراوە.

سەبارەت بەو ئاستەنگانەی لەبەردەم پلانی مەشقدا هەیە، جێگری فەرماندە روونیکردەوە: یەکێک لە ئاستەنگەکان نەبوونی گۆرەپانی مەشقی قورسە، ناوچەکەش هەوراز و نشێوی زۆرە، ئەو ئامێرانەمان نییە کە بتوانین تەختی بکەین و ئەو مەیدانە دروستبکەین.

هەروەها ئاستەنگێکی دیکە نەبوونی نامیلکەیە بەزمانی کوردی بەتایبەتی بۆ چەکە نوێیەکان، هەروەها هەندێ خول لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێنەوە، داواکارییمان ئەوەیە مامۆستایانی ئێمە بەشداربن کە دەبێتە ئاسانکاریی بۆ کردنەوەی خولی پەرەپێدان لە لایەن مامۆستایانی خۆمانەوە، بەتایبەتی سریە ئەسنادەکان کە پاڵپشتی فەوجەکانن.

سەبارەت بە مامۆستایانی مەشق رونیکردەوە کە خواستی ئەوان ئەوەیە کە مامۆستایان هەبێت لە هەموو بوارەکانی چەکی کیمیاوی، فریاگوزاریی سەرەتایی، پیشەی گۆرەپان و شاخەوانیی و مەغاویردا، بۆ ئەوەی



لە خولاکاندا وانە بڵێنەوە. هەروەها روونیکردەوە، جگە لەو خولانەی دەکرێنەوە، سوودمان لە ئەفسەری لیواکانی دیکە بینیوە بۆ کردنەوەی خولی دوو رۆژە یان سێ رۆژە کە لە بواری نەخشە و خوێندنەوەی نەخشە بووە بە شێوەی ئەلیکترۆنی، ئەمەش وانەیەکی نوێیە لە بواری سەربازیدا سوودی لێ وەردەگیرێ. سەبارەت بە وانەی هۆشیاریی نیشتمانی ئاماژەی دا کە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی خولەکاندا، بۆ وتنەوەی وانەی هۆشیاریی نیشتمانی، سوودیان لە ئەفسەری هۆشیاریی نیشتمانی لیواکان بینیوە.

هەروەها جێگری بنکەی مەشق پێشنیازی ئەوەی کرد کە بەڕێوەبەرایوتی مەشقی سەربازیی هەماهەنگی تەواو بکات لەگەڵ ئەفسەری روکنی بنکەکانی مەشق و ئەو ئەفسەرانەی شارەزاییان لە بواری مەشقدا هەیە، بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی مەشقی مۆدێرن دارێژن کە لەگەڵ واقعی ئەمڕۆی کوردستاندا بگونجێت و پێشمەرگە سوودی تیۆریی و جەستەیی زیاتر لە خولەکان وەرگرێت، ئەمەش بە رەچاوکردنی ئەو پێشکەوتنەی هاتووەتە ناو تەکنۆلۆژیای سەربازییەوە. بەمەش پێویستە خوێنی نوێ و ئامراز و بیری نوێ بێتە ناو هێزی پێشمەرگەوە تا هێزی پێشمەرگە بە باشترین شێوە بەو چەک و ئامێرە نوێیانە رابهێندرێت، جگە لەوەش کارمەندانیان پێویستیان بە خولی ئۆفیس و پاوەر پۆینت و ئەکسڵ هەیە بۆ ئەوەی لەم بوارانەدا شارەزاترین.

**موقەدەم زانا غازی جەباری، ئەفسەری روکنی مەشق لەبارەی ئەرکەکانیانەوە گوتی:** ئەرکەکانمان بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی بەرنامەی مەشقی بنکە و ئامادەباشیکردن بۆ جێبەجێکردنی مەشقی یەکەکانی پێشمەرگە، یارمەتیدانی فەرماندەی بنکە بۆ گەشپێدانی مەشقی یەکەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی مەشق، رێکخستنی خولەکان و دانانی شێوەکانی مەشق و هەروەها پلاندانان بۆ مەشق و پارێزگاریکردن لە ئامادەباشی و توانای جەنگیی یەکەکان.

روونیکردەوە، سەبارەت بەو خولانەی بەپێی پلانی مەشقی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی لە ساڵی ٢٠٢٣دا بۆیان دیاریکراوە، چوار خولی پێشکەوتوویان بۆ فەوجەکانی ١، ٢و ٣ی لیواکانی ٣، ١٧ و ٢٢ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە کردووتەوە کە ١٣٩٩ پێشمەرگە بەشدار بوون. بەهەمان شێوە ٣ خولی بنەڕەتییان کردووەتەوە کە ١٠٥٧ پێشمەرگەی ئەو لیوایانە بەشداربوون، هەروەها ٦ خولی تایبەت بە فەرماندەی سریە و فەسیل کراوەتەوە بۆ فەرماندەکانی ئەو سێ لیوایە کە کۆی بەشداربووانیان ١٠٤ فەرماندە بووە، هەروەها شەش خول بۆ سریەی ئەسنادی هەرسێ لیواکە کراوەتەوە کە ٣٠٠ پێشمەرگە بەشدارییان تێدا کردووە، یەک خولی کۆبراش بۆ لیوای ٢٢ کراوەتەوە ٩٥ پێشمەرگە بەشداربوون، تێکڕای بەشداربووانی کۆی خولەکان لەم ساڵدا ٢٩٥٥ پێشمەرگە بووە.

هەروەها ئەفسەری روکنی مەشق روونیکردەوە، جگە لەو خولانەی لە پلانی مەشقدا هەیە، بە هاوکاری بەڕێوەبەری راگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی لیوای ٢٢ی پیادە ٣ خولی ئۆف لاین ماپ کراوەتەوە بۆ ئەفسەر و فەرماندەکانی ئەو لیوایە، هەر خولێک دوو رۆژی خایاندووە کە هاوکات بووە لەگەڵ خولە مەشقییەکانیاندا. شایانی باسە ناوەڕۆکی بابەتی خولەکە تایبەت بووە بە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەپی (offline maps) و چۆنییەتی پاراستن و رێکخستنی دیکۆمێنت و زانیارییەکان و سود لێ بینینیان لە کاروباری سەربازییدا، کۆی بەشداربووانی هەرسێ خولەکە ٨٥ ئەفسەر بووە.

**هەروەها موقەدەم عومەر نزار فازڵ فەرماندەی باڵی مەشق لەبارەی ئەرکاکانییان گوتی:** ئەرکی ئێمە راوێژکارییە لەگەڵ فەرماندەی بنکە لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی مەشق و کارکردنی بەردەوام لەگەڵ ئەفسەری روکنی پێشکەوتوو بۆ هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی مەشق بەشێوەیەک کە کاری پێکەوەییە و هەڵسەنگاندنی رۆژانە و دواتر ساڵانەی مەشقە. سەرپەرشتیکردنی پلانی مەشقی ساڵانەیە کە لە بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازییەوە دەردەچێت. هەڵسەنگاندنی توانای ئەفسەران و مامۆستایانی باڵی مەشقە. سەرپەرشتیکردنی مەشقی رۆژانەیە بۆ دڵنیابوون لە ئامادەبوونی فەرماندەی سریە و فەسیل و مامۆستایانی مەشق. پلاندانانە بۆ نووسینگەی کارگێڕیی باڵی مەشق، هەروەها ئاڕاستەکردنی ئەفسەری روکنی بنکەیە لە سەرپەرشتی و بەدواداچوونی بەرنامەی مەشق لەکات و شوێنی خۆیدا و ئاڕستەکردنی ئەفسەری روکنی مەشق سەبارەت بە ئامادەبوونی وانەی رۆژانی دواتر بۆ ئەفسەر و مامۆستایانی راسپێردراو کە کورتەی کاری رۆژانەی مەشقە.

لەبارەی ئەرکاکانیانەوە زیاتر روونیکردەوە کە مەشقپێکردنی هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگەیە بەشێوەی وانە و نمایش و کارداری و رێکخستنەوەیان بۆ بەهێزکردنی ئاستی شەڕکردنیان لە گۆڕەپانی جەنگدا، هەرەوها بەکارهێنانی کەلوپەلی

41

سەربازییە بە باشترین شێوە.
سەبارەت بە کەموکوڕی و ئاستەنگەکان لەبەردەم مەشقی سەربازییدا، فەرماندەی باڵی مەشق روونیکردەوە: هەندێک کەموکوڕی هەیە لە ئاستی خۆماندا چارەسەردەکرێن، بەڵام هەندێکی دیکە وەزارەتیش ناتوانێت چارەسەری بکات، بۆ نموونە، ئەو هێزەی ئێمە وردە وردە بەرەو تەمەن دەڕوات و دامەزراندنمان نییە، کاتێک پێشمەرگە دەچێتە ۳۵ ساڵ بۆ سەرەوە توانای مەشقی کەمدەبێتەوە یان ئەوانەی نەخۆشن یاخود بریندارن تا ئێستا خانەنشین نەکراون توانای مەشقییان نییە، یان نەخۆشی شێرپەنجە کە بووە بە دیاردەی سەردەم کاریگەری خۆی هەیە.
کەموکوڕییەکی دیکە پەیوەندی بە پلاندانانی مەشقەوە هەیە، پێویستە پلانمان هەبێت لە بواری مەشق و زانستییەوە تا ئەو هێزە بەرەو مۆدێرن بەرین، بۆنموونە، کارکردن لەسەر ئۆف لاین ماپ بەسوودوەرگرتن لەمانگی دەستکرد زۆر پێشکەوتووترە لە بەکارهێنانی نەخشە بە شێوازە کۆنەکە، پێویستە مەشقەکانمان بچێتە ئاستێکی پێشکەوتووتر. زۆر پێویستە ئەفسەری راهێنەری هێزی تایبەتمان هەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ئاستێکی زۆرباشداین، خواستمان ئەوەیە بگەینە ئاستێکی زۆر بەرزتر لە مەشقی مۆدێرن لە بەرزکردنەوەی توانای جەنگی.
سەبارەت بە پلانی نوێ، داواکارییان ئەوەیە، مەشقی پەرەپێدان بە مامۆستایانی مەشق بکرێت، بە تایبەتی لە بواری هەندەسەی سەربازیی و تۆپهاوێژیی و کۆبرا، بۆ ئەوەش دەکرێ سوود لە وەزارەتی بەرگریی عێراق وەربگیردرێت یان ئەو خولانەی لە دەرەوەی وڵاتدا دەکرێنەوە.

# بەڕێوەبەرایەتی ئەشغاڵ ونیشتەجێکردنی سەربازیی
## لە ستراتیژی وەزارەتی پێشمەرگەدا

ئامادەکردنی: ئارام ئەحمەد
فۆتۆ: کاروان رەزا



**بەڕێوەبەرایەرتی ئەشغاڵ و نیشتەجێکردنی سەربازیی یەکێکە لەو بەڕێوەبەرایەتییە کارا و پێویستانەی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بنیاتنان و دروستکردنی بارەگای یەکە سەربازییە جۆراوجۆرەکان و سەنگەر و مەتەریزەکانی پێشمەرگە بۆ پاراستن و بەهێزهێشتنەوەی پێشمەرگە لە هەرهەڕەشە ومەترسییەک کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە .لە میانی بەدواداچوونێکی میدیایی گۆڤاری پێشمەرگەدا، سەرەتا لیوا کەمال سدیق خۆشناو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێکردنی سەربازیی گوتی: بەڕێوەبەرایەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێکردنی سەربازیی لە ساڵی ۲۰۱۰ دامەزراوە. یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کە سەربە سەرۆکایەتی (ئەرکان/ئیدارە و میرە)یە و لە شەش بەش پێکهاتووە، بەرپرسە لە دروستکردنی، سەنگەر، بارەگا و شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە، ڕاکێشانی ڕێگا و چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان. هتد)**



لیوا کەمال خۆشناو لەبارەی پلان و بەرنامەکانیان رایگەیاند: لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتییەکەمان پلان و بەرنامەی کارکردنی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجەی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتیمان، تەنها ئەوکارانەی کە پێویستن لە فیرقە و لیوا و هێزە پشتیوانییەکان ئەنجامدەدرێن، ئەمەش دوای ئەوەی بەرزدەکرێنەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەرکان و دوای ڕەزامەندیی وەرگیران، داوا لە بەڕێوەبەرایەتیمان دەکرێت بۆ جێبەجێکردن، ئەویش بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت.

قۆناغی یەکەم: کەشف و خەمڵاندن

لەبەڕێوەبەرایەتییماندا لیژنەی کەشف و خەمڵاندن پێکدەهێنرێت کە لە سێ کەس (ئەندازیار و هونەریی) پێکدێت.

قۆناغی دووەم: جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردن

دوای ڕەزامەندیی لەسەر خەرجکردنی بڕی پارەی خەملێنراو لە لایەن وەزارەتەوە، لیژنەی جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردن پێکدەهێنرێت لە ئەندازیارێک و هونەرییەک و ژمێریارێک.

قۆناغی سێ یەم: ڕووپێوکردن و هەڵسەنگاندن

لە دوای تەواوکردن و کۆتاییهاتنی هەر پرۆژە و کارێک کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییمانەوە کاری سەپەرەشتی و جێبەجێکردنی بۆ کرابێت، ڕاستەوخۆ لیژنەی ڕووپێوکردنی بۆ ڕەوانە دەکرێت کە پێکدێت لە سێ ئەندازیار، ئەمەش بۆ دڵنیابوون و جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە ناوەڕۆک و بڕی کارە ئانجامدراوەکانییەوە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی لەگەڵ دەرخستەی پرۆژەکەی بۆ دەکرێت.

سەبارەت بە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و کەموکورییەکانیان، لیوا کەمال سدیق ڕوونیکردەوە: سەبارەت بەو سەنگەرسازییانەی کە لەماوەی پێشوودا کراوە، بەهۆی جێگیرنەبوونی یەکە سەربازییەکانمان و بەپێی بارودۆخ نەتواندراوە سەنگەرەکان بەباشی جێگیر و تۆکمە بکرێن، بۆ نەهێشتنی کەموکوریی سەنگەرەکان، بە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم، دەستمان کردووە بە ڕێکخستنەوە و بنیاتنانەوەی سەنگەرەکان و کەمکردنەوەی بۆشایی لە نێوان خاڵەکانی چاودێریی هێزەکانی پێشمەرگە.

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی هاوبەش پێکهێندرا لە ئەفسەرانی سەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە، بە سەرپەرشتی ئەندازیارانی بەڕێوەبەرایەتی ئەشغال بۆ دروستکردنی قەڵای پاسەوانی بۆ ئاستی (فەسیل) لە سەنگەرەکانی پێشەوەی هێزی پێشمەرگە لە میحوەرەکانی یەک تاکو هەشت.

لیوا کەمال سەبارەت بە پێشینەی کارەکانییان ڕوونی کردەوە:

لە جێبەجێکردنی کارەکاندا ئەو کارانە پێشدەخرێن کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانەوە پۆلێنکراون، ئەوەش بە پێی پێویستی و گرنگی داواکارییەکان ڕەزامەندیی لەسەر دەدرێت و جێبەجێ دەکرێت، زیاتر گرنگی بە سەنگەرسازییەکان و دروستکردنی ڕێگاو ڕاکێشانی کارەبا دەدرێت و بڕیارەکانیش لەسەرووی خۆمانەوە بۆمان دێت.

لەوەڵامی پرسیاری کەرەستە و پێداویستی بەردەستی بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغال و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



نیشتەجێکردنی سەربازییەوە گوتی: ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی ئەشغال و نیشتەجێکردنی سەربازیی لەڕووی کەرەستە و پێداویستی ئەندازەییەوە کەموکوڕی زۆرمان هەیە، هەندێ کەرەستە و پێداویستی زۆر سادەمان لەبەردەستە، هیوادارم وەزارەت کەموکورییەکانمان بۆ چارەسەر و ئامێرو پێداوستییەکانمان بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر و خێراتر خزمەت بە پێشمەرگە بکەین.

سەبارەت بە هاوکاریی هاوپەیمانان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغال و نیشتەجێکردنی سەربازیی ڕوونیکردەوە: وەک بەڕێوەبەرایەتی لەو ماوەیەی کە من بەڕێوەبەرم، هیچ هاوکارییەکمان لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆ نەهاتووە کە ئەوان دابینیان کردبێت.

دەربارەی شارەزایی و ئاستی ئەندازیار و هونەرییەکانەوە گوتی: ئەندازیارەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان بەپێی توانا و شارەزایی خۆیان ڕەچاوی پرەنسیپە سەربازییەکان دەکەن. لەکاتی دروستکردنی هەر بارەگا و سەنگەرێکدا و لەکاتی پێویستدا ڕاوێژ بە فەرماندە سەربازییەکان دەکەن.

لیوا کەمال لەبارەی دامەزراندن و دانانی ئەفسەر و کارمەندانی بەڕێوەبەراتییەوە ئاماژەی بەوە دا کە لە ئێستادا لە وەزارەتی پێشمەرگە بە هیچ جۆرێک دامەزراندن نییە، بەڵام لەکاتی پێشوودا دامەزراندن بەپێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێکردنی سەربازیی، دەبێت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی تاک و خۆبەخشەکانەوە فۆرمیان بۆ پڕبکرێتەوە و فایلیان بۆ دروستبکرێت، هەرکاتێک دامەزراندن بکرێتەوە، ئێمە تەنیا پێویستمان بە ئەندازیار و ڕووپێوزان هەیە. هەروەها بەڕێوەبەری ئەشغاڵ چەند پێشنیازێکی لەمبارەیەوە هەبوو، گوتی: من وەک بەڕێوەبەری ئەشغال و نیشتەجێکردنی سەربازیی ئەم پێشنیازانە ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگە دەکەم کە بایەخی زۆری دەبێت بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەوانیش: یەکەمیان دروستکردنی بارەگای لیوا و فەوج بۆ سەرجەم لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە لیوای یەکەوە تاکو لیوای سی بەیەک شێوە و نەخشە و دیزاین جێبەجێ بکرێت. دووەمیان: پێکهێنانی لیژنەیەک کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و پێویستییەکانی لیواکان لەڕووی سەنگەرسازی و بارەگا و شوێنی حەوانەوە و ڕێگاوبان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ئەشغال، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی سەربازی، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی سەربازی و بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕییەوە بێت. سێیەمیان تەرخانکردنی بودجەی تایبەت (بڕێک پارەی دیاریکراو بۆ هەر لیوایەک) بە مەبەستی دروستکردنی بارەگا و پێداویستییەکانی سەنگەرسازی و بنکە جێگیرەکانیان، ئەمەش بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی لە نێوان لیواکاندا.

هەروەها لەمیانی بەدواداچوونی میدیایی گۆڤاری پێشمەرگەدا، عەقید ئومێد ڕەحمان محەممەد، جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغاڵ و نیشتەجێکردنی سەربازیی، دەربارەی مین و بۆمبی چێنرا و بوونی جۆرەکانی تەقەمەنییەوە گوتی: لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و لە ئەگەری هەبوونی مین و تەقەمەنی لە شوێنی دروستکردنی هەرپرۆژەیەک بۆ هەر یەکەیەکی سەربازیی، تووشی ئاستەنگێکی زۆر دەبین، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکە و هاوکات، بەهۆی نەبوونی کادری تایبەت و پسپۆڕ بە هەڵگرتنەوەی مین، ناچارین لایەنی پەیوەندیدار کە ئەندازەی سەربازییە ئاگاداربکرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردن و پووچەڵکردنەوەیان بگرنەبەر. هەروەها لەبارەی وەرزی زیاتری کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەشغاڵەوە، عەقید ئومێد ڕایگەیاند: ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێکردنی سەربازیی لەهەموو وەرزەکانی ساڵدا پرۆژەکان جێبەجێ دەکەین، بەڵام گونجاوترین وەرز بۆ

جێبەجێکردنـی پـرۆژەکان، وەرزی هاوینە، لەگەڵ ئەوەشـدا لە زسـتاندا بەهـۆی هاتنـی بەفـر و بـاران و لافاوەوە ڕێگاکان تووشـی ئاسـتەنگ دەبـن و سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە لـە بەرەکانی پێشـەوە پێویسـتیان بەتوندوتۆڵکردنەوە دەبێت.

سـەبارەت بەکارەکانیان لە کاتەکانی شـەڕ و ئاشـتی، جێگـری بەڕێوەبەر ڕوونیکـردەوە: بەپێـی سرووشـتی کارەکانـی ئێمـە لـە کاتـی جەنگ و ئاڵنگارییەکانـدا، زیاتـر سـەرقاڵی پتەوکردنـی بەرەکانـی پێشـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگەین، وەک پتەوکردنـی سـەنگەرەکان و هەوڵدان بۆ نەهێشـتنی کەموکـوڕی لە بواری سەنگەرسازییدا، بەڵام لەکاتی ئاشتیدا زیاتر خەریکی ئاوەدانکردنەوەی بنکە و بارەگاکان دەبین لەهەموو ڕوویەکەوە.

لەبـارەی ڕۆتیـن و دواکەوتنـی کارو پرۆژەکانـی بەڕێوەبەرایەتی ئەشـغال عەقید ئومێد نەیشاردەوە و ڕاشکاوانە گوتـی: بەڕێوەبەرایەتیمان بەدەرنییە لـە ڕیوشـوێنە کارگێڕییـەکان و ئەو ڕۆتینانـەی کـە لـە گشـت یەکەکان هەیە، بۆیە بێگومان تاکو هەوڵبدرێت ڕۆتیـن کـەم بکرێتەوە لـە بەرامبەردا کاتـی زۆرترمان بـۆ دەگەڕێتـەوە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا، چونکە لە پرۆسە و چوارچێوەی سەربازییدا کات لێکدانـەوەی وردی لەسـەر دەکرێت و زۆر گرنگ و بەنرخە.

دەربـارەی هەماهەنگـی و پەیوەندی بەڕێوەبەرایەتـی ئەشـغاڵ لەگـەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانـی وەزارەت و وابەستەیی پرۆژەکانەوە، عەقید ئومێد ئامـاژەی دا: بەڕێوەبەرایەتییەکەمـان سـەربە جێگری سـەرۆکی ئەرکانە بۆ کاروبـاری ئیـدارە و میرە، بۆیە لە ی بەردەوامدایـن. لە هەمانکاتدا، بەهۆی سرووشتی کارەکانمان لەگەڵ زۆربەی یەکـە سـەربازییەکان، پەیوەندیمان هەیـە، بەتایبەتـی بەڕێوەبەرایەتـی گشتی بودجە و بەرنامەکان.

لـە دروسـتکردن یـان بنیاتنانـی بارەگایەکـی سـەربازییدا، ئایـا دروسـتکردنی ئاسـانترە یـان نۆژەنکردنـەوەی بارەگایەکـی کـۆن، عەقیـد ئومێـد پێـی وایە کە ئەوەیـان دەگەڕێتـەوە سـەر ئـەوەی ئـەو بارەگایـە تـا چ ڕادەیـەک بـە پێـی سـتانداردە ئەندازییـەکان و سـەربازییەکان دروسـتکراوە. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دروستکرابێت، نۆژەنکردنەوەی ئاسـانتر و ئاسـاییە، بـەڵام ئەگەربـە پێـی پێـوەرە ئەندازەییەکان نەبێ، ئەوا دروستکردنی بارەگای نوێ باشتر و ئاسانتر دەبێت.

هەروەها سەبارەت بە لایەنی دارایی و بودجەی تەرخانکـراو بۆ پرۆژەکانیان گوتی: بێگومان تا تەرخانکردنی بودجە زیاتربێـت، بەڕێوەبەرایەتییەکەمـان دەسـتکراوەتر دەبێـت و توانـای ئاوەدانکردنـەوە و توندوتۆڵکردنـی سەنگەر، ساتر، شوێنەکانی حەوانەوە و نیشـتەجێکردنی پێشمەرگەی زیاتر دەبێت، بۆیە داواکارم لە بەرپرسـانی وەزارەت زیاتـر هەوڵبدرێـت بـۆ باشترکردنی بودجەکانمان، هەرچەندە بـە پێـی توانـای وەزارەت درێخـی نەکراوە بۆ ئەم مەبەستە. بە پێویستی دەزانـم لەڕێی گۆڤاری پێشـمەرگەوە سوپاسـی هەمووڵایـەک بکـەم کـە هەوڵـدەدەن بۆ پێشخسـتنی بنکە و بـارەگا سـەربازییەکانمان، بە تایبەت بەڕێـز سـەرۆکی ئەرکان کـە هەردەم لـە هەوڵ و کۆششـی بەردەوامدان بۆ بەرەوپێشـبردنی وەزارەت بـە گشـت پێکهاتـە و یەکە سـەربازییەکان و لە هەمـوو بوارەکانـدا. لـە کۆتاییدا زۆر سوپاسـی ئێـوەش دەکـەم بـۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە.

**سالانە ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتەکەمان لە خولەکانی دەرەوە بەشداردەبن**

**لە ماوەی ڕابردوودا کارمان کردووە لەسەر هەماهەنگی و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان**




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA
WWW.GOV.KRD/MOPA | December 2023
41
41

## کارگەی چاککردنەوەی ئامێری سەربازیی

# کارو ئەرکی بەردەوام و خزمەتکردنی زیاتر لە پێناو پێشخستن و بەهێزکردنی کەرتی گواستنەوەی هێزی پێشمەرگە

● ئامادەکردنی: فەوزی گۆران
● فۆتۆ: کاروان ڕەزا



عقید ڕەوەند کۆسرەت

رائد مسرور شێخ زرار

رائد بەشدار کارزان مەولود

سوپاکانی جیهان بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە بواری ئاسایشی گەیاندنی زەمینی سوپا دەدەن، گومانیش لەوەدانییە کە کارگەکانی چاککردنەوەی ئامێرە سەربازییەکان دەچنە خانەی دابینکردنی ئاسایشی سوپا بۆ پێشخستنی هۆکارەکانی گواستنەوەی هێزەکان، بەتایبەت لە حاڵەتی ناهەمواردا گرنگی ئەم بوارە دەردەکەوێت. وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگییەکی بەرچاوی بە کارگە و بنکەی چاککردنەوەی ئامێرو چەک داوە و لەم ڕووەشەوە، عقید ڕەوەند کۆسرەت عەبدولکەریم، فەرماندەی کارگەی چاککردنەوە لەبارەی بیرۆکەی کارگەی چاکردنەوە بە گۆڤاری پێشمەرگەی راگەیاند: کارگەی چاککردنەوە دوای ساڵی ٢٠١٠ لە میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە دیاریکراوە، بەڵام بەپێی میلاکی دیاریکراو کارمەند و فیتەری پێویستی نەبوو، تا لەساڵی (٢٠١٢) فەرمانی دامەزراندن بۆ چەند کەسێک وەک فیتەر دەرچوو، لەو کاتەوە دەست بەکاری فیتەریی و چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل کراوە، هەیکەلی چاککردنەوەی کارگە تا ئاستێکی پێویست کاراکراوە.

فەرماندەی کارگەی چاککردنەوە ئەوەشی گوت: کارگەی چاککردنەوە پشتیوانییەکی زۆر گرنگە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لەسەرەتادا بەهۆی کەمی میلاک و شوێن و کارمەندان، نەتوانرا وەک پێویست ئەرکەکان جێبەجی بکرێن، بەڵام دوای ساڵی (٢٠١٢) بەهاوکاریی وەزارەتی پێشمەرگە، کارکردن لە کارگەی چاککردنەوە دەستی پێکردووە و ڕۆژانە بە پێی پێویست کارکراوە. ڕوونیکردەوە،



کارگەکەمان سەر بە فەرماندەیی ئەندازیاریی کارەباییە (الهندسة الالى الكهربائية)، هەموو کارە کارگێڕییەکانی کارگەی چەککردنەوە لە ڕێگای فەرماندەیی (ە.ا.ک) بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی. بەگشتی کارو ئەرکەکانی ئەم بنکەیە چاککردنەوەی گشت ئامێرەکانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە و چاککردنەوەی چەکەکانە.

لەبارەی پێوەرەکانیان بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل، فەرماندەی کارگە گوتی: بەپێی ڕێنمایی پەسەندکراوی ساڵانە کە چەند بڕگەیەکی دیاریکراوە، ئەرکەکانمان جێبەجێ دەکەین.

فەرماندەی کارگە ڕایگەیاند: هەر ئامێرێکی سەربازیی لەکاربکەوێت یان پێویستی بە چاککردنەوە هەبێت، چاکدەکرێنەوە، ئەوەش دوای ئەوەی لە یەکەکەی خۆی نوسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەرکان دەکرێت، دواتر سەرۆکایەتی ئەرکان نوسراوەکە دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتیی فەرماندەیی (هـ.ا.ک). دوای ئەوە لەلایەن هەردوو لیژنەی وەزارەتەوە (کەشف و تەخمین)ی لەسەر دەکرێت، پاشان بەرادەکانی کارگەی چەککردنەوە (کەشف و تەخمین)ی خۆیان بۆ دەکەن و بەرزدەکرێتەوە بۆ (هـ.ا.ک). دواتر نوسراو دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی و سەرۆکایەتی ئەرکان- ئیدارە، میرە لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی سەربازیی، بڕی پارەی پێویستی بۆ دیاریدەکات و لەلایەن لیژنەی وەزارتەوە چاککردنەوەی ئامێرەکان ڕێکاری چاکردنەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێت.

لەبارەی هاوکاریکردنیان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە عقید ڕەوەند ڕوونیکردەوە: بە دڵنیاییەوە ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە هاوکاری تەواومان نەبێت، ئەرکەکانمان بەپێی پێویست جێبەجێ نابێت. ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە پێویستمان بە هاوکاریی وەزارەتە، چونکە ئەم کارگەیە داینەمۆی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و تەنانەت هەموو جۆرە چەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. لەگەڵ ئەوەشدا جێگای ئاماژەپێکردنە کە ستافی باڵای وەزارەت هەموو هاوکارییەکی ئەم کارگەیەیان کردووە، تاوەکو بتوانێت بە باشترین شێوە کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

لەبارەی هەماهەنگی هاوپەیمانان، فەرماندەی کارگە ئاماژەی بەوە دا: لەسەرەتای هاتنی گروپی تیرۆریستی (داعش)دا هاوپەیمانان ستافێک و دوو وەرشەی گرینگیان بۆ دەمەزراندین: وەرشەی ئامێرە ئەمەریکییەکان و وەرشەی ئامێرە ئەڵمانییەکان، ئەم دوو وەرشەیە گرنگییەکی زۆری بۆ چاککردنەوەی هەردوو جۆرە ئامێرەکان هەبوو. دوای تەواوبوونی ئەرکی هەردوو ستافی هاوپەیمانان، ئێمە لە لایەن فیتەرەکانی خۆمانەوە بەشێوەیەکی زۆر باش ئامێرەکان چاکدەکرێنەوە. هاوپەیمانان لە دابینکردنی بەشێک لە کەلوپەلی ئامێرە ئەمریکی و ئەڵمانییەکان هاوکارییان کردووین، هەروەها لەڕووی ڕاهێنان و چاککردنەوەی ئامێرەکانەوە وڵاتی ئەڵمانیا چەند خولێکی لەم وڵاتە بۆ فیتەرەکانمان کردووەتەوە، هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتییەوە ڕاهێنانی چاکردنەوەی چەک و ئامێرەکان بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجامدەدرێت.

دەربارەی هەبوونی بنکەی چاککردنەوە لە لیواکان و یەکە جیاوازەکان، فەرماندەی کارگە ئاماژەی دا: بەڵێ بە پێی میلاکاتی وەزارەتی پێشمەرگە لە فەوجەکان مەفرەزە و لە لیواکان فەسیلی چاکردنەوە هەیە و بڕێک پارەش وەک سلفەی چاکردنەوەی ئامێرەکان وەردەگرن.

پلانیشمان هەیە بەشی چاککردنەوە لە لیواکان بکەینەوە، ڕۆژانەش کاتژمێر (٨)ی بەیانی تاوەکو کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ لە ئەرکی فەرمیی خۆمانداین، بەڵام ئەگەر پێویست بێت و کارمان هەبێت بەردەوام دەبین لە ئەرک و پەیوەست نابین بە کاتەوە. ئێستا بەهۆی شارەزایی و ئەزموونی فیتەرەکانی کارگەی چاککردنەوە لە تواناماندا هەیە بەشی زۆری ئامێرو ئۆتۆمبێلەکان چاکبکەینەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هەندێ پێویستی، ناتوانین گشت چاککردنەوەکان بکەین. بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورییانە، پلانمان هەیە چەند بەشێکی تر لە کارگەی چاککردنەوە بکەینەوە، وەک بەشەکانی (کۆمپیوتەر، ئامێری تێستکردنی نۆزڵ، کۆیل، گێچ و بلانس و دروستکردنی بینای بارەگایی کارگە) ئەمەش بۆ ئەوەی کارەکانمان بەخێرایی ئەنجامبدەین و هاوکات کارگەکەمان لەداهاتوودا پێشبخەین.

لە کۆتایی وتەکانیدا فەرماندەی کارگە گوتی: داواکارم بەرپرسانی باڵای وەزارەت گرنگی زیاتر بەکارگەی چاککردنەوە بدەن، بەتایبەتی لەڕووی دامەزراندنی کارمەندی شارەزای بواری چاکردنەوە و دابینکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە پێویستە، هەروەها دروستکردنی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

41







بارەگای کارگە.

بە پێویستیشی دەزانم کە زۆر سپاسی بەڕێوەبەرایەتی میری گشتی و سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکان بکەم کە هەمیشە و بەردەوام هاوکارو پشتیوانمانن، داواشم هەیە لە ئایندەدا شێوازی چاککردنەوە گۆڕانکاری تێدا بکرێت،چونکە بەهۆی زۆریی ڕۆتینەوە، چاککردنەوەکان دوادەکەوێت، پێشنیاردەکەین بۆ زووتر چاککردنەوەی ئامێرەکان، لە ڕێگای یەک لیژنەی شارەزاوە کارە ڕۆتینەکان ئەنجام بدرێن.

بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر کارەکانی کارگە، رائد بەشدار کارزان مەولود، جێگری فەرمانده‌ی کارگەی چاککردنەوە رایگەیاند: دوای ئەوەی نووسراوی چاککردنەوە لە وەزارەتی پێشمەرگە دێتەوە بۆ فەرماندەی (هـ.ا.ک) لە بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی، ئێمە ڕێکارەکانی چاککردنەوەی ئامێرەکان لەلای خۆمانەوە دەستپێدەکەین و کاری لەسەر دەکەین. ئێمە سەرەتا کەشف و تەخمین بۆ ئەو ئامێرەکە دەکەین کە تێکچووە و یان لەکارکەوتووە، دواتر بەرزی دەکەینەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، تاوەکو لە ژمێریاریی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە پارەی بۆ دابیندەکرێ. دواتر لیژنەیەک هەیە، کە لیژنەی چاککردنەوەی ئامێرەکانی وەزارەتی پێشمەرگەیە. دوای ئەوەی ئەو برە پارە دیاریکراوە وەرگیرا، ڕێکاری چاککردنەوەی دەگرینەبەر، ئێمە چەند بەشێکی چاککردنەوەمان هەیە کە بریتیین لە بەشی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی گەورە، بەشی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی بچووک، بەشی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی ئەڵمانی، بەشی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی ئەمریکی و بەشی چاککردنی چەک. هەر چەکێک لەکار بکەوێت لە لیواکان چاکی دەکەینەوە، هەروەها بەشی چاککردنەوەی مۆلیدەمان هەیە. هەر یەک لەم بەشانە بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک کاری خۆیان دەکەن. ئەو فیتەرانەی ئێمە بەڕاستی کەسانی شارەزا و پسپۆڕن، هەرچەندە کەموکورتیمان هەیە لە بەشی کۆمپیتەر، چونکە ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئێستا هەمووی عەقڵیان هەیە، دەبێت کەموکورییەکەی بە کۆمپیوتەر دیاری بکرێت. کۆمپیوتەر زۆر پێویستە و تەواوکاری کارەکانمانە. هەروەها بەشی تێستی نۆزڵمان هەیە، بەڵام نەکراوەتەوە، پێویستە بەهاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە بکرێتەوە. داواشمان کردووە و ئومێد دەکەین کاری بۆ بکرێت. هەروەها بەشی بڵانسمان نییە، ئەو چەند بەشانەی وەکو کارگە و شوێنی چاککردنەوە ئەوها نین بتوانین بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ کارەکانی خۆمان بکەین، سەرەڕای ئەوەش هەر کاری خۆمان کردووە و نەوەستاوین.

رائد بەشدار کارزان ڕوونیکردەوە: بەو پێیەی لەڕووی ئەمنییەوە نابێت ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بنێردرێنە دەرەوە و لە ناوچەی پیشەسازی چاکبکرێنەوە، بەڵام بۆ برێک کار لەڕووی مادییەوە پارەی تێچووی زۆر دەکەوێتە سەر وەزارەت، بۆ نموونە: یەک تێستی کۆمپیوتەر بۆ یەک ئۆتۆمبێل بە (٢٠ تا٣٠) هەزار دینار لەدەرەوە دەکرێت، ئەگەر ئێمە لێرە هەمانبێت، یەک کارمەند کۆمپیوتەرەکە بەکاردەهێنێت و لەماوەی (٢٥) خولەک کارەکە دەکات و کەموکورییەکە دیاری دەکات و بە ماوەیەکی کەمیش دەتوانین ئۆتۆمبێلەکە چاکبکەینەوە، بەڵام بەهۆی ئەو کەموکورییەی هەیە، کەمێک ئۆتۆمبێلەکانمان چاککردنەوەیان دوادەکەوێت. لەگەڵ ئەوانەش، کێشەیەکی ترمان هەیە لەڕووی کارگێرییەوە، بەڕاستی کێشەمان ئەوەیە هەر ئۆتۆمبێلێک کە تێکدەچێ نزیکەی (٢) بۆ (٣)مانگی پێ دەچێت تاوەکو فەرمانی ئەو پارەیەی کە ئێمە بۆیمان دیاری کردووە بۆی خەرج دەکرێت، ئۆتۆمبێلێک کە شتێکی تێکچووە تو بتەوێ بۆ ماوەی (٢) تا (٣) مانگ یان دەبێت بوەستێ یان ئەگەر هەر بەکاربێت، تێچووی زیاتری دەوێت و جگە لەو کەموکورییەی هەیەتی، شتی دیکەشی دێتەسەر، بۆیە دەمانەوێت لە ئایندەدا بتوانرێت ئەو کەم و کوڕییانە چارەسەر

بکرێن و ئەو کارگەیە ببێتە کارگەیەک کە هیچ ئۆتۆمبێلێکمان بۆ چاککردن نەچێتە دەرەوە و لەلایەن ئەو ستافەی خۆمانەوە کە بەڕاستی کەسانێکی زۆر شارەزا و پرۆفیشناڵ و بەئەزموونن، چاکبکرێنەوە. راشیگەیاند: هەرچەندە ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا، لە ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ بەشێکی دیکەمان بۆ دەمەزرێندرا، لەو بەشەدا توانیمان زۆربەی ئامێرەکان چاکبکەینەوە، بۆ نموونە: لە (١-١-٢٠٢٣) تا ١-٩-٢٠٢٣) بەدیاریکراویی (٤٦٠) ئۆتۆمبێلمان چاککردووەتەوە، ئەمەش ئەگەر بێتو بەپارە لەدەرەوەی کارگە چاکبکرایەتەوە تێچووی زۆر زۆر دەبوو، دەبووە بارگرانییەکی دارایی بەسەر حکومەتەوە، بەڵام ئێمە زۆربەی ئامێرەکان لێرە خۆمان چاکیان دەکەینەوە کە زۆرجار لەبازار نەتوانراوە چاک بکرێت. ساڵی (٢٠٢٢) نزیکەی (٧٤٩) ئۆتۆمبێلمان چاککردووەتەوە بە ئۆتۆمبێلی ئەڵمانی و ئەمریکی و مۆلیدە و هەموو لەکارکەوتووەکانەوە کە ئەمەش کارێکی زۆر گرنگە، توانیمانە ئەو بارگرانییە لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە کەم بکەینەوە. لەکاتی شەڕی داعشدا دوو ستافی ئەمریکی و ئەڵمانی هاتنە ئێرە و داوامان لێ کردن وەرشەیەکمان بۆ بکەنەوە و لەگەڵ وەرشەکە ستافێکمان بۆ بێنن کە شارەزاییان هەبێت لە ئامێرەکانی ئەمریکی و ئەڵمانی، چونکە ئێمە لە کوردستان ئەو جۆرە ئامێرانەمان نەبووە. کاتێک ئەوان هاتن، ئێمە وەکو کارگەی چاککردنەوە ستافێکی خۆمان لەگەڵیان کەوتینە کارکردن، چ وەک هاوکاریکردنیان لەکاتی کارکردن و چ وەک شارەزابوون و ئاشنا بوونیان لە چاککردنەوەی ئەو ئامێرانە. خۆشبەختانە دوای گەڕانەوەی ستافە ئەڵمانی و ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان، لە ئێستادا ئەرکی چاککردنەوەی هەموو ئامێرە ئەمریکی و ئەڵمانییەکان لەلایەن ئەو ستافانەی لەگەڵیان دامانابوون جێبەجێ دەکرێن، بەزووترین کات چاکیان دەکەنەوە و بەخێرایی دەنێردرێتەوە میحوەرو لیوا و شوێنەکانیان، چونکە دەبێت ئۆتۆمبێلەکانی خزمەتگوزاریی بەزووترین کات چاکبکرێنەوە.

رائد بەشدار ئاماژەی دا کە بۆ کەمکردنەوەی رۆتینات کە نزیکەی (٢ بۆ ٣) مانگی پێدەچێت، پێشنیازمان کردووە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئەو نووسراوانەی کە دەکرێت بەو شێوەیە نەبێت و یەک لیژنە بێت، لەبەر ئەوەی ئێستا لیژنەیەکمان هەیە (لیژنەی کەشفکردن) کە ٧ کەسە، لیژنەیەکی ترمان هەیە کە لە ٦ کەس پێکهاتووە، زۆربەیان ئەفسەرن ٣ بۆ ٤ کارمەند هی خۆمانی تێدایە، ئەگەر بێتو وەزارەتی پێشمەرگە ئەو پێشنیارەی ئێمە قەبوڵ بکات یەک لیژنەی پسپۆڕ لە لیژنەی ئامێرەکان دروست بکرێت، بەشی موزەخەراتمان هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی، لەم بەشەدا دەتوانین بەیەک لیژنە ئەو پارەیەی وەربگیرێت و بچێت کەلوپەل بکڕێت. هەرچەندە کێشەیەکی دیکەمان هەیە، وەک جۆراو جۆریەتی ئوتۆمبێلەکان کە بەداخەوە یەکنەخراوە، ئومێد دەکەین لە ئاییندەدا ئەوە بکرێت، نزیکەی (١١٥) جۆر ئۆتۆمبێلمان هەیە کە زۆر زۆرە، دەبێت یەکبخرێت، ئەو یەکخستنە بۆ ئێمە زۆر باش دەبێت، بۆ نموونە: ئەگەر ئوتۆمبێلەکانمان جۆراوجۆر بێت (١٠) جۆریش بێت، (١٠) فیول پەمپی ئۆتۆمبێل دەکڕدرێت، ئەم فیول پەمپانە هەر کاتێک ئۆتۆمبێلێکی وەزارەتی پێشمەرگە لە میحوەرێک یان لیوایەک یان لە هەر شوێنێک بێت کاتێک لەکار دەکەوێت، دەتوانرێت بهێندرێتە لامان، ئەگەر یەک لیژنە دابینی بکات بە ماوەی نیو کاتژمێر ئوتۆمبێلەکە چاکدەکرێتەوە و دەگەڕێنرێتەوە بۆ سنوورەکەی، ئەو ماوە زۆرەی پێ ناچێت، وەک ئەوەی ئێستا (٢بۆ٣) مانگی پێ دەچێت، بۆیە ئومێد دەکەین ئەو پێشنیازانەمان قبوڵ بکرێن. گوتیشی: دوای رۆیشتنی ستافی هاوپەیمانان، فیتەرە بە ئەزموون و کارامەکانی خۆمان، کارەکان رادەپەڕێنن و هاوکات، چەندین فیتەری سەر بەکارگەی چەککردنەوەمان ناردووە بۆ خول لە وڵاتی ئەڵمانیا و سوود و ئەزموونی زۆر باشیان وەرگرتووە، لە بەغداش بە بەردەوامی خول دەکرێتەوە، فیتەرەکانمان بەشداریی زۆرێک لەو خولانە دەکەن، خولی بەردەوام بۆ بواری چاککردنەوە و خولی شوفێری بۆ لیوایەکان و ئەو شوێنانەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن بە سەرپەرشتی (هـ.ا.ک) دەکرێنەوە.



رائد مەسرور شێخ زرار فەرماندەی بەشی چاککردنەوەی چەک بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دوا و تیشکی خستە سەرکار و ئەرکەکانی بەشی چاککردنەوە و گوتی: ئێمە وەکو بەشی چاککردنەوەی چەک لەکارگەی چاککردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی، ئەو چەکانەی لە میحوەرەکان یان لیواکان یاخود هەر شوێنێکی سەربە وەزرەتی پێشمەرگە کە لەکاردەکەوێ، لا ئێمە چاک دەکرێنەوە، بەتایبەتی لە کاتی شەڕدا چەکێکی زۆرمان بۆ دێت، کۆمەڵێک شارەزای باشمان هەیە بۆ چاککردنەوەی چەکی (سووک و مامناوەند و قورس)، جگە لەوەش دوو کارمەندی شارەزای چاککردنەوەی (دووربینی شەو)مان هەیە، کاتێک دووربینێک تێکدەچێ بە نووسراو دەگاتە لای ئێمە، دەستبەجێ چاکدەکرێتەوە، هاوپەیمانیش زۆر هاوکارمانن لە دابینکردنی کەلوپەلی یەدەگ. لەماوەی شەڕی داعش و تا ئەم ماوەیەش نزیکەی (٣٠٠) چەکمان چاککردووەتەوە و گەڕاندوومانەتەوە بۆ لیواکانیان و شوێنەکانیان، لە ئێستادا ئەو چەکانە کاریان پێ دەکرێت و هیچ کێشەیەکیان نییە. روونیکردەوە کە ستافەکانمان زۆر خولیان بینیوە، لە وڵاتی ئەڵمانیا مەشقیان پێکراوە و بڕوانامەیان پێ بەخشراوە، هەروەها لەگەڵ هاوپەیمانانیش مەشقیان کردووە، یەکێک لەوانە چاککردنەوەی چەکی میلانە کە ئەوە دەستکەوتێکی بە نرخە بۆ ئێمە، چونکە لە ئێستادا هیچ گیروگرفتێکمان بۆ دروست نەبووە و لەئاییندەشدا گرفتمان نابێت لە چاککردنەوەی هەموو جۆرە چەکەکان.

41

# وەزارەتی پێشمەرگە
# بەردەوامە لە چالاکییەکانی تایبەت بە رووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان



**ئامادەکردنی: رائد تاریق فەریق خورشید**

**لە چوارچێوەی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هۆشیاریی نیشتمانی و راگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرجەم بوارە جیاجیاکان، لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٣ بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی راسپاردە نێودەڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە رێگای رێکخراوی یەکترقبوڵکردن (A.O.O) و بە پاڵپشتی رێکخراوی ئاژانسی ئیتاڵی بۆ هاوکاری مرۆیی سیمینارێکی چوار رۆژە بە بەشداری (٤٠) ئەفسەری یەکە جیاوازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە بارەی رووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و توندوتیژی خێزانی بەڕێوەچوو.**

ئەم سیمینارە لەلایەن ئەکادیمیستانی ناوخۆیی زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆی دهۆک پێشکەشکران و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تۆکمە و رێکخراو، رەهەندەکانی ئەم دوو بابەتە خرانەڕوو، لە سەرەتای سیمینارەکەدا تیشکخرایە سەر بابەتەکانی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان، کە تیایدا چەندین زانیاری و شیکردنەوەی زانستی و یاسایی و مرۆیی و چۆنیەتی یەکترقبوڵکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی و لە چوارچێوەی خێزاندا بە تایبەتی خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانە، لەم بارەوە گفتوگۆی تێروتەسەلیان لەسەر کراو تیشک خرایە سەر جۆر و هۆکار و رەهەندەکانی توندوتیژیی خێزانی و چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر توندوتیژییەکان، هەروەها باس لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان کرا لە بەرامبەر رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەت و خێزان و منداڵ، لەم چوارچێوەیەشدا، لەلایەن ئامادەبووانی سیمینارەکەوە سەرنج و تێبینی و پێشنیازی گرنگ ئاڵوگۆڕکران..

ئەوەی جێگای باسە، کۆمەڵگەی کوردەواری سەرەڕای ئەوەی توندوتیژیی خێزانی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاوێتەیە بە دابونەریتی دەوڵەمەند و کەلتووری یەکترقبوڵکردن، بۆیە رێزی تایبەتی لە پێگەی ئافرەت ناوە و لەسەر بنەمای دەوڵەمەندی کەلتوورەکەی و پابەندییەکانی بە بەهامرۆییەکان، ئافرەتی کورد سەربەرزانە پەیڕەوەی مافەکانی خۆی دەکات، هاوکات مێژووش گەواهیدەری ئەم بابەتەیە و نموونەی زیندوو بەردەستن وەک حەپسەخانی نەقیب، شەهید لیلا قاسم و چەندان ئافرەتی بیرمەند و ئەدیب و شۆڕشگێری دیکە، کە رۆڵ و کاریگەریی بەرچاوییان لە بەڕێوەبردن و رووبەڕووبوونەوەی ستەم و زۆرداری هەبووە و شان بەشانی پیاوان رۆڵیان گێڕاوە.

41



ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگەدا لە سەرجەم کایەکانی ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە رۆڵی بەرچاوی هەبووە و بەهۆی ئەو بەها گەورەیەی بۆی دانراوە، کاریگەریی دیاری هەبووە لە ناو چین و توێژە جیاوازەکاندا، بە تایبەتی لە پەروەردەرکردنی رۆڵەی تەندروست و بە ئەمەک بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان، هاوکات بۆ بووژانەوەی کۆمەڵگە و شارستانییەت و نەتەوە، بەبێ ئافرەت ناتوانرێت کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەم بهێنرێت و پەروەدەی دروستی تێدابکرێت و ژیانێکی شایستەی پێ ببەخشرێت. ئافرەتی کورد ئێستا جگە لە کاری ناو ماڵ، لەبوارەکانی کارگێڕی و سیاسی، خۆی سەلماندووە.

لە تەوەرێکی دیکەی ئەو سیمنارەدا، تیشک خرایە سەر کاریگەرییە خراپەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان، کە لە ئێستادا جیهان رووبەڕووی مەترسیی راستەقینەی ئەو ماددەیە بووەتەوە و هەرێمی کوردستان و عێراقیش لە مەترسیی ئەو کێشە جیهانییە بەدەرنین، کە وەک تیرۆرێکی سپی ناوزەند دەکرێت،

لەم سمینارەدا، کە بەشداربووان ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگەبوون، تیشک خرایە سەر ئەوەی کە چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیاتر هۆشیار و رۆشنبیرتربکرێن لە بەرامبەر ناساندنیان بۆ مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر، کە وەک ژەهرێکی کوشندە و دوژمنێکی شاراوە خەریکە کۆمەڵگەکان بەرەو ترازان دەبات، ئەمەش بووەتە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کە لەم ساڵانەی دوایدا هەرێمی کوردستانیشی گرتووەتەوە و تا رادەیەک کاریگەریی لەسەر تاکی کۆمەڵگەی کوردیدا بە دیارکەوتووە، بۆیە بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی تاک و وڵات دادەنرێت.
لەو چوارچێوەیەشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا ئەمنییەکان، بۆ رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو ماددە مەترسیدارە هەنگاوی گرنگییان ناوە.
هاوکات لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای تایبەت بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو دیاردەیە دەرکراوە و بە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٢٠ پەسەند کراوە و بەرکارە، بەپێی ئەو یاسا بەرکارە، سزای توند بۆ بەکارهێنەران و بازرگانانی ماددەی هۆشبەر دیارکراوە کە ئەمەش هەنگاوێکی کرداری و بەجێیە بۆ ئەوەی رووبەڕووی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر ببینەوە.

هەر لە چوارچێوەی سیمینارەکەدا، د.دیندار زێباری بەرپرسی فەرمانگەی راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستەسەر مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و ئاماژەی بەوەکرد کە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان رووبەڕووی ئەو مەترسییە بووەتەوە و کۆنترۆڵکردنیشی پێویستی بە هاوکاریی هەموولایەکە، بە تایبەتی دام و دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان پێویستە هاوکار و هەماهەنگ بن و زیاتر هۆشیاربن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر پارێزراو بێت و نەبێتە کێڵگەیەک بۆ نەیاران و چاوچنۆکیی بازرگانە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە پێوستە بە هەمووڵایەک هەوڵی جدی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بدرێت.

41

## جەنگی روسیا و ئۆكرانیا

# هۆكارەكان، لێكەوتەكانی لەسەر دۆخی ئابوری و پرسەكانی جیهان




ئامادەكردنی: نقیب رەعد مەحمود

**لەگەڵ دەسپێكردنەوەی ئەم گەڕەی جەنگی روسیاو ئۆكڕانیا، جیهان كەوتە پشێوی و ئاڵۆزییەكی زۆر بەو لێكەوتانەی كاریگەریی دیاریان هەبووە لەسەر كۆی كایەكانی ژیان لە رووی سیاسی، ئەمنی، سەربازیی، ئابوریی، تەندروستی، ژینگەیی، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ململانێیانەیە كە هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەكان بە مەبەستی بەدەستهێنانی فراوانخوازیی جیۆسیاسی و ئابووریی دروستیانكردووە، بەمەش مرۆڤایەتی زیانی زۆری بەركەوتووە، بە تایبەتی لە رووی كورتهێنانی ئابووریی و بژێوی ژیانەوە، ئەمە جگە لەو كوشتارییەی لێی كەوتۆتەوە، جەنگی روسیا و ئۆكرانیاش لە كاتێكدا دەستیپێكرد، كە جیهان بەهۆی لێكەوتە خراپەكانی پەتای كۆڕۆنا دەیناڵاند و سەرەتا و هیوایەك دروستببوو بۆ ئەوەی كاریگەرییەكانی ئەم پەتایە بڕەوێنرێتەوە و بوژانەوەیەكی بەرچاوی ئابووری بێتە كایەوە، لەلایەكی تر كیشوەری ئەوروپا كە بە سەنتەرێكی گرنگی كاریگەر لە رووی ئابووری و سیاسی دادەنرێت، دوچاری شەڕێكی درێژخایەن بووەیەوە، نزیكەی حەوت دەیە دەبوو ئەوروپا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئارامی و بوژانەوەی بە خۆیەوە بینیبوو، دەتوانرێت بگوترێت ئەوروپا لە جەنگدایە و جیهانیش بەدەست لێكەوتەكانیی گیرۆدەبووە.**

### هۆكارەكانی هەڵگیرسانی جەنگی روسیا و ئۆكرانیا

هۆكارەكانی هەڵگیرسانی ئەم جەنگە چەندین رەهەندی جیاوازی هەیە و ململانێكانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بە تایبەتی لە دوای هەڵوشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت و جیابوونەوەی ئۆكرانیا دەستیانپێكرد لەسەر چەندین پرسی وەك خاك، ئەمنی، سەربازیی و ئابووری، ململانێكان بە تێپەربوونی كات زیاتر پەرەیانسەند و روسیاش بەردەوام وڵاتانی رۆژئاوا بەوە تۆمەتبار دەكات كە ئۆكرانیا لە دژی بەرژوەندییەكانی ئەو وڵاتە بەكاردەهێنن.

لێرەدا بە پێویست زانرا روداوەكان لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بخرێنەڕوو، كە لەو ساڵەدا روسیا ژمارەیەك ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەسەر خاكی ئۆكرانیا ئەنجامدا و ژمارەیەك شوێنی ستراتیژیی و گرنگی لە نیمچە دوورگەی قرم دەستبەسەر داگرت و خستیە ژێر هەژموون و سەروەری خۆی، دواتر راپرسییەك ئەنجامدرا بۆ یەكلاییكردنەوەی چارەنووسی قرم لە نێوان روسیا وئۆكرانیا، بەگوێرەی راگەیاندنەكانی روسیا زۆربەی دانیشتوانەكەی بۆ بەرژوەندی چوونە ژێر دەسەڵاتی روسیا دەنگیاندا و دواتر لەو چوارچێوەیەدا بوونە بەشێك لە روسیای فیدڕاڵ، لەم سەروبەندەدا، جوداخوازانی هەرێمی دۆنباس لە رۆژهەلاتی ئۆكرانیا كە روسیا پاڵپشتیدەكردن دەستیانكرد بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان، دواتر پەرەیسەند بۆ رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لە نێوان جوداخوازەكان و حكومەتی ئۆكرانیا، لە ئابی هەمان ساڵدا هێزەكانی روسیا بە كۆمەڵێك زرێپۆشەوە پەڕینەوە بۆ سنورەكانی هەرێمی دونتیسك و دۆنباس بۆ پاڵپشتیكردنی جوداخوازەكان لەو هەرێمانەی رۆژهەلاتی ئۆكرانیا، كۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە نێویاندا رێكخراوی لێبوردەیی نێودەڵەتی سەركۆنەی ئەم كارانەی روسیایان كرد و هەریەك لە یەكێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی



ئەمریکا کۆمەڵێک سزای ئابوریيان بەسەر ئەم وواڵتەدا سەپاند، گرژی و ململانێیە سەربازیی و سیاسییەکان لە نێوان هەردوولا بەردەوام بوو، لە مانگی ئابی (٢٠١٦) دا ئۆکرانیا رایگەیاند، روسیا بە درێژایی سنوری نیمچە دورگەی قرم هێزەکانی بڵاوەپێکردووە و دەروازە سنورییەکانیشی داخستووە، لە ١٠ی ئابی هەمان ساڵدا روسیا رایگەیاند کە لە رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزەکانی ئۆکرانیا دوو سەربازییان کوشتووە و ژمارەیەکیش برینداربوونە، بەڵام ئۆکرانیا ئەمەی رەتکردووە و سەرۆکی ئۆکرانیای ئەو کات (پێترۆ بۆرچینکۆ) گوتی: روسیا بە نیازە داگیرکاریی لە سەرتاسەری ئۆکرانیا ئەنجام بدات.

لە (٢٠١٨ /١١/٢٥)دا هێزەکانی دەریاوانی روسیا لە گەرووی کریتچی ژێر کۆنترۆڵی خۆی تەقەیان لە سێ کەشتی جۆری بی ١٧٥ و ژمارەیەک کەشتی تری بچوکی ئۆکرانیا کرد، بەهۆی ئەم کاردانەوانەی روسیا لە پەرلەمانی ئۆکرانیا بە کۆی دەنگی ٢٧٦ پەرلەمانتار داواکرا وەڵامی ئەو پێشێلکارییانەی روسیا بدرێتەوە.

ململانێیە سەربازیی و ئەمنییەکان لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا رۆژ لە دوای رۆژ پەرەیانسەند و هەریەکەیان ئەویتریان تۆمەتباردەکرد بە دەستوەردان لە کاروباری یەکتری، بە تایبەتی نیگەرانییەکانی روسیا لە بارەی پەرەپێدانی ووزە لە بواری ووزەی ئەتۆم لەلایەن ئۆکرانیاوە، هەروەها هەوڵەکانی ئەو وواڵتە بە نزیکبوونەوەی لە رۆژئاوا و ویستی بۆ ئەندامبوون لە هاوپەیەمانێتی ناتۆ و هەوڵەکانیان بۆ ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپادا، ئەم دۆزە روسیای تەواو نیگەرانکرد و بە پێشێلکارییەکی گەوەری دەبینی لەسەر ئاسایشی وواڵتەکەی.

لەساڵی (٢٠٢٠)دا ڤلادیمێر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا واژووی لەسەر ستراتیژییەتی نوێی ئاسایشی نیشتمانی ئۆکرانیا کرد، بە مەبەستی کارکردنی زیاتر لەگەڵ هاوپەیمانییەتی ناتۆ و دواتر بۆ ئەندامبوونی هەمیشەیی لە هاوپەیمانێتیەکەدا، پاشان بۆ یەکەم جار ئۆکرانیا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی تورکی لە جۆری بەیرەقدارB٢ لە رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا بەکارهێنا، لە دوای ئەم پەرەسەندانە نیگەرانییەکانی روسیا زیاتربوون.

لە مانگی ٣ تا مانگی ١٠/ ٢٠٢١ روسیا دەستی بە ئامادەکاریی سەربازیی کرد و هێزەکانی لەسەر سنوری ئۆکرانیا زیاترکرد، ئەم گردبوونەوە سەربازییانە لە مانگە دەستکردەکان بە ئاشکرا بینران و سەرۆکی ئۆکرانیا رایگەیاند نزیکەی ١٠٠،٠٠٠ سەد هەزار سەربازی روسی بە چەک و جبەخانەی قورسەوە لەسەر سنورەکانمان گردبوونەتەوە، لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١/١٧ هێزەکانی روسیا بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتی بیلاروسیا چوونە سنورەکانی باکوری ئۆکرانیا.

لە مانگی (٢٠٢٢/٢)دا واشنگتۆن رایگەیاند: نزیکەی ١٠٠٠ هەزار سەربازییان لە ئەڵمانیا و پۆڵەندا و ١٠٠٠ هەزاری تریشیان لە رۆمانیا بڵاوەپێکردووە، هاوکات هاوپەیمانێتی ناتۆش رایگەیاند کە لە حالەتی ئامادەباشیدان، لە (٢٠٢٢/٢/١٠)دا روسیا ئەو دەنگۆیانەی ئەمریکای رەتکردەوە کە گوایە بە نیازن ئۆکرانیا داگیربکەن، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییەکان سوربوو لەسەر ئەوەی کە روسیا نیازی هێرشی هەیە، بۆیە ٣٠٠٠ سێ هەزار سەربازی تری رەوانەی پۆڵەندا کرد، ئەو کات جۆو بایدن سەرۆکی

41



ئەمریکا پەیامێکی بۆ سەرۆکی روسیا نارد و پێی راگەیاند لە ئەنجامی هەر کردەیەکی سەربازیی بۆ سەر ئۆکرانیا دووچاری سزای قورس دەبنەوە، بەڵام روسیا گوێی پێنەدا و لە (٢٠٢٢/٢/٢١) ڤلادیمێر پۆتین دانی نا بە سەربەخۆیی کۆماری لۆگانسک و دۆنتێسک، کە پێشتر ئەم شوێنانە بەشێکبوون لە ئۆکرانیا، بەڵام روسیا پاڵپشتی جیابوونەوەیانی دەکرد.

لە (٢٠٢٢/٢/٢٤)دا کە جیهان بە کاریگەرییەوە لە پێشهات و رووداوەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەی دەروانی و چەندین لێدوان و هەوڵ لە سەرکردەکانی جیهان بینران بۆ ئەوەی رێگریی بکرێت لە هێرشی روسیا، بەڵام دواجار لەم رۆژەدا سوپای روسیا هێرشی زەمینی لە باکور و رۆژهەڵات و باشووری ئۆکرانیا ئەنجامدا، جگە لە هێرشی موشەکی و ئاسمانی بۆ سەر چەند ناوچە و پێگەیەکی ستراتیژی ئەو وڵاتە، کە سەرۆکی روسیا ڤلادیمێر پۆتین ناوی نا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت لە ئۆکرانیا.

لەسەرەتای هێرشەکانیدا روسیا توانی ناوچەیەکی فراوان لە خیرسۆنی باشووری ئۆکرانیا داگیربکات، لە مانگی (٣)ی هەمانساڵدا روسیا توانی نزیک ببێتەوە لە کۆنترۆڵکردنی خارکیف، یەکێک لە شارە گەورەکانی ئۆکرانیا، لە (٢٠٢٢/٤/٢١)دا سەرۆکی روسیا رایگەیاند: بەشێکی شاری ماریۆپۆلی باشووری رۆژهەڵاتی ئۆکرانیایان کۆنترۆڵکردووە، لە هەمان مانگدا سەرۆکی ئۆکرانیا رایگەیاند کە کەشتییەکی جەنگی روسیایان بە ناوی مۆسکۆڤا لە دەریای رەش کردووەتە ئامانج و تێکیانشکاندووە، لە مانگی (٢٠٢٢/٦)دا ئۆکرانیا بەفەرمی رایگەیاند کە روسیا (٢٠٪)ی خاکەکەیانی داگیرکردووە.

چوارچێوەی شەڕەکان رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتربوون، بە تایبەتی لە باکور و رۆژهەڵات و باشووری ئۆکرانیا، هاوکات ئۆکرانیاش دەستەوەستان نەبوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواوە هاوکاریی ماددی و سەربازیی بەدەستگەیشت و لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی بەردەوام بوو، بە تایبەتی لە مانگی (٩)دا ئۆکرانیا رایگەیاند: دەستکەوتی سەربازیی گەورەیان بەدەستهێناوە لە رۆژهەڵاتی وڵاتەکە و توانیوویانە لە زۆر شوێن پاشەکشە بە هێزەکانی روسیا بکەن.

له بەردەوامی شەڕ و پێکدادانەکاندا، لە مانگی ٣ی ٢٠٢٣ روسیا توانی بگاتە دەوروبەری شاری باخموتی ستراتیژیی ئۆکرانیا، لە دوای هاوکارییەکانی رۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا، بە تایبەتی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا و وڵاتانی تری هاوپەیمانێتی ناتۆ لە پێدانی تانک و چەکی دژە تانک، تارادەیەک ئەو وڵاتە توانی رێگریی بکات لە پێشڕەوییەکانی روسیا و بەپێی راگەیاندنەکانی ئۆکرانیا زیانی زۆریان بە هێزەکانی روسیا گەیاندووە، ئەم هاوکارییانەی رۆژئاوا وای لە روسیا کرد کاردانەوەی جیا بنوێنێت بە تایبەتی چەند جارێک هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو باسدەکرد، کە بەڕای چاودێرانی سیاسی و سەربازیی بە جێبەجێکردنی ئەم پەرچەکردارە لەلایەن روسیا کاریگەرییەکانی لەسەر کۆی جیهان زۆر خراپ دەبێت.

لە سەروبەندی ئەم شەڕەدا یەکێک لە کاریگەرترین لێدوان، لێدوانی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە بارەی کارەساتی ئەتۆمی بە تایبەتی کە ئۆکرانیا روسیای تۆمەتباردەکرد بە موشەکبارانکردنی وێستگەی ئەتۆمی زاپارۆڤیا لە باشووری ئۆکرانیا.

بۆیە دەتوانرێت بگوترێت لە یەکەم رۆژی هەڵگیرسانی ئەم جەنگەوە جیهان رووبەڕووی ئاڵنگارییەکی گەورە بووییەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر چەندین پرس بەجێهێشت کە تا ئێستاش بەردەوامن، سەرەڕای ئەوەی زیانە مرۆیی و سەربازییەکانی نێوان هەردوولا گەیشتنە رێژەیەک کە بەپێی ئامارەکان تاوەکو ئێستا زیاتر لە ٢٤٠،٠٠٠ دووسەد و چل هەزار سەرباز و خەڵکی سڤیل لە هەردوولا بوونەتە قوربانی، جگە لە ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس لە ئۆکرانیا بەرەوو وڵاتانی ئەورووپا و تێکشاندنی هەزاران تانک و جبەخانە و ئامێری سەربازیی لە نێوان هەردوولا.

## کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە لەسەر ئابوری جیهان

بێگومان ململانێکانی نێوان روسیا و ئۆکرانیا کاریگەری زۆر گەورەیان هەبووە لەسەر پرسە ئابوورییەکان کە بە یەکێک لە ئاڵنگارییە سەختەکانی ئەو سەردە هەژمار

دەکرێت و ڕێگربووە لە پێشکەوتنەکانی ئابووری جیهانی، هەروەها کاریگەری زۆر گەورەی داناوە لەسەر ڕێژەی هەڵاوسان و گرانی شتومەک، بە نمونە ڕێژەی هەڵاوسان لەسەرەتای شەڕەکەدا لە وڵاتێکی وەک سوید گەیشتە ١٫٦٪، کە ٣٠ ساڵ دەبوو هەڵاوسانی لەم شێوەیە لەو وڵاتەدا ڕووینەداوە. پێی ڕاپۆرتێکی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی کە لە (٢٠٢٠/٣/١٧) بڵاویکردووەتەوە لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم شەڕە و دابەشی کردووە بەسەر سێ کەناڵ و بەم شێوەیە:

ا. کەناڵی یەکەم: بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیە سەرەتاییەکانی وەک خۆراک و ووزەی سەرەتایی.

ب. کەناڵی دووەم: زیادبوونی ململانێ ئابوورییەکان و پچڕانی ئاڵوگۆڕییە بازرگانییەکان و زیادبوونی ژمارەی پەنابەران، بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی زۆرترین کاریگەری ئەو جەنگەیان بەردەکەوێت.

ج. کەناڵی سێیەم: کەمبوونەوەی متمانەی وەبەرهێنەر و سەرمایەداران و کەمکردنەوەی بڕی سەرمایەکانیان لە کۆی پرۆژەکاندا.

بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستن، هەریەک لە ئۆکرانیا و ڕوسیا پشکی شێریان بەرکەوتووە لە تێچووی بەرهەمهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکان، ئەمەش وایکرد نرخیان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەرزببێتەوە، بە تایبەتی دانەوێڵە لە نێویشیاندا گەنم، چونکە ڕێژەی ٣٠٪ کۆی دانەوێڵەی جیهان هەناردە دەکەن، هەروەها ٦٠٪ گەنمەشامی هەناردەی دەرەوە دەکەن، لەسەرەتای شەڕەکەدا نرخی ئەم دووجۆرە دانەوێڵەیە ژمارەی پێوانەییان تۆمارکرد.

ئەو سزا ئابوورییانەی بەسەر ڕووسیا سەپێنران کاریگەریی زۆر خراپیان لەسەر ئەو وڵاتە دروستکردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵێک کۆمپانیا لەو وڵاتەدا کارەکانیان هەڵپەسارد و بووە زۆربوونی ڕێژەی بێکاریی و دابەزینی بەهای دراوی وڵاتەکە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان و سەختبوونی بژێوی ژیان.

لەلایەکی تر وڵاتانی ئەوروپا بۆ بەدەستهێنانی ووزە بە شێوەیەکی بەرچاو پشتیان بە غازی ڕوسیا دەبەست، بە تایبەتی وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا کە یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتوو و پیشەسازییەکانی ئەوروپا، بۆیە یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەم شەڕە، سزاکان بوون بۆ سەر کەرتی ووزەی ڕوسیا و بەکارنەهێنانی لەلایەن ئەورووپاوە، ئەمەش ئالنگارییەکی گەورەیە لەبەردەم ئەورروپا و تاوەکو ئێستاش بەدوای ووزەی ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕێن، بە تایبەتی غازی قەتەر، بەڵام ئەمەش تێچوو و شێوازی گواستنەوەکەی زۆر زیاترە لە غازی ڕوسیا، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت گەورەترین زەرەرمەندی بواری ووزە وڵاتانی ئەورووپان کە پشتیان بە غازی ڕوسیا دەبەست.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جەنگە کە تا ئێستا چارەنووس و ئاراستەکانی کۆتاییەکەی دیارنین، ئاڵنگارییەکی گەورەی دروستکردووە لەسەر پێشکەوتنە ئابوورییەکان و متمانەی هێزە سەرمایەدارەکانی سنوردارکردووە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیادبوونی بێکاریی، لەلایەکی تر وڵاتە هەژارەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە لە زیانەکان بە تایبەتی لە ڕووی دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی وەک دانەوێڵە و ووزە و گرانبوونی شتومەک و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو.

### کاریگەرییەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی باکوری ئەفریقیا

بە دڵنیاییەوە ئەم جەنگە کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەشێکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیاش دروستکردووە، بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە، بە نمونە وڵاتێکی وەک میسر نزیکەی ٨٠٪ گەنمی لە ڕوسیا و ئۆکرانیا هاوردەکرد، هەروەها وەک وڵاتێکی گەشتیاریی ساڵانە پێشوازی لە ژمارەیەکی بەرچاوی گەشتیاری ئەو دوو وڵاتە دەکرد، بەڵام بەهۆی ئەم جەنگەوە زیانی زۆری بەرکەوتووە لەم سێکتەرەوە.

لەلایەکی تر کاریگەریی زۆر خراپی دروستکردووە لەسەر وڵاتانی سوریا، لبنان، تونس و جەزائیر لە ڕووی دەستکەوتنی دانەوێڵە، بە تایبەتی گەنم و ڕۆنی ڕووەکی، چونکە ئەم وڵاتانە بۆ دەستکەوتنی ئەم بابەتانە زیاتر پشت بە دانەوێڵەی ڕوسیا و ئۆکرانیا دەبەستن، وەک ئاشکرایە کاریگەریی ئەو جەنگە لەسەر کوردستان و عێراق و وڵاتانی تریش دورستکرد، بە تایبەتی لە ڕووی زیادبوونی هەڵاوسان و گرانبوونی نرخی دانەوێلە و پێداویستیە خۆراکییەکان کە تاوەکو ئێستاش کاریگەرییەکانی بەهۆی لێکەوتەکانی ئەو جەنگە بەڕوونی دیارە و گرفتی گەورەی بۆ بژێوی ژیانی هاوڵاتیان دروستکردووە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کاریگەریی ئەم جەنگە تەنها لەسەر ئەم دوو وڵاتە نابێت، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان و هەر یەکەیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی تیایدا زەرەرمەند دەبن، بە تایبەتی لە ڕووی بەرزی ڕێژەی هەڵاوسان و ڕێگریی لەبەردەم گەشە و پێشکەوتنەکان، ئەمە جگە لە قەیرانە ئەمنییەکان و دابەشبوونی ئاشکرای جەمسەرەکانی هێز و نەمانی متمانەی نێوان هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، بەڕای شارەزایانی بواری سیاسی و ئابوری لێکەوتە خراپەکانی ئەو جەنگە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کاریگەرییان دەبێت لەسەر کۆی پرسە جیهانییەکان.

دەگوترێت هیچ شەڕێک کۆتایی پێنایێت وەک ئەوەی دەستپێکرد، چونکە ڕێڕەوی زۆری لێ دەبێتەوە و کۆکردنەوەیان وەک خاڵی دەستپێک ئەستەم دەبێت و باجێکی زۆری دەوێت، جەنگی نێوان ئەم دوو وڵاتەش کە نزیک دەبێتەوە لە دوو ساڵ، نازانرێت پێ دەنێتە ساڵی سێیەمی یاخود کۆمەڵێک بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوولا و بەرژوەندی زلهێزەکان دەبێتە هۆی وەستانی جەنگەکە، لە هەمانکاتدا ئەو ڕێڕەوانەی کە دەبنە هۆکاری وەستانی شەڕەکە تا ئێستا بەڕوونی بەدیار نەکەوتوون، هاوکات چەند پرسیارێک دێنە ئاراوە، ئایا ڕوسیا دەتوانێت بەو ئامانجانەی بگات کە دیاریکردووە لەم جەنگەدا و بڕیاری وەستانی شەڕ دەدات..؟، یاخود ئۆکرانیا تا چەند دەتوانێت بەرگەی تێچوونی ئەم جەنگە لە ڕووی ماددی و مرۆییەوە بگرێت، سەرەڕای هاوکارییەکانی ڕۆژئاوا، یاخود دەگاتە بڕوایەک و ڕەزامەند دەبێت بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ وەستانی جەنگەکە، یاخود پێشهاتی نوێ ڕوودەدەن و لەلای هەمووان چاوەڕواننەکراوە، ئەم پرسیارانە بە تێپەڕبوونی کات لە گۆڕەپانەکانی جەنگ وەڵامیان دەبێت یاخود بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە چاوەڕوانی دەمێنێتەوە و لێکەوتە نەرێنییەکانی بەردەوام دەبێت.





# شەهیدی زیندوو ڕائد ئەحمەد محەممەد ئەحمەد

ئامادەکردنی: حەسەن شێخ وەسانی

**ئارەزوو و خولیای نیشتمان و وڵاتپارێزیی تا ئاستی قوربانیدان و پاراستنی شکۆی گەل و خاک، کارێکی هەروا سادە و ئاسان نییە، هەموو تاکێکی کۆمەڵگە نابێتە خاوەنی ئەم شەرەفە گەورە و پڕشکۆیە مەگەر لەبنەڕەتەوە لەخێزان و بنەماڵەکەیەوە لە قوتابخانەیەکی پڕاوپڕ لە بڕوا و قوربانیدانەوە گۆش نەکرابێت. زۆرن ئەوانەی سەربازی ونی ڕێگای خەباتی پێشمەرگایەتی و بەرخۆدانی ئازادیین و هەر بەڕاستی هەڵگری دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیانن و لە پەنجەرەیەکدا پیشانی کۆمەڵگەکەیان نەدراون یان لە کڵاوڕۆشنەیەک تیشکی ناساندن و دەرخستنیان نەخراوەتەسەر. لەم سۆنگەیەوە هەر جارە و بە پاڵەوانێکی ئەم ڕێگا پڕشکۆیەتان ئاشنا دەکەین.**

ئەم جارە شەهیدێکی زیندوو، سەربازێکی ونتان پێدەناسێنین کە لە شەڕی نەگریسی تاریک پەرستانی داعشدا تێکڕای گروپەکەی شەهید و برینداربوون، ئەویش ڕائد (ئەحمەد محەممەد ئەحمەد)ە کە ساڵی ٢٠١٧دا لە شەڕێکی دەستەویەخەی توندا لە زەرگە لە کاتێکدا کە تیرۆریستان هێرشێکی توندیان بۆ سەرسنووری میحوەری (٣) لە فەوجی ١ی لیوای ١١ی پیادە دەستپێکرد، لە ئەنجامدا لەو ڕەبیەیەی کە ڕائد ئەحمەد و هەڤاڵەکانی لێ بوون کە ژمارەیان ١٤ پێشمەرگە بوون، سێ شەهید و یازدە بریندارییان هەبوو، واتە تێکڕای پێشمەرگەکان لەگەڵ فەرماندەی فەسیلەکەیان هیچیان بە سەلامەت دەرنەچوون کە بەداخەوە سێ پێشمەرگە بە ناوەکانی (ئەحمەد حەمەدئەمین عەولا، شاکر خالید حەسەن وعومەر محێدین بەگ)، ئەو شەوە شەهیدبوون و چوونە کاروانی نەمران و ڕائد ئەحمەد و ١٠ پێشمەرگەی تریش بریندار‌بوون، بەڵام پاڵەوانانە بەرگرییان کرد و توانییان شوێنەکەیان بپارێزن و نەیانهێشت تیرۆریستان پێیە پیسەکانیان بخەنە ناو ماڵ و پێگەی پیرۆزی پێشمەرگە تا ئەو کاتەی هەڤاڵەکانیان بەهانایانەوە چوون و پاڵپشتیانکردن.

لەئەنجامدا رائد ئەحمەد زۆر بەسەختی بریندار‌بوو کە زیاتر لە شەش فیشەک بەرقاچی ڕاست و دەستی ڕاستی کەوت، جگە لە چەندین پارچەی نارنجۆک جەستەی شەلالی خوێن کردبوو، دوای زیاتر لە ساڵێک و شەش مانگ چارەسەر و نەشتەرگەریی گەورە و بچووک لە ناوەوە و دەرەوی هەرێم، دەستی ڕاست و قاچی ڕاستی ئیفلیج بوون و بەداخەوە لەکارکەوتن، دوای ساڵانێک لەسەر داواکاریی وەزارەتی پێشمەرگە و بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرا بە کەمئەندامی سەنگەر، واتە شەهیدی زیندوو.

### ژیاننامەی رائد ئەحمەد

ناوی تەواوی ئەحمەد محەممەد ئەحمەد محەممەدئەمین لە١/١/١٩٨٠ لە گوندی بەستەستێنی خواروی دەڤەری پشدەر لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە حاجیاوا تەواوکردووە. لە ١/١/١٩٩٧ لە لەشکری باڵەک بووەتە پێشمەرگە، لە دەستەی تایبەتی شەهیدی فەرماندە لیوا (کەمالی حاجی ئاغا) بووە. دوای پێکهێنانی لیواکانی هێزەکانی (٧٠) لە سریەی بارەگای لیوا بەپایەی فەرماندەی فەسیل ماوەتەوە. لەگەل پێکهێنانی لیواکانی وەزارەت لە فەوجی ١ی لیوای ١١ی پیادە وەک فەرماندەی فەسیل لە ئەرکدا بووە و بەشداریی تەواوی شەڕەکانی سنووری لیواکەی لە میحوەری (٥) لە سنووری مەلاعەبدوڵلا و دەوروبەری و لە میحوەری (٣) سنووری زەرگەی کردووە، تاکو شەوی١٥ لەسەر ١٦ی مانگی ئابی ٢٠١٧ لەشەڕێکی سەختی دەستەویەخەدا بریندار‌بووە، دواتر خراوەتە سەرکەمئەندامانی سەنگەر.

رائد ئەحمەد لە ١٣/١/٢٠٠٨ تا ١٥/٧/٢٠٠٨ بەشداریی خولی تایبەتی ئەفسەرانی کردووە لە سەراوی سوبحان ئاغا، پلەی ملازمی وەرگرتووە. ناوبراو خێزاندارە و خاوەنی سێ جگەرگۆشەی جوانە بەناوەکانی (فەریناز، محەممەد و سیما)، لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕ و تێکۆشەرە و برایەکی لەشاخ پێش ڕاپەڕین شەهید بووە بەناوی (عەبدوڵلا محەممەد ئەحمەد). هەروەها دوو برای تری (رائد عومەر و کارۆخ) لە خزمەتی پێشمەرگایەتییدان. هیوای تەمەندرێژیی و بەختەوەریی بۆ ئەو شەهیدە زیندووە و خانەوادە بەڕێزەکەی دەخوازیین.

# شەهیدانی پاراستنی خاك و خەڵكی هەرێمی كوردستان

ئامادەکردنی: هیوا فاتیح

**شەهید ئەو کەسەیە لەپێناو مانەوەی ئەوانیتر بەسەربەرزی و پاراستنی شکۆ و سەروەریی خاک و میللەتەکەی گیانی دەبەخشێت، بۆیە کەمترین بەها بۆ ژیانی خۆی دادەنێت و ئامادەیە خوێنی تێکەڵ بەو خاکە بکات کە ئەمانەتی دەستی ئەو کراوە، لەم سۆنگەوە، بە وشە ناتوانین وەسفی ئـەو قوربانیدانـە بکەیـن و پیاهەڵـدان ناتوانێت قەرەبووی گەورەییەکـەی بکاتەوە، زۆرن ئەو میللەت و گەلانەی لە پێناو ئازادی و سـەربەرزی و مانەوەیان قوربانی گەورەیان داوە، لێ دەبێت گەلێک هەبێت بە قەد گەلی کوردی مافخوراو، بەرامبەر ئەو وشـەیە شـانازی بەربکەوێت؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، شۆڕشەکانی گەلی کورد و قوربانییەکانی گەواهیدەری ئەو راستییەن، بۆیە هیچ تاکێکی کورد بە وشەی شەهید نامۆ نییە، چونکە سـاڵیانیکی زۆرە، خوێنی ئاڵ و پاکی لاوی کورد لە پێناو رەتکردنەوەی ژێردەسـتی و باوەڕبوون بە ئازادی و سـەروەری رژاوە، ئەمەش مۆراڵێکـە بـۆ ئـەوەی بتوانین بڵێین شـەهیدان زیندوون و نامرن و نەوەکان یەک لە دوای یەک ئـەو بیروباوەڕەیان هەڵگرتووە و ئامادەن هەموو شتێک بکەنە قوربانی خاکی کوردستان،**



شەهید عەقید سالح فەتاح سلێمان



شەهید عەقید عەبدولقەهار جەوهەر قەهار

دواهەمین شـەهیدانی پاراستنی خاک و خەڵکی هەرێمی کوردسـتان ئـەو چوار رۆڵە شۆڕشـگێڕ و چاونەترسـانەبوون لـە یـەک ساتدا خوێنیان تێکەڵبـوو بـە خاکـە جوانەکـەی قەرەچـۆغ و بێسـڵکردنەوە لە ترس و دەرەنجامەکانی، خۆیان کردە قوربانی بۆ ئەوەی ئێمە بەسـەربەرزی بژین و کاروانەکـە تەواوبکەین، ئەو چوار شـەهیدە لە رێکەوتـی ٢٠٢٣/١٠/٢٨ لە سـەرچیای قەرەچۆغ بەسـەربەرزانە گەیشـتنە کاروانـی نەمـران و بۆ هەمیشـە ناویان بـە زیندووی لە مێـژووی گەلی کـوردا دەمێنێتـەوە، بۆیە گۆڤار پێشـمەرگە بە شـانازییەوە ژیاننامـەی ئەو مێرخاسـانە دەخاتە بەرباس بۆ ئەوەی بچووکترین وەفابێت بۆ خوێنی شـەهیدان و ئاشناکردنی نەوەی ئێستا و داهاتوو بە قوربانیدانی سوارچاکانی نیشتمان.

### ژیاننامەی شەهید عەقید سالح فەتاح سلێمان خولە، ناسراو بە (سالح زراری):

شەهیدی فەرماندە لە گوندی زەرگەزەوی سنووری زرارەتـی ناحیەی دارەشـەکران لە دایکبووە و لە هەمـان گونـد چووەتە بـەر پڕۆسـەی خوێندن، بـەڵام بە هـۆی فشـارەکانی رژێمـی بەعس لەو سـەردەمەدا نەیتوانیوە خوێندن تەواوبکات، بۆیە چووەتـە بەرخوێندنـی ئایینی، بەهۆی هەسـتی نیشـتمانپەروەری لـە تەمەنـی لاویدا لە سـاڵی ١٩٨٧ بووەتـە پێشـمەرگە لە سـنووری لێژنەی ناوچەی باڵەکـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، لە هەمانسـاڵدا لە سـنووری وەرتێ بریندار‌بووە. دواتر، بەشداریی چەندین نەبەردی کردووە، لەوانە شـەڕی چیای کارۆخ لە سـاڵی ١٩٨٨، ماوەیەک ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە تاوەکو سـاڵی ١٩٩١ و لە ماوەیـەدا چەندین جار بەشـێوەی مەفرەزەی پارتیزانی گەڕاوەتەوە خاکی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩١ بەشـداریی راپەڕینە مەزنەکەی کوردستانی کردووە و قارەمانانە دژی دام و دەزگاکانی رژێمی بەعسـی روخاوو جەنـگاوە. لە سـاڵی ١٩٩٣ لە نـاو لیوای یەکگرتوو لە قیـادەی مەنتیقە لەگەڵ مامۆستا جەمال مورتکە ئەرک دەگرێت، لە مانگی ٥ی هەمانسـاڵدا لـە رووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە بەسـەختی برینداردەبێت، لە سـاڵی ١٩٩٤ دەبێتە ئامر فەسـیل لە سـنووری قوشـتەپە، لە ساڵی ١٩٩٥ دەبێتە ئامر سریە لە بارەگای سوپای ٢، لە ساڵی ١٩٩٦ دەبێتە جێگر فەوجـی ٣ی لیوای ٢٧ی سـوپای ٢، لە سـاڵی ١٩٩٧ خولی فەرماندەیی لە ئەکادیمیای سەربازی زاخـۆ تەواوکردووە، دواتر دەبێتە ئامر سـریە لە فەوجی مغاویری سوپای ٢، پاشان



شەهید هاوڕێ جەوهەر ڕەحمان



شەهید موقەدەم پوشۆ خالد سەعید

بووەتە جێگری هەمان فەوج، لە ساڵی ١٩٩٨ دەبێتە جێگر فەوجی ٢ی لیوای ٢١ی سوپای ٢، لە شەڕی ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشداردەبێت و ڕۆڵی ئازایانە دەنوێنێت، لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کاتی تەشکیلاتی فەرماندەیی هەولێر دەبێتە ئامر سریەی بارەگای فەرماندەیی، لە ساڵی ٢٠١٢ دەبێتە ئامر سریەی بارەگا لە لیوای ١٠ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە، لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکانی تیرۆریستانی داعش بەشداریی کاراو بەرچاوی هەبووە بە تایبەتی لە محوەرەی مخموور و گوێر، لە ساڵی ٢٠١٤ دەبێتە فەرماندەی فەوجی ٢ی لیوای ١ی فەرماندەیی هەولێر، لە ساڵی ٢٠١٨ دەبێتە فەرماندەی فەوج لە لیوای ١٨ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە و بەهۆی ئازایەتی و خزمەتی پێشمەرگایەتی و ڕۆڵی کاریگەری لە زۆربەی شەڕەکان، لە ساڵی ٢٠٢٢ دەبێتە فەرماندەی لیوای ١٨ی پیادە و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٢ بەسەختی بریندادەبێت و لە ٢٠٢٣/١٠/٢٦ بەهۆی سەختی برینەکەی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان دەکات و دەگاتە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازیی کوردستان.

## ژیاننامەی شەهید عەقید عەبدولقەهار جەوهەر قەهار ناسراو بە ( عقید کاکە):

شەهیدی فەرماندە لە ساڵی ١٩٨٠ لە بنەماڵەیەکی پێشمەرگە و نیشتمانپەروەرو خاوەن شەهید لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٩٦ بووەتە پێشمەرگە و چەکی لە شانکردووە و لە پێناو پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان لە چەندین نەبەرد بەشداربووە. ساڵی ٢٠٠٤ بە سەرکەوتوویی خولی ١٢ کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلان تەواودەکات، بەهۆی ئازایەتی و چاونەترسییەکەیەوە چەندین بەرپرسیارییەتی جیاوازی لە ریزی لەشکری کوردستان هەبووە، وەک فەرماندەی فەوجی ٣ لە لیوای ١٢٦، لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەرکی لە سنووری کولەجۆ و سەعدیە و جەلەولا بووە و ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان لەو کاتەدا هەبووە. ساڵی ٢٠١١ پلەی سەربازی بەرزدە کرێتەوە بۆ پلەی (موقەدەم) و لە هەمانساڵدا پۆستی فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای ١٢ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە وەردەگرێت، لەکاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، شەهیدی فەرماندە بەشداریی زۆربەی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکان دەکات و ڕۆڵی ئازایانە و بەرچاوی دەبێت، بە تایبەتی لە شەڕەکانی سنووری گۆپ جەلیل، چیای زەرتک. تلسقۆف و سنووری میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە لە گوندەکانی گلگامێش، گل گافر، زومار و ڕەبیعە، هەروەها لە ڕزگارکردنی چیای شەنگال و ئازادکردنی شارۆچکەی شەنگال لەدەست تیرۆریستانی داعش بەشداربووە. ساڵی ٢٠١٥ پلەی سەربازیی دەبێتە (عەقید) و لە ساڵی ٢٠١٦دا دەبێتە فەرماندەی فەوجی تایبەت لە فەرماندەیی هەولێر، لە دواین گۆڕانکارییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەبێتە فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای ١٨ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٢ لە چیای قەرەچۆغ شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی شە هیدان، شەهیدی فەرماندە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرە و خاوەنی چەندین شەهیدن و دەبێتە (٢٩)هەمین شەهیدی گوندەکەیان بە ناوی گوندی (کەردن) لە سنووری دەشتی هەولێر، لە دوای خۆی چوار جگەرگۆشە بەجێدەهێڵێت بە ناوەکانی: (کاردۆ، دابان، دایان و دارۆس.

## ژیاننامەی شەهید موقەدەم/ پوشۆ خالد سەعید:

شەهیدی فەرماندە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە ئاوارەیی لە وڵاتی ئێران چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، بەهۆی خەبات و شۆرشگێری بنەماڵەکەیان لە تەمەنی لاوێتیدا هەستی نیشتمانپەروەری لای شەهید دەبێتە ئاوێتەی ژیانی و لە ساڵی ١٩٩٣ چەکی پێشمەرگایەتی لەشان دەکات، هەر بەو هۆیەش، وەک زۆربەی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە لە پرۆسەی خوێندن دادەبڕێت و تەنها توانیویەتی تاوەکو قۆناغی سەرەتایی بخوێنێت، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بووەو ڕۆڵی بەرچاو و ئازایانەی لە زۆربەی شەڕەکاندا هەبووە. لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش فەرماندەیەکی بوێر بووە و قارەمانییەتی بێوێنەی بە تایبەتی لە میحوەری گوێڕ- مخموور نواندووە. شەهید پوشۆ چەندین پۆستی جیاوازی لە ریزی لەشکری کوردستان هەبووە، دواین پۆستیشی جێگری فەرماندەی فەوجی١ی لیوای ١٨ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە بوو، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٢ لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستان بەسەختی بریندادەبێت و بەهۆی سەختی برینەکەی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٨ ماڵئاوایی لە ئازیزان و هاوسەنگەرانی دەکات و بۆ هەمیشە لە ناخی هەمووانـدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

## ژیاننامەی پێشمەرگە هاوڕێ جەوهەر ڕەحمان:

شەهیدی جوانەمەرگ لە ساڵێ ١٩٩٣ لە بنەماڵەیەکی هەژار و نیشتمانپەروەر لە دایکبووە و بەهۆی هەژاری نەیتوانیوە لە پرۆسەی خوێندن بەردەوام بێت، لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لەگەڵ بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە زێدی خۆی لە سنووری گوندی پەلکانەی شارەدێی سەرگەڕان، لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەهۆی هەڵوێستەکانی خۆی و پێشمەرگەبوونی باوک و بنەماڵەکەی، زێدی خۆی بەجێدەهێڵێت و لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت، شەهید بەهۆی نەدارییەوە خەریکی کاری کرێکاری بووە، بۆ ئەوەی بژێوی خۆی و منداڵەکانی دابینبکات، لە ساڵی ٢٠١٨ دەبێتە پێشمەرگە و بڕیاری پاراستنی خاکی کوردستان دەبێتە هەوێنی ژیانی و ئازایانە و بەرپرسیارانە ئەرکی خۆی جێبەجێدەکات، لە ساڵی ٢٠٢٠ ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت و دەبنە خاوەنی منداڵێکی چاوگەش، لە ٢٠٢٣/١٠/٢٢ لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستان خوێنی تێکەڵ بە خاکی نیشتمان دەبێت و دەگاتە کاروانی شەهیدان و (هارون)ی کوڕی بۆ هەمیشە بێ نازی باوک دەبێت.

# گۆڤاری یونیپاس بە زمانی کوردی بڵاوکرایەوە

ئامادەکردنی: ڕێناس جومعە

یونیپاس گۆڤارێکی پیشەیی سەربازیی وەرزیی، فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا دەریدەکات. ئەم گۆڤارە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و چەندین زمانی دیکە دەردەچێت. لە ژمارە ١٢ی ئەم گۆڤارەوە زمانی کوردیشی بۆ زیادکراوە، وەک کۆڕبەند دەخرێتە بەردەست ئەفسەرانی سەربازیی لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، باشووری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست.

ژمارە ١٢ی ئەم گۆڤارە بە قەبارەی A4 و نەخشەسازییەکی ڕەنگاوڕەنگی ٦٨ لاپەڕە چاپکراوە. لە نەخشەسازییەکەیدا گرنگییەکی زۆر بە وێنە دراوە، چەندین بابەتی سەربازیی لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە. لەو بابەتانە سەرەکییانەی لەسەر بەرگەکەیدا جێگای بۆ کراوەتەوە بریتیین لە، پیسبوونی ژینگە و داماڵینی چەکی کۆمەڵکوژ، هاوبەشەکان برەو بە ڕاهێنان دەدەن لە «شێری تامەزرۆ» لە ئەردەن. لوبنان گۆڕانکاریی نوێگەری لەپەیڕەوەکەیدا دەکات بۆ فەرماندە سەربازییەکانی داهاتوو. زاڵبوون بەسەر هێرشی ناهاوسەنگ. جگە لەمانەش، چەندین بەدواداچوون کراوە لەبارەی مەشق و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و داعش، هێزی ئاسمانی و دەریایی و خراپ بەکارهێنانی چەک و تەکنۆلۆژیای سەربازیی و شیکردنەوەی هەواڵگریی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بەو وڵاتانەی دەکەونە ناوچەکانی گرنگیپێدانی گۆڤارەکەوە.




جگە لەوەش گۆڤارەکە ماڵپەڕ و پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی هەیە، لەوێشدا زمانی کوردی بۆ زیادکراوە. بەناوی گۆڤاری پێشمەرگە، پیرۆزبایی لەم هەنگاوە دەکەین و هیواخوازین لە بەرەوپێشچوونی زیاتردابن لە بەخشینی هۆشیاری و زانیاریی سەربازیی زیاتر بە خوێنەرانی زمانی کوردی بەگشتی و ئەفسەرانی پێشمەرگە. ئەمەش دەبێتە لایەنێکی دیکە لە هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان لە ڕووبەڕووبوونەوەی پاشماوەکانی داعش و بیری توندڕەوی.















# پێشمەرگە دژی مادده هۆشبەرەکان دەجەنگێت

هەرێمی کوردستان، وەک بەشێک لەم جیهانەی مرۆڤایەتی، بەدوور نیە لە کێشەی مادده هۆشبەرەکان، کە زۆرێک لە وڵات و کۆمەڵگاکانی جیهان بەوهۆیەوە گیرۆدە بوونە و بەداخەوە ساڵانێکە لە هەرێمی کوردستانیش، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، بڵاوبوونەوەی ئەم ژەهرە کوشندەیە، بوەتە دیاریدەیەکی دژوار و لێکەوتەی خراپی هەبووە، ئەگەر لەبەرانبەریدا هۆشیاریەکی گشتی و ڕێگرییەکی توندو ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی نەگیرێتەبەر، ئەوا پرسی ئاسایشی ئابووری و تەندروستی و نیشتیمانیمان دەخاتە بەردەم مەترسیەوە، بۆیە ئەرک و بەرپرسیاریتیەکی چارەنووسسازە کە پلان و میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی زیاتر و توندتر بکرێت.

پرسی ماددەهۆشبەرەکان و بڵاوبوونەوەی لە هەرێمی کوردستان جۆرێکە لە پیلان و پەلاماری دوژمنکارانە بۆ سەر گەلەکەمان، مەرامی دوژمنان ئەوەیە، مادده هۆشبەرەکان وەک چەکێک دژی گەل و قەوارەکەمان بەکاربهێنن و لەم ڕێگەیەوە شەڕی سیاسی و ئابووری و تێکدانی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵایەتی و تەندروستی تاک و خێزانەکانمان بکەن، ڕەوشتی بەرزی کوردەواریمان تێکبدەن ، بەتایبەتی هەزرو وزەو تواناکانی لاوانی کوردستان بشێوێنن و لە کارو پێشکەوتن دایانبڕن.

بۆیە دەبێت ئێمەی پێشمەرگە دیاریدەو کێشەی مادده هۆشبەرەکان بە هێرشی دوژمنکارانە بۆ سەر ئەمڕۆ ئایندەی گەلەکەمان و قەوارەکەمان بزانین و وەک مەترسیەکانی تیرۆرو خۆکوژی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و وێڕای ئەرکی خۆپارێزیمان، ئەوا پێویستە بەوپەڕی هۆشیاری و بە هەموو تواناکانمانەوە لە دژی بجەنگین.

## پێشمەرگە
## چۆن خاك و نیشتمان دەپارێزێ
## خەمخۆری تەندروستی و ئاسوودەیی
## کۆمەڵگاکەشێتی
## بەوپەڕی بەرپرسیارێتیەوە
## دژی مادده هۆشبەرەکان دەجەنگێت و ڕێگری
## لێدەکات
## هەوڵی نەهێشتنی دەدات




## زنجیره (٢)ی ڕێساکانی هۆشیاری پێشمەرگە

لە چاپێکی نوێدا زنجیرە (٢)ی (ڕێساکانی هۆشیاری پێشمەرگە)، بە (٣٢) لاپەڕە و بە قەبارەی گیرفانی، کەوتە بەردەست و دیدەی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی کوردستان.

ئەم زنجیرەیەی ڕێساکان، تایبەتە بە زانیاری و ڕێنماییەکان لەبارەی ماددەهۆشبەرکان و ئەرکی دژایەتیکردن و ڕێگری لەو ژەهرە کوشندەیە. ناوەڕۆکی ئەم زنجیرەیە چەند بەشێکی پوخت لەخۆدەگرێ و تیایاندا پێناسەی ماددەهۆشبەرەکان و جۆرەکانی کراوە، زیان و مەترسیە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی و نیشانەکانی بەکارهێنانی شیکراوەتەوە، دەقی یاساکانی هەرێمی و کوردستان و عێراق خراوەتەڕوو ، لە دوماهیشدا کورتەیەک لە هەوڵ و چالاکیەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دژایەتی ماددەهۆشبەرەکان و ڕێگری و نەهێشتنی ئەو بەڵا ترسناکە.

ڕێساکانی هۆشیاری پێشمەرگە، بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی وەزارەتی پێشمەرگەیە، لەلایەن بەشی سەنتەری هۆشیاری/ بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ئامادە دەکرێت و تایبەتە بە یەکەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

# بنەماكانی هۆشیاری

● ئامادەكردنی: بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری

## هۆشیاری چییە؟

١. هۆشیاری واتا بەئاگابوون، بێداری، زانین و توانای تێگەیشتن و لێكدانەوەی فراوان، خۆناسینێكی روون، هەستكردن بە بەرپرسیارێتی تاكەكەسی، كۆمەڵایەتی و نیشتمانی.

٢. بەئاگابوون لە رووداوەكان و هەڵسوكەوت و مامەڵەی پێویست لەگەڵیان.

٣. ئاستی هۆشیاری، واتا توانای تێگەیشتن و خۆڕاگری و رووبەڕوو بوونەوەی رووداو و پێشهاتەكان.

٤. هۆشیاری سەرچاوەی بڕیاری راست و رەفتاری دروستە.

٥. هۆشیاری لە هەموو بوار و ئاستەكان پێویستییەكی گرنگە و رۆڵێكی كاریگەری لە پیشاندانی ئاستی زانین و كەسایەتیی چالاكدا هەیە.

٦. هۆشیاری پرۆسەیەكی بەردەوامە و بۆ ژیان، بیركردنەوە و هەڵسوكەوتی كەسەكان، بنەمایەكی جێگیر و پێویستییەكی ژیانییە.

٧. پرۆسەی هۆشیاری مەشق و راهێنانی هزر و ئەزموونكردنی كار و چالاكییەكانە.

٨. ئاستی گشتیی هۆشیاریی تاك، كاریگەری لە سەر بڕیار و بۆچوونەكاندا هەیە تا چۆن و بە چ ئاڕاستەیەك و لەسەر چ بنەمایەك بڕیاری خۆی بدات.

٩. كەسی هۆشیار هەست بە بەرپرسیارییەتییەكانی خۆی دەكات و پێگە و سەنگی بەشداریی كۆمەڵایەتی و پیشەیی خۆی دەزانێت.

١٠. هۆشیاری پرۆسەیەكی نەبڕاوەیە و بەردەوام لەگەڵ گۆڕانكاری و پێشكەوتنەكان پێویستی بە زانین، بۆچوون، ئاڕاستە و ئامانجی نوێ دەبێت.

## كاریگەرییەكانی هۆشیاری

١. ئاستی هۆشیاری، پێوەرێكی باڵایە بۆ توانای تێگەیشتن و لێكدانەوە، هەڵسەنگاندن و بڕیاردان.

٢. سەرچاوە و وزەی رێكخستنی بیركردنەوە و هەڵسوكەوتە.

٣. هۆكاری ئامادەباشی و پێشبینیكردنە بۆ پێشهات و رووداوەكان.

٤. تێگەیشتنی تەندروستانەیە لە ئەرك و بەرپرسیارێتییەكان.

٥. ناسینی ئامانج و مەرامی بەرامبەرەكانە.

٦. لێكجیاكردنەوەی باشە و خراپە و بۆچوون و رەفتارە زیانمەند و سوودبەخشەكانە.

٧. هەڵسەنگاندنی زانستیانەیە.

٨. هەبوونی توانای خوێندنەوە بۆ ماهییەت و مەرامەكانی نەیاران و دوژمنانە.

٩. پەیبردن بە ئەگەر و گومانەكان و خوێندنەویە بۆیان.

## رۆڵی هۆشیاربوون

١. هۆشیار بوون، وا دەكات بڕیاری پشتڕاست لە بارەی بابەتەكان و رەفتارەكان بدرێت.

٢. لە رێگەی هۆشیارییەوە، دەتوانرێ كاریگەری لەسەر واقیع و تەنانەت بەشداری لە گۆڕینی واقیعدا بكرێ.

٣. خۆپارێزی لە خراپییەكانە.

٤. بەرگریكردن لە كۆمەڵگە و بەها پەسەندەكانییەتی.

٥. پارێزگاریكردنی كارا لە نەتەوە و نیشتمانە.

٦. پێشگرتن لە ئاڕاستە خراپەكان بەرامبەر كۆمەڵگە، خاك و نەتەوەیە.

٧. راستكردنەوەی هەڵسوكەوتە نالەبار و چەوتەكانە.

٨. بڕیاردانی پێویست و راست بۆ بەرژەوەندیی گشتی و خزمەتی گەل و نیشتیمانە.

٩. دژایەتی رەگەزپەرستی و توندڕەوییە.

١٠. داكۆكیكردن لە ئازادی و پێكەوەژیان و ئاسایشی كۆمەڵایەتییە.

١١. بایەخدان بە بواری تەندروستی و ئەركی پاراستنی ژینگەیە.

## ئەنجامی هۆشیاربوون

١. تاكی هۆشیار، ئاستی بەئاگابوون و زانین و لێكدانەوەی بەرزە.

٢. ناكەوێتە ژێر ئاڕاستە و پڕوپاگەندەی دوژمن.

٣. خاوەن هۆشیارییەكی گشتی و رێكخراوە، ئەمەش واتا زامنكردنی خۆپارێزی و مسۆگەركردنی سەركەوتنە.

٤. هۆشیارییەكی چالاكانە، هۆكاری هێزی بیرو زانین و بردنەوەی شەڕی دەروونی و پڕوپاگەندەیە.





٥. هۆشیاربوون زەمینەی بەرچاوڕوونی و پلاندانانی زانستیانەیە.

٦. هەر چەندە ئاستی هۆشیاری بەرزتر بێت، بەهێزبوونی ئیرادە و توانای سەرکەوتن زیاتردەبێت.

٧. هۆشیارییەکی زانستیانە رۆڵی تاک کاریگەرتر دەکات لە خزمەتکردنی وڵاتەکەی و پێشکەوتنی کەسایەتی و پلە و پایەی خۆیدا.

هۆشیاریی نیشتمانی

١. خوێندنەوە و ئاگاداربوون لە مێژووی کورد و کوردستان، زمان، جوگرافیا و کەلتوورەکەی.

٢. زانین و شارەزابوون لە مێژووی خەباتی پێشمەرگە.

٣. ئاشنابوون بە داب و نەریت و هونەر و رۆشنبیریی گەل و نیشتمان.

٤. ئاشنابوونی تەواو بە پێکهاتەی کۆمەڵگە و رێزگرتن لە ئازادیی ئایینی و رەگەزی و نەتەوەیی.

٥. ئاگاداربوون لە مێژووی سەربازی و جەنگەکان لە جیهاندا.

٦. شارەزایی لە بواری زانستی سەربازی و هونەری مەشق و بوارەکانی دیکەی پەیوەست بە کاروباری سەربازی (بەڕێوەبردن، لۆجیستی، چەک، سەنگەرسازی و .....).

٧. هەوڵی بەردەوامی خۆ رۆشنبیرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانین و زانیارییە گشتییەکان.

٨. ئاشنابوون بە هونەری بەڕێوەبردن.

٩. شارەزابوون بە جەنگی دەروونی و پروپاگەندە و چۆنێتی رووبەڕووبوونەوەیان.

## پێشمەرگە و هۆشیاری

پێشمەرگە و ئەفسەران، چ وەک تاکێکی کۆمەڵگە و چ وەک ئەندامێکی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، خاوەن کەسایەتی تایبەتمەند و ئەرکێکی گرنگ و هەستیار و بەرپرسیارێتییەکی پڕ لە شانازیین. تواناو رۆڵی پێشمەرگە بۆ رەخساندنی ئازادی و پاراستنی ئەمڕۆ و ئایندەی نەتەوە و نیشتمان و بۆ بەرزراگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی و زیندووڕاگرتنی بەها کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی رەوشتبەرزی و پێکەوەژیان، زۆر کاریگەر و چارەنووسسازە، هەموو ئەمانەش وادەکات، پێویستی بە ئامادەییەکی فیکری و دەرککردنی وردبینانە و کارامەییەکی کردەیی هەبێت، تاکی پێشمەرگەش دەخاتە بەردەم پێناسەیەکی بەرپرسیارانە و خاوەن پەیامێکی شکۆمەندانە.

هۆشیاری، بنەما و داینەمۆیەکی نیشتمانی و پیشەییە بۆ تاکی پێشمەرگە و ئەرکە پیرۆزەکانی، بە هۆشیاربوونێکی فراوان و چاپوکانەوە، پێشمەرگە دەتوانێ لە ئاست بەرپرسیارێتییەکانیدا بێت و پلەی باڵای پێشکەوتن و سەرکەوتن بۆ خۆی و گەل و نیشتمان و سوپاکەی مسۆگەر بکات، هاوکات لەسەر ئاستی دەرەوەی نیشتمانیش، وەک تاکی سەرباز و وەک هێزێکی سەربازیی بەهێز و تۆکمە بناسرێت و لە هاوکێشە سەربازییەکاندا، ببێتە ژمارە.

ئێمەی پێشمەرگە و ئەفسەر و فەرماندە، هەست بە هەموو ئەم راستیانە دەکەین، بۆیە بە هەموو تواناکانمانەوە هەوڵدەدەین پابەندی پرۆسەی هۆشیاری بین و وەک رێسایەکی تایبەتی نیشتمانی و سەربازیی ئاستی هۆشیاری لەناو ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەدا، قۆناغ بەقۆناغ بەرەو پێشەوە ببەین.

**هەر چەندە ئاستی هۆشیاری بەرزتر بێت، بەهێزبوونی ئیرادە و توانای سەرکەوتن زیاتردەبێت.**

# هۆشیاری ، بنەمایەك بۆ شوناسی هێزی سەربازی

● ئامادەکردنی: /ن.ض.د.م/ هاوکار محەمەد

**بەشی یەکەم**

**هۆشیاری مانای زانین و زانیارییە، لە ڕێگەی هەستەکانت، بیرکردنەوەکانت تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەرت، وەک بینین، بیستن، دەست لێدان، تامکردن و بۆنکردن. هۆشیار بوون ئاماژەیە کە تاکەکان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان و پێشهاتەکاندا خۆیان دەگونجێنن. هەروەها هۆشیاری دەتوانێت مانای ئەوە بێت، کە زانیاری یان تێگەیشتن لە بابەتێکی دیاریکراو، بارودۆخێک یان چەمکێکی دیاریکراو هەبێت. لە بنەڕەتدا هۆشیاری دەتوانێت ببێتە هۆی بڕیاردانێکی باشتر، هاوسۆزی، باشترکردنی خود، و کرداری بەرپرسیارتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان.**



## هۆشیاری سەربازی

لەسەر چەندین بنەما و پێکهاتەی سەرەکی بنیات نراوە، کە بناغەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە کاریگەرەکان پێکدەهێنن. ئەم بنەمایانە یارمەتی هێزە سەربازییەکان دەدەن لە ژینگەی خۆیان تێبگەن، بڕیاری دروست بدەن و ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن:

- هەواڵگری: کۆکردنەوەی زانیاری ورد و لە کاتی خۆیدا لەبارەی دوژمن و ناوچەکە و فاکتەرە پەیوەندیدارەکانی تر زۆر گرنگە. ئەمە چاودێریکردن و شیکردنەوەی هەواڵگری دەگرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی توانا و مەبەستەکانی دوژمن.
- تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە: تێگەیشتن لە دۆخی ئێستای مەیدانی جەنگ یان ژینگەی کارپێکردن زۆر گرنگە. ئەمە بەدواداچوون بۆ هێزەکانی دۆست و دوژمن و ڕێکخستنی هێزەکان و گۆڕانکاری لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکاندا دەگرێتەوە.
- شیکاری هەڕەشە: هۆشیاری سەربازی پێویستی بە تێگەیشتن هەیە لە ئەگەری هەڕەشە و لاوازی. ئەمە هەڵسەنگاندنی تواناکانی دوژمن و مەبەست و تاکتیکەکان دەگرێتەوە، هەروەها هەڵسەنگاندنی خاڵە بەهێزەکان و لاوازییەکانی هێزە دۆستانەکان.
- شیکردنەوەی زەوی: زانینی ژینگەی فیزیکی وەک زەوی و کەش و هەوا و ژێرخان زۆر گرنگە بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان. ئەمە کاریگەری لەسەر گواستنەوە و داپۆشین و شاردنەوە هەیە و دەتوانێت کاریگەری لەسەر ستراتیژی و تاکتیکەکان هەبێت.
- تەکنەلۆژیا و کەرەستەکان: ئاگاداری پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای سەربازی و کەلوپەلی سەربازی گرنگە بۆ هێزە چەکدارە مۆدێرنەکان. ئەمەش توانای دۆست و دوژمن لەخۆ دەگرێت.
- فاکتەرە مرۆییەکان: تێگەیشتن لە توخمە مرۆییەکان کە بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، وەک سەرکردایەتی و باری دەروونی شەڕ، زۆر گرنگە بۆ هۆشیاری سەربازی.
- هونەری ئۆپەراسیۆنی: پێویستە سوپا هەست بەوە بکات کە چۆن ڕێکخستن و تێکەڵکردنی توخمە جۆراوجۆرەکانی جەنگ (وەک تاکتیک،



ستراتیژی، لۆجستی و هەواڵگری) بکات بۆ پلانێکی یەکگرتوو و کاریگەر.

- هۆشیاری مێژوویی و کولتووری: زانینی هەڵمەتە سەربازییە مێژووییەکان و فاکتەرە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەتوانێت تێڕوانینێکی بەنرخ بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دابین بکات.
- هۆشیاری ستراتیژی و تاکتیکی: توانای تێگەیشتن لە ستراتیژی وێنەی گەورە و تایبەتمەندییەکانی جێبەجێکردنی تاکتیکی زۆر گرنگە. ئەمە بریتییە لە تێگەیشتن لە ئامانجەکان، زنجیرەی فەرماندەیی و هەماهەنگی هێزەکان.
- شەڕی ئەلیکترۆنی و زانیاری: لە سەردەمی مۆدێرندا، هۆشیاری هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان و جەنگی زانیاری زۆر گرنگە. ئەمە پاراستنی زانیاری و ژێرخانی گرنگ و تێگەیشتن لەوە دەگرێتەوە کە چۆن دوژمنەکان دەتوانن ئەم ئامرازانە بەکاربهێنن.
- هۆشیاری یاسایی و ئەخلاقی: ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان زۆرجار ڕووبەڕووی ڕەچاوکردنی یاسایی و ئەخلاقی دەبنەوە. تێگەیشتن لە یاساکانی بەشداریکردن لە یاسای نێودەوڵەتی و لایەنە ئەخلاقییەکانی جەنگ گرنگە بۆ ئەندامانی هێزی سەربازی.
- بڕیاردان و خۆگونجاندن: هۆشیاری سەربازی کاریگەر پێویستی بە توانای بڕیاردانی خێرا هەیە لەسەر بنەمای زانیاری بەردەست و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە گۆڕاوەکان.

بە شێوەیەکی گشتی، هۆشیاری سەربازی چەمکێکی فرە لایەنەیە کە زانین و زانیاری و شیکردنەوە تێکەڵ دەکات بۆ پشتگیریکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و بڕیاردان. یارمەتی هێزە سەربازییەکان دەدات بۆ پاراستنی دەستپێشخەرییەکە و پێشبینیکردنی کردارەکانی دوژمنەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و کەمکردنەوەی مەترسی و قوربانییەکان.

## بنەماکانی هەڵسوکەوتی سەربازی

هەڵسوکەوتی سەربازی بە کۆمەڵێک بنەما و ستاندارد ڕێنمایی دەکرێت کە دیزاین کراوە بۆ دڵنیابوون لە دیسپلین و کاریگەری و ڕەفتاری ئەخلاقی لەناو هێزە چەکدارەکاندا. ئەم بنەمایانە یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی سیستەم و پاراستنی مافەکانی تاکەکان و دڵنیابوون لە کارکردنی سەرکەوتووی سوپا، بریتییە لە پابەندبوون بە فەرمانەکان، پابەندبوون بە ڕێساکان، و هێشتنەوەی ئاستێکی بەرزی خۆ کۆنترۆڵکردن و گوێڕایەڵی. هەروها ئاسایش گرنگە بۆ سەلامەتی و سەلامەتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان.

١- ڕێزگرتن: پێویستە کارمەندانی سەربازی ڕێز لە سەرکردەکانیان و هاوڕێکانیان و ژێردەستەکانیان بگرن، هەروەها بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی و هاوتا بیانییەکان. ڕێزگرتن گرنگە بۆ پاراستنی سیستەم و پەرەپێدانی ژینگەیەکی ئەرێنی کارکردن.

٢- شەرەف: بریتییە لە پاراستنی هەستی ڕاستگۆیی، ئەخلاق و ڕاستگۆیی لە هەموو کردار و بڕیارەکاندا. بریتییە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە کردەوەکانی کەسێک و پابەندبوون بە بەها سەرەکییەکانی سوپا.

٣- ئازایەتی: بریتییە لە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ترس و مەترسی و ناخۆشی و بەرەنگارییەکان بە بوێری و سووربوون. ئەمە بەهرەیەکی سەربازییە کە ڕێگە بە سەربازەکان دەدات ئەرکەکانیان لەبەردەم مەترسیدا جێبەجێ بکەن.

٤- بەرپرسیارێتی: تاکەکان لە سوپادا بەرپرسیارن لە کردەوەکانیان و بڕیارەکانیان و گرنگیدان بە کەلوپەل و سەرچاوەکانیان.

٥- پیشەگەری: پیشەگەری بریتییە لە پابەندبوون بە ستانداردە بەرزەکانی لێهاتوویی و ڕەفتار و دەرکەوتن. چاوەڕوان دەکرێت کارمەندانی سەربازی لە هەموو کاتێکدا ڕەفتارێکی پیشەییان هەبێت.

٦- کارکردنی تیمی: توانای کارکردن بەیەکەوە بە شێوەیەکی هاوئاهەنگی و پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر و متمانە بە یەکتر گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئەرکەکە.



٧- سەرکردایەتی: سەرکردایەتی تەنها بۆ ئەفسەرەکان نییە؛ ئەمە بنەمایەکە بۆ هەموو پلەکان. سەرکردایەتی بریتییە لە ئیلهامبەخشین و ڕێنمایی کردن و دانانی نموونە بۆ ئەوانی تر.
٨- پەیڕەوکردن لەسەر بنەمای پێشترین لە سوپا بنیان نراوە، هەموو هەڵسوکەوتێکی سەربازی پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە بێت.
٩- هەموو کردەوەیەکی سەربازی لە ناو یەکەدا دارێژراوە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر لە نێو پلە جیاوازەکاندا.
١٠- کەسایەتی سەرباز خۆ نەویست و نییەت پاک بێت، خاوەن قسەی خۆی بێت. هەر کردەوییەکی بە پێچەوانەی خوڕەوشت و نییەت پاکی بێت، بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتی عەسکەری دادەنرێت.
ئەم بنەمایانەی هەڵسوکەوتی سەربازی چی بکەن. لەکاتی ڕاهێناندا، سەربازەکان فێردەبن مەترسی و هەڕەشەکان هەڵبسەنگێن و نیشانەکانی ئاگادارکردنەوە بناسنەوە و بڕیاری دروست بدەن کاتێک ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە. ئەم توانایەی هەڵسەنگاندنی مەترسی زۆر گرنگە بۆ سەربازەکان بۆ پاراستنی خۆیان و یەکەکانیان:
١- ڕاهێنانی سەربازی لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە، سەرباز ئامادە دەکات بۆ داواکارییە جەستەیی و دەروونییەکانی کارەکەیان، لەوانە ئەو فشار و مەترسییەی کە لەگەڵیدا دێت. ئەم بنەمایە یارمەتی سەربازەکان دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی ڕۆڵەکانیان و دەتوانرێت وەک جۆرێک لە ئاگادارکردنەوە ببینرێت. ڕاهێنانی سەربازی زۆرجار ڕاهێنانی توندی دەروونی لەخۆ دەگرێت ڕووبەڕووی هەڕەشە و بەرەنگارییە قورسەکان ببنەوە، و دەبێت ئامادە بن بۆ خۆگونجاندن و وەڵامدانەوە بە گوێرەی دۆخەکە.
٥- تێگەیشتن لە توانا و سنووردارییەکانی کەرەستەکانیان ئاگادارکردنەوەیەکە دژی خراپ بەکارهێنان یان پشتبەستن بە ئامێرەکان لە بارودۆخێکدا کە لەوانەیە کاریگەر نەبێت.
٦- ڕاهێنانی یاسایی و ئەخلاقی: سەربازەکان پەروەردە دەکرێن دەربارەی یاساکانی ململانێی چەکداری و ڕەفتاری ئەخلاقی لە جەنگدا. ئەم پەروەردەیە وەک ئاگادارکردنەوەیەک دەربارەی ئەنجامەکانی کردەوە نایاسایی و نا ئەخلاقییەکان خزمەت دەکات.
٧- مێژوو و لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکان: سەربازەکان زۆرجار دەربارەی ناکۆکییە سەربازییە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوەی

# پرۆسەی هۆشیاری دەتوانێ ببێتە هۆکاری بەهێزتر بوونی تواناکان، بڕیاری باشتر و هەنگاوی سەرکەوتوو تر

یارمەتیدەرن لە شێوەی کەسایەتی کارمەندانی سەربازی و ڕێنماییکردنی کردارەکانیان و دڵنیابوون لەوەی کە ئەوان پابەندن بە بەرزترین ستانداردەکانی ڕەفتار لە ناو و دەرەوەی مەیدانی جەنگ. ئەمانە گرنگن بۆ پاراستنی پیشەیی و کاریگەری هێزە چەکدارەکان.

## ڕاهێنان و مەشقی بەردەوام

ڕاهێنانی سەربازی ڕێگایەکی گرنگە بۆ ئامادەکردن و ئاگادارکردنەوەی سەربازەکان دەربارەی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە بواری ئەرکەکانیاندا. بەم شێوەیە ڕاهێنانی سەربازی وەک ئامرازێک بۆ ئاگادارکردنەوە و ئامادەکردنی سەربازان خزمەت دەکات. زۆر جار ڕاهێنان و لاساییکردنەوەی ڕاستەقینەی سیناریۆی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، لەوانە بارودۆخی شەڕ، وەڵامدانەوەی فریاکەوتن و هەڕەشەی تر. ئەم لاساییکردنەوانە یارمەتی سەربازەکان دەدەن لە ئەزموونکردن و تێگەیشتن لەو ئاستەنگانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕووی ببنەوە و بە شێوەیەکی کاریگەر ئاگاداریان دەکەنەوە لەوەی کە چاوەڕوانی و سەربازەکان ئاگادار دەکاتەوە کە ڕووبەڕووی دۆخێکی سەخت و سەخت دەبنەوە. ئەمەش وایان لێدەکات کە لەگەڵ فشاری دەروونی و سروشتی ئەرکەکانیاندا مامەڵە بکەن.
٢- پرۆسەی گونجاو: سەربازەکان ڕاهێنانیان پێ دەکرێت لە ڕێوشوێنە دامەزراوەکان بۆ بارودۆخی جۆراوجۆر، کە پرۆتۆکۆڵەکانی سەلامەتی، مامەڵەکردن لەگەڵ چەک و پەیوەندی دەگرێتەوە.
٣- ڕاهێنان و ڕاهێنانی سەربازی بۆ کارکردن وەک تیمێک و پشت بەستن بە یەکتر. ئەمەش هەستێکی متمانە و هاوڕێیەتی لە ناو کۆمەڵگادا دروست دەکات. سەربازەکان فێر دەبن کە شکستهێنان لە کارکردن وەک تیمێک یان متمانە نەبوون بە هاوڕێکانیان دەتوانێت ببێتە هۆی دەرئەنجامی خراپ، بەم شێوەیە ئاگاداریان دەکاتەوە لە گرنگی یەکگرتوویی.
٤- ڕاهێنانی سەربازی زۆرجار جەخت دەکاتەوە لەسەر خۆگونجاندن و بڕیاردانی خێرا لە دۆخە چاوەڕواننەکراوەکاندا. ئەمە سەربازەکان ئامادە دەکات بۆ ئەو ڕاستییەی کە لەوانەیە حاڵەتەکان پەروەردە دەکرێن بۆ تێگەیشتن لەو وانەیەی لە جەنگ و شەڕەکانی ڕابردوو فێربوون. ئەمەش وەک ئاگادارکردنەوەیەک دەربارەی ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەڵەکانی ڕابردوو.
بە کورتی، ڕاهێنانی سەربازی دیزاین کراوە بۆ ئامادەکردنی سەربازەکان بۆ واقیعی کارەکانیان و ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەمە وەک ئاگادارکردنەوەیەک خزمەت دەکات بە ئامادەکردنی زانیاری و لێهاتوویی و بیرکردنەوەی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەر بۆ مەترسییەکان و شوێنکەوتنی ڕێوشوێنی گونجاو و پاراستنی خۆیان و هاوڕێکانیان لە بوارەکەدا.

## پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر هۆشیاری سەربازی

تەکنەلۆژیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هۆشیاری سەربازی هەبووە بە ڕێگای جۆراوجۆر، بەهێزکردنی توانای هێزە چەکدارەکان بۆ کۆکردنەوە و پرۆسەکردن و شیکردنەوەی زانیاری:

١- چاودێریکردن وگەڕان: تەکنەلۆژیای مۆدێرن وەک مانگی دەستکرد و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هەستەوەرە پێشکەوتووەکان شۆڕشی لە توانای سوپادا کردووە بۆ چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی چالاکییەکانی دوژمن و هەڕەشەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی هۆشیاری لە کاتی ڕاستەقینەدا لەسەر زەوی، لە دەریا و لە ئاسماندا.

٢- کۆکردنەوەی زانیاری: شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پێشکەوتوو، لەوانە زیرەکی ئاماژەکان (SIGINT) ، زیرەکی مرۆڤ (HUMINT) ، و زیرەکی سەرچاوە کراوە (OSINT) ، بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزکراون لەلایەن تەکنەلۆژیاوە. ڕێگریکردن لە پەیوەندیکردن، سیخوڕی ئەلیکترۆنی و چاودێریکردنی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان بوونەتە سەرچاوەی گرنگی زانیاری بۆ هەواڵگری سەربازی.

٣- شیکردنەوەی جوگرافیایی: سیستەمی زانیاری جوگرافی (GIS) و تەکنەلۆژیای نەخشەکێشان تێگەیشتنێکی ورد لە زەوی و ژێرخان و تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی تر دابین دەکەن. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە پلاندانانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و دیاریکردنی شوێنی شیانی بۆردومانکردن و شیکردنەوەی هەڕەشە شیاوەکان لە ناوچە جوگرافییە دیاریکراوەکان.

٤- هەواڵگری ئەلیکترۆنی: لە سەردەمی مۆدێرندا، بۆشایی ئەلیکترۆنی بوارێکی گرنگە بۆ هۆشیاری سەربازی. هەواڵگری ئەلیکترۆنی بریتییە لە چاودێریکردن و شیکردنەوەی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان و هێرشەکان و ئەو لاوازییانەی کە لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان یان ئاسایشی نیشتمانی هەبێت.

٥- داتای گەورە و شیکردنەوە: سوپا بڕێکی زۆر لە زانیاری لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە بەرهەم دەهێنێت، لەوانە هەستەوەرەکان، تۆڕەکانی پەیوەندی و ڕاپۆرتی هەواڵگری. ئامراز و تەکنیکە پێشکەوتووەکانی شیکردنەوەی داتا ڕێگە بە پرۆسەکردنی خێرای ئەم داتایە دەدەن بۆ دەرهێنانی تێڕوانین و ئاڕاستە و شێوازەکانی کارپێکراو کە بەشدارن لە هۆشیاری بارودۆخ.

٦- پەیوەندی و هاوبەشیکردنی زانیاری: تەکنەلۆژیا توانای پەیوەندییەکی پارێزراو و خێرا لە نێوان یەکە سەربازییەکاندا دەدات، کە توانای هاوبەشکردنی زانیاری گرنگ لە کاتی ڕاستەقینەدا هەیە. ئەم پەیوەندییە پەیوەندیە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان لقە جیاوازەکانی هێزە چەکدارەکان بەهێزتر دەکات.

٧- شیکردنەوەی پێشبینیکراو: فێربوونی ئامێر و ئەلگۆریتمی زیرەکی دەستکرد دەتوانن داتای مێژوویی شی بکەنەوە بۆ پێشبینیکردنی هەڕەشەی شاراوە و هەڵسوکەوتی دوژمن و ئەنجامەکانی سیناریۆ جیاوازەکان. ئەمەش یارمەتی فەرماندە سەربازییەکان دەدات لە بڕیارداندا.

٨- هەستکردنی دوور: تەکنەلۆژیای هەستکردن لە دوورەوە، لەوانە مانگی دەستکرد و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (UAV) ، زانیاری بەنرخ دابین دەکەن لەسەر بارودۆخی ژینگەیی و شێوازی کەشوهەوا و جووڵەی دوژمن لەو ناوچانەی کە لەوانەیە بۆ سەربازەکان نەگات یان مەترسیدار بن.

٩- سیستەمی سەرکردایەتی و کۆنتڕۆڵ: سیستەمی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵی یەکخراو تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنێت بۆ بەڕێوەبردن و هەماهەنگیکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان. ئەم سیستەمانە توانای شوێنکەوتنی کاتی ڕاستەقینەی هێزە دۆستانەکان و تەرخانکردنی سەرچاوەکان و ڕێکخستنی ستراتیژیەتەکان لەسەر بنەمای گۆڕانی بارودۆخەکان دەدات.

١٠- لاساییکردنەوە و ڕاهێنان: تەکنەلۆژیای لاساییکردنەوەی پێشکەوتوو ڕێگە بە کارمەندانی سەربازی دەدات ڕاهێنان بکەن لە ژینگەیەکی ڕاستەقینەی ڤێرچواڵدا کە لاسایی سیناریۆکانی جیهانی ڕاستەقینە دەکاتەوە. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە پەرەپێدانی کارامەیی بڕیاردان، تاقیکردنەوەی ستراتیژیەتەکان، و باشترکردنی هۆشیاری لەسەر بارودۆخەکە بەبێ مەترسی جەستەیی.

لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی هۆشیاری سەربازی بەرزدەکاتەوە، بەڵام هەروەها بەرەنگاری وەک هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و لاوازییە شیاوەکان لە سیستەمەکاندا دەهێنێت، هەروەها کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە جەنگدا. هاوسەنگکردنی سوودەکانی تەکنەلۆژیا لەگەڵ ئەم کێشانەدا ڕەچاوکردنی بەردەوامە بۆ هێزە سەربازییەکان لە سەرانسەری جیهاندا.

• سەرچاوەکان:
• وەزارەتی پێشمەرگە هۆبەی مەشق، کوراسەی بنەماکانی هەڵسوکەوتی عەسکەری، چ١، ٢٠٠٨.
• ملازمی دوو هێمن قادر، ڕوشنبیری سەربازی، شیکردنەوەی چەند بابەتێکی سەربازی.
• لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی، دەروونناسی سەربازی
• وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، کوراسەی فێرکردنی جولەکانی نمایش و پاسەوان بۆ هەموو ڕشتەکان، ٢٠٠٧.
• بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی، کوراسەی ڕابەرایەتی و سازدانی پەل و دەستەی پیادە لە ئاشتی و جەنگدا،چ١، ٢٠١٩.
• ئەبووبەکر علی، جەنگی دەروونی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، ١٩٩٧.
• ئومێد رفیق فتاح و زانا تۆفیق کاکەامین، تیۆری جەنگی ڕەوا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا "لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ٢٠٢٠.
• سون تزو، هونەری جەنگ، و: ڕەوف حەسەن، چاپخانەی ژیار.
• نیکۆلا ماکیا ڤیللی، میر، و: ساڵح یوسف سۆفی، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ٢٠١١.
• بەهرۆز عزت محی الدین، دەروازەیەک بۆ بنەماکانی جەنگ زانستی سەربازیی، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٨.
• دورة التوجيه المعنوي – كراسة الطلاب ، الموضوع: العمليات المعنوية ضمن عمليات التأثير – نظرة عامة
• كلية الاركان، كراسه واجبات الاركان للقوات المسلحة، طبعهة الثانية، ٢٠٠٥١.
• By Vice Admiral Arthur K. Cebrowski, U.S. Navy, and John J. Garstka, Network–Centric Warfare: Its Origin and Future, Proceedings, January 1998.
• HACKER, B. C. 1994. Military Institutions, Weapons, and Social Change: Toward a New History of Military Technology. Technology and Culture, 35, 768–834.
• Carl von Clausewitz, One War, published by the University Press, 1976.

## پلاندانانی سەربازیی

# بنەمایەکی دامەزراوەیی و ڕێڕەوی گەیشتنە ئامانجەکان

ئامادەکردن: قارەمان

**پلاندانانی سـەربازی، بووەتە زاراوەیەکی سـەربازیی بۆ سیستەمی سـەربازی، جەنگەکان، ئۆپەراسیۆنەکان، بە هونەری ئامادەکاری و بەڕێوەبردن دادەنرێت. تەنانەت گرنگی ئەم بنەما سـەربازییە گەیشـتووەتە ئەو ئاستەی کە لەگەڵ چەمکی (ستراتیژ) هاوتا و ئاوێتە بکرێت.**

پلانی سـەربازی، بنەماو ڕێککارێکە دابەشـکراوە بەسەر دوو شێوازدا: تاکتیکی و ستراتیژی، کە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو لە هەردوو بواری بەرگری و هێرشکردندا بە جیاوازی لە ناوەڕۆکی داڕشتنەکەدا دادەڕێژرێت و جێبەجێ دەکرێت. هەروەها لـە کاروبارەکانـی بەڕێوەبردن و کارگێڕی لە کاتی ئاشـتی و شـەڕدا بایەخ و گرنگییەکـی زۆری هەیە و ناکرێت پلاندانان فەرامۆش بکرێت.

ئامانجـی پلاندانـان، بەڕێوەبـردن و ئامادەسـازیەکی زانسـتی و پێشـکەوتووانەیە، هاوکات گەیشـتنە بە سـەرکەوتن و کەمکردنـەوەی بەهـەدەردان و زیانـەکان لەڕێگـەی جێبەجێکردنێکی هونەریانـە و بەکارهێنانی چەک و لۆجسـتی لەژێر سەرکردایەتییەکی بەهێزدا.

پلانی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیی (بە پلانی جەنگی پێش جەنگی دووەمی جیهانیش ناودەبرێت)، پلانێکی کاتییە بۆ هێزە چەکدارەکان و یەکەکانیان لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان و زیاتر تایبەت دەبێت بە جووڵە و ئەرکی ئەو هێزانەی کە بەشداردەبن. پلانەکە بەگوێرەی بارودۆخ و پێداویستی و مەرامی ئۆپەراسیۆنەکە دادەڕێژرێ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پێش ئۆپەراسیۆن و کاتی جێبەجێکردنی یاخود دوای ئۆپەراسیۆنەکە.



# گرنگیی پلاندانانی سەربازی

پلاندانان پرۆسەیەکی فیکرییە و هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی هەڵبژاردنی هۆشیارانەی چارەسەرە گونجاوەکان و بڕیاردان لەسەر بنەمای مەبەست و رووداوەکان و هەڵسەنگاندنە دیراسەکراوەکان. کەواتە پلاندانان پرۆسەی هەڵبژاردنە لە نێوان کۆمەڵێک ڕێگا چارەسەری گونجاو، کە دەکرێت شیکاری و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین چارەسەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە و بەجێگەیاندنی ئەرکەکە. پەیوەندی و پێکەوە بەستن لە نێوان پلاندانان و بڕیارداندا هەیە، چونکە پرۆسەی بڕیاردان لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای پرۆسەی پلاندانان دامەزراوە.

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: مقدم میرزا داود رسول



مەبەست لە پلانی سەربازی ئەو پلانەیە، کە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو داڕێژراوە، کە دەکرێت بەرگری یان هێرشکردن بێت. دابەشکراوە بەسەر دوو جۆری تاکتیکی و ستراتیژیدا. ئامانجی ئەم پلانانە بەدەستهێنانی سەرکەوتن و کەمکردنەوەی زیانەکانە تا کەمترین ئاست ، لەڕێگەی بەکارهێنانی چەکی پێشکەوتوو یان لەژێر سەرکردایەتییەکی بەهێزدا.

بنەمای گرنگ لە پرۆسەی سەربازیدا پلاندانانە، چونکە پلانە گشتگیرو پڕ وردەکارییەکان ئەگەری سەرکەوتن دابین دەکەن، لەگەڵ لەوەشدا فەرماندەی گشتی دەبێت توانای بەهێزکردنی هێزەکانی و کۆنترۆڵکردنی ناوچەی پشتەوەی هەبێت و هەموو ئەمانەش یارمەتیدەر دەبن بۆ زاڵبوون بەسەر شەڕەکەدا بە چەندین ڕێگا. هەڵەیەکی گەورەیە کە فەرماندە بەبێ پلاندانان هێزەکانی بباتە ناو شەڕەوە، بەبێ پلاندانانی تەواو و زانینی ئەو ڕێگایانەی کە دوژمن دەتوانێت بەرپەرچی بداتەوە.

## گرنگی پلاندانانی سەربازی

پلاندانانی سەربازی توخمێکی جەوهەرییە لە بەڕێوەبردنی شەڕدا، بریتییە لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیژی و تاکتیک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکان، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە مانۆڕی جەنگیدا و ئامرازێکی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ئۆپەراسیۆنەکاندا، بەو پێیەی بنەمایەکە بۆ ڕێکخستنی هەوڵەکان و ئاراستەکردنی ستراتیژییەتی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. بۆیە پلاندانانی سەربازی گرنگییەکی زۆری هەیە **لەبەر چەند هۆکارێک:**

١- شیکردنەوە دەکات بۆ سەرچاوە بەردەستەکان، چ مرۆیی و چ ماددی بێت

، بۆ دیاریکردنی باشترین ڕێگا لەپێناو باشترین دەرئەنجام.

٢- پلاندانانی سەربازی چوارچێوەی گشتی بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی دابین دەکات، لەوانە دیاریکردنی ئامانج و ستراتیژی و تاکتیکی گونجاو بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.

٣- یارمەتیدەرە لە ڕێکخستن و هەماهەنگیکردنی هێزەکان و سەرچاوە بەردەستەکان بە شێوەیەکی کاریگەر بەپێی ئامانجە پێشوەختە دیاریکراوەکان، بەمەش چانسی سەرکەوتن لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا زیاد دەبێت.

٤- یارمەتیدەرە لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی باروودۆخی سەربازی، لەوانەش دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و دەرفەت و هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکان، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە بڕیاردانە ستراتیژییە دروستەکاندا، هەروەها زانیاری پێویست بە فەرماندەکان دەدات بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدەن لە کاتی گۆڕانی باروودۆخەکاندا.

٥- هاوکاری و هەماهەنگی نێوان فەرماندە و هێزە بەشدارەکان لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا بەرز دەکاتەوە، هاوکارە بۆ گەیشتن بە هەماهەنگی کاریگەر و دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی ناوخۆیی.

٦- یارمەتیدەر دەبێت لە دیاریکردن و جێبەجێکردنی پلانی لۆجستی، دابینکردنی کەرەستە و پاڵپشتییە پێویستەکان بۆ ئەو هێزانەی بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا.

٧- دەبێتەی هۆی بەدەستهێنانی زانیاریە ورد و باوەڕپێکراوە پێویستەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکان.

٨- هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی کارتێکەرەکانی شەڕەکە، وەک کەش و هەوا و جوگرافیای ناوچەکە و پێداویستییە لۆجستییەکان و دیاریکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

٩- لە کۆتاییدا پلاندانانی سەربازی زۆر گرنگە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان و سووککردنی زیانە مرۆییەکان.

جۆرەکانی پلاندانان:

**پلاندانان بەپێی گرنگی پلانەکان پۆلێن دەکرێت بۆ سێ جۆر:**

١- پلاندانانی ستراتیژی لە ئاستە باڵاکاندا ئەنجام دەدرێت.

٢- پلاندانانی تاکتیکی لە ئاستە مامناوەندەکاندا ئەنجام دەدرێت.

٣- پلاندانانی جێبەجێکردن لە ئاستەکانی خوارەوە ئەنجام دەدرێت.

**چۆنێتی پلاندانانی سوپا پێش ئەوەی بچێتە ناو شەڕەوە**

**١. هەڵسەنگاندنی باروودۆخ:** هەڵدەستێت بەشیکردنەوەی باروودۆخی ستراتیژی و تاکتیکی بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و هەڕەشە و ئالەنگارییەکان و دەرفەتە چاوەڕوانکراوەکان.

**٢. دیاریکردنی ئامانجەکان:** ئەو ئامانجە سەربازییە سەرەکییانە دیاری دەکرێن کە پێویستە لە شەڕەکەدا بەدیبهێنرێن، وەک کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی دیاریکراو، یان لەناوبردنی ژێرخانی دوژمن.

**٣. پلاندانانی ئۆپەراسیۆنەکان:** ئەمەش دارشتنی پلانی وردی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، کە دیاریکردنی هێزەکان و کەرەستە و کەلوپەلی پێویست و دیاریکردنی هەنگاوەکان و کاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان لە خۆیدەگرێت.

**٤. یەکخستنی هەوڵەکان:** بریتییە لە یەکخستنی هەوڵەکانی هێزە جۆراوجۆرەکانی ناو سوپا وەک، هێزەکانی زەمینی و ئاسمانی و دەریایی، هەماهەنگن بۆ ئەوەی زۆرترین هەماهەنگی و هاوکاری لە شەڕدا دەستەبەر بکرێت.

**٥. دابینکردنی پێداویستیەکان:** پلان بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خۆراک، سووتەمەنی، تەقەمەنی، ئاو، و چاودێری پزیشکی دادەنرێت بۆ ئەو هێزانەی بەشداری شەڕەکە دەکەن.

**٦. مەشق و ڕاهێنان:** هێزەکان لەسەر پلان و تاکتیکە تایبەتەکان ڕاهێنانیان پێدەکرێت و تاقی دەکرێنەوە بۆ باشترکردنی ئەدای هێزەکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

**٧. دانانی پلان بۆ پاڵپشتی لۆجستی:** پلان بۆ دابینکردنی پاڵپشتی لۆجستی بۆ هێزەکان دادەنرێت، وەک کرین، عەمبارکردن، گواستنەوە، چاککردنەوە، و کارپێکردنی تەکنیکی ئامێرەکان.

**٨. هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان و هەمووارکردنەوەی:** دوای تەواوکردنی شەڕەکە، ئەنجامەکان هەڵدەسەنگێندرێت و شیکاری ئەدای کارکردن دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان و خاڵە بەهێزەکان و ئەنجامدانی هەمواری پێویست بۆ باشترکردنی لە جارەکانی داهاتوودا.

**گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم پلاندانانی جەنگ**

**١. پێشکەوتنی تەکنەلۆژی:** خێرایی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەتوانێت ئاستەنگی نوێ بۆ پلاندەرانی سەربازی دروست بکات، بۆ نموونە پەرەپێدانی فڕۆکەی بێ سەرنشین (UAV)، شێوازی شەڕەکانی گۆڕیووە، ئەمەش وایکردووە پێشبینیکردنی چۆنیەتی پەرەسەندنی ململانێکان قورستر بێت.

**٢. شەڕی ناهاوسەنگ:** پێویستە پلاندەرانی سەربازی مامەڵە کردن لەگەڵ شەڕی ناهاوسەنگدا لەبەرچاو بگرن، کە لایەنێک سەرچاوە یان توانای زۆر زیاتری هەیە لە لایەنەکەی تر، ئەمەش لەوانەیە کاری پلاندانان و وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی سەرچاوە ناتەقلیدیەکان قورس بکات.

**٣. گۆڕانی دیمەنی جیۆپۆلەتیک:** باروودۆخی جیۆپۆلەتیکی بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەهۆی سەرهەڵدانی هاوپەیمانی و ململانێ نوێیەکانەوە. ئەمەش کاری پێشبینیکردنی ئامادەکاری بۆ هەڕەشە نوێیەکان لای پلاندەرانی سەربازی قورس دەکات.

**٤. سنووردارکردنی سەرچاوەکان:** ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان پێویستیان بە سەرچاوەی دارایی گەورە هەیە، بۆیە سنووردارکردنی بودجە توانای پلاندەران بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیژی کاریگەر سنووردار دەکات.

**٥. فاکتەرە مرۆییەکان:** فاکتەرە مرۆییەکان وەکو ڕۆحی مەعنەویی و هاندان و ڕاهێنان کاریگەری بەرچاویان لەسەر چالاکیە سەربازییەکان هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر پلاندانەران ئەم هۆکارانە لەبەرچاو بگرن لە کاتی دارشتنی ستراتیژی و پلاندانانا.

**٦. فاکتەرە جوگرافیاییەکان:** تایبەتمەندییە سروشتییەکانی پێکهاتە و شێوەی زەوی، وەک بەرزیی و نزمی و ڕووبەرە ئاوییەکان و دارستانە چڕەکان... هتد فاکتەرێکی تری کاریگەرە، ئەمە سەرەرای کاریگەری بەرچاوی باروودۆخی کەشوهەوا لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان.

**سەرچاوەکان:**

١- التنظيم و التخطيط, عميد ركن متقاعد محمد بن علي الحميدي, الطبعة الثانية, رياض, ٢٠١٤م.
٢- www.ejaba.com/question
٣- https://ar.wikipedia.org





# ڕۆڵی پلاندانانی ستراتیجی لە بونیادنانی دامەزراوەی سەربازییدا

● نەقیب ئارام ناسیح عبید

**وڵاتانی پێشکەوتوو وەک ئامرازێکی گرنگی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکاندا , گرنگییەکی زۆر بە پلاندانانی ستراتیجی لەپێناو گەیشتن بە دونیابینییەکی ڕۆشن لەبارەی داهاتووی ئەو دامەزراوانەوە دەدەن. ئەو وڵاتانە دەرکیان بەوە کردووە کە باشترین ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، کارکردنە بەپێی بنەما و ڕێکخستنە ئیدارییە مۆدێرنەکان، هەروەها بەکارخستنی ئامرازە تەکنیکی، توانا مرۆیی و ماددییەکان بەمەبەستی ئەوەی دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکان بتوانن لە ئاست پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆجییەکاندا بن.**

### چەمکی پلاندانانی ستراتیجی

پلاندانانی ستراتیجی بریتییە لە پرۆسەی دیاریکردنی ئامانجی دامەزراوەکان و دانانی سیاسەت و ستراتیجیی پێویست بۆ بەدیهێنانیان، هەروەها دەستنیشانکردنی ئامرازە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیجە دانراوەکان.

### سوودەکانی پلاندانانی ستراتیجی

- بوونی دونیابینییەکی ڕۆشن و بەدیهێنانی ئامانجەکان.
- بەکارهێنانی نموونەییانەی سەرچاوە و تواناکان.
- بەدیهێنانی تەواوکاری و هەماهەنگی لەنێوان پێکهاتەکانی دامەزراوەدا.
- زاڵبوون بەسەر کێشەکانی جێبەجێکردندا.
- دیاریکردنی کارە لەپێشینەکان و ڕێکخستنیان.
- کەمکردنەوەی مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

### شێوازی بەکارهێنانی پلاندانانی ستراتیجی لە دامەزراوەی سەربازییدا:

- دیاریکردنی ژمارەی پێویست لە سەرباز، ئەفسەری ڕشتە، ئەفسەرانی دیکە و هاوکاران، دەرخستنی تواناکانیان و ئاستی گرنگی شارەزاییان.
- دانانی پلان بۆ ڕاهێنانی تەکنیکی و پسپۆڕی تاکەکان بەپێی پێویستی دامەزراوەکە و ئەو قۆناغەی تێیدایەتی.
- دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆسەکان و دووبارە بونیادنانەوەی سەربازگەکان بەپێی پلانێکی دیراسەکراو لەپێناو دانانی سنوورێک بۆ هەدەردانی موڵکی گشتی.
- دانانی پلان و بەرنامەیەک بۆ پرۆسەی وەبەرهێنانی ماددی تایبەت بە دامەزراوەی سەربازیی بە ئامانجی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان و نەوەی ئەفسەران و کارمەندانی دامەزراوەکە.

گرنگترین مۆدێلەکانی پلاندانانی ستراتیجی

١. مۆدێلی فایفەر Pfeiffer، مۆدێلیکی زۆر گشتگیرە.

٢. مۆدێلی سیناریۆScenario: بریتییە لە دانانی پلان و تێڕوانین لەسەر بنەمای ئەو سیناریۆیانەی شایانی ڕوودانن. ئەم مۆدێلە هەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکاریدەهێنن.

٣. مۆدێلی :SWOT بریتییە لە شیکردنەوەی خاڵە هێز و لاوازەکان، دەرفەت و هەڕەشەکان لەسەر واقیعی ئێستا.

٤. مۆدێلی PMSP : بریتییە لەو شێوازەی لە ژینگە ناجێگیرەکاندا بەکاردێت وەک بازاڕی دراو و پشکەکان (البورصة).

تێڕوانینی گشتی بۆ دامەزراوەی سەربازیی لە ئاستی ئەنجوومەنی باڵای سەربازیی دیاریدەکرێت کە پێکدێت لە سەرۆکی دەوڵەت، وەزیری وەزارەتە سیادییەکان و سەرۆک ئەرکانی سوپا. پێویستە ئیدارەدانی پلاندانانی ستراتیجی ڕاستەوخۆ بە سەرۆکایەتی ئەرکانەوە پەیوەست بێت.

گرنترین شێوازەکانی ئامادەکردنی پلانی ستراتیجی

- شێوازی شیکردنەوەی پرسیارە قورسەکان (الاسئلة الحرجة).
- شێوازی شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی بەهێزی و لاوازی، دەرفەت و مەترسییەکان.
- شێوازی شیکردنەوەی بوارەکانی کار.
- شێوازی بەکارهێنانی سیناریۆکان.

سەرچاوە: www.almusallh.ly


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەراوردكردن...

# هۆكارێك بۆ پلانی سەركەوتووی سەربازی

رائد سۆران مەهدی



**بەدەستهێنانی سەركەوتن لە شەڕی مۆدێرن بە پلەی یەكەم پەیوەستە بە چۆنایەتی و چەندایەتی پلانەكان و كرداری پێكهاتەكانی هێزەكان لە جێبەجێكردنی ئەركەكاندا و ئاستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەكان، كە ئەمەش پێویستی بە سیستەمێكی زانستی و شارەزایی هەموو فەرماندە و ستافەكان هەیە لەسەر ئاستە جیاوازەكاندا.**

لەم پرسەدا (بەراوردكردن) بە پێوەرێكی بنەڕەتی لە دانان و نەخشەڕێی پلانەكان دادەنرێت. بەراوردێك كە كاریگەریی ئەرێنی لەسەر بڕیاردانی دروست بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەركانەی دانراون هەبێت. ئەنجامدانی ئەو جۆرە بەراوردكردنانە بەگوێرەی عەقیدەی سەربازی و بە ئەنجامدانی لێكدانەوە لە نێوان هێزە دژبەیەكەكاندا دەبێت. بەگشتی مەبەست لە بەراوردكردن، گەیشتن بە باشترین بەكارهێنانی هێزەكانە بەبێ زیادەڕەویی.

لە سەرەتای دروستبوونی گروپە مرۆییەكان و سەرهەڵدانی ململانێی ڕێكخراوەوە، هێزە دژبەیەكەكان بۆ بەدەستهێنانی سەركەوتن پشتیان بە بەراوردكاریی ژمارەیی و چۆنایەتی بەستووە. سەركردەكان لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی میتۆدی گونجاوی بەراوردكردن لە كاتی جووڵە و بڵاوەپێكردنی هێزەكانیان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەكانیان بە كەمترین زیانەوە، كێبڕكێیان كردووە. دەتوانین بڵێین، كە ئەوە پرۆسەیەكی وردە بۆ دیاریكردنی قورسایی تواناكان و كارایی شەڕی هەردوو لایەن. بەراوردكردن لە قۆناغی پێش بڕیاردان لەسەر بنەمای زانیاری دەكرێت بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەمانەی خوارەوە:

١- باشترین ڕێككار و كردەی بەڕێوەبردن.
٢. گونجاوترین دابەشكردنی هێز و ئامرازەكان.
٣- گونجاوترین پێكهاتن بۆ شەڕ و بنیاتنانی هەماهەنگی.
٤- گونجاوترین شێواز بۆ مانۆڕكردن و بەكارهێنانی هێزەكان.
٥- خەمڵاندنی قەبارەی كۆكردنەوەی پێویست بۆ هەوڵە سەرەكییەكان.

**جۆرەكانی بەراوردكردن**

- بەراوردكردنی ڕاستەقینە: ئەم بەراوردكردنە لە كاتی بەڕێوەبردنی شەڕدا، لەسەر بنەمای زانیاری ڕاستەقینە سەبارەت بە دوژمن كاری بۆ دەكرێت.

**بەراوردكردنی ستراتیژی:** دەسەڵاتی ئۆپەراسیۆنەكانی فەرماندەیی گشتی، هەموو جۆرە بەراوردێك لە ئاستی ستراتیژیدا بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو دەزگاكانی و بە شێوەیەكی هاوتا لەگەڵ هێزی ئابووری دەوڵەت ئەنجام دەدات.

**بەراوردكردنی تاكتیكی:** بەشی ئۆپەراسیۆنەكانی سوپا، بە هەماهەنگی لەگەڵ لقەكانی ستافی فەرماندەیی، بەراوردكارییە چۆنایەتییە پێویستەكان لە كاتی هەڵسەنگاندنی دۆخەكەدا دەكەن.

**بەراوردكاری گشتی:** بنەمایەكە كە بڕیاردان لەسەری بنیات دەنرێت، بەو پێیەی قەبارەی تەواوی هێزەكان بۆ هەردوولا ئەژمار دەكرێت و ئەم هێزانە بە یەكتر بەراورد دەكرێن.

**بەراوردكاری تایبەت:** ئەو بنەمایەیە كە پێكهاتەی نەخشەكان لەسەری بنیات نراوە و بریتییە لە:

١. بەراوردكردنی تایبەت بە ئەرك.
٢. بەراوردكردنی تایبەت بە جووڵە.
٣. بەراوردەكانی تایبەت بە (هێرش، بەرگری).

**چەند بەراوردێكی هەمیشەیی**

- توانا سەربازییەكان و ماهیەتی ستراتیژیی سەربازی.
- تایبەتمەندیی كەسی فەرماندە و سەركردەكان.
- ئەزموونی شەڕی یەكەكان و پێكهاتەكان.
- مێژووی سەربازیی فەرماندە و ستافەكان.
- توانای ئەفسەر و سەرباز بۆ بەرگەگرتنی ترسناكییەكانی شەڕ.
- مۆراڵ و پلەی باوەڕبوون بە ئەركەكان.
- ڕادەی متمانەی سەربازەكان بە فەرماندەكان.
- ڕادەی متمانەی فەرماندە بە سەربازەكانی.
- سرووشتی خاك و دەستەكانی بەڕێوەبردن.
- هێڵەكانی پەیوەندی لە مەیدانی ئۆپەراسیۆنەكاندا.
- خێرایی و ئاستی تواناكانی هێزی پشتیوانی.
- هەڵسەنگاندنی باری كەشوهەوا.
- چۆنیەتی بەڕێوەبردن و بەردەوامیدان.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی، مجلة المسلح**



# پلاندانان و ستراتیژ
# پێوەرێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان

ئامادەکردنی: ئارمان شوانی

**لەبەر گرنگی ئەم چەمکەو هەروەها بەهۆکاری ئەوەی کە شەڕ بە یەکێک لە دیاردە بەردەوامەکانی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت، لەبەر ئەوە هەر لە دێرزەمانەوە پرسی پلاندانان سەرنجی زۆرێک لە بیرمەندان و زانایانی ڕاکێشاوە و هەوڵیان داوە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەوە لە ئەزموونەکانی شەڕەکان بە جۆرە جیاوازەکانیانەوە بڕوانن و بگەنە پرەنسیپ و یاسای گشتی بۆ ئەم چەمکە ئاڵۆزە.**

نووسینەکان لەم بوارەدا زیاتر لە ٢٦ سەدە لەمەوبەر لەلایەن بەشێک لە شارەزایانی سەربازی چینییەوە دەرکەوتن، دواتر نووسینەکانی دیکەی شارەزایانی سەربازی و بیرمەندانی یۆنانی، ڕۆمانی، عەرەبی و ئەورووپی، کە هەموویان باسیان لە هەندێک لە چەمک و پرەنسیپە بنەڕەتی و وردەکان لە بواری جەنگدا کردووە کە لە ئەنجامدا لقێکی نوێی مەعریفەی مرۆڤ سەریهەڵدا کە پێی دەگوترا (هونەری سەربازی) یان (هونەری جەنگ).

**هونەری سەربازی بەسەر سێ ئاستی سەرەکیدا دابەشکرا:**

١- ستراتیژیی باڵا یان هەمەلایەنە.
٢- ستراتیژیی سەربازی.
٣- پلاندانان.

بەڵام ئەم دابەشکردنەی کە قوتابخانەی سەربازیی ڕۆژئاوا پەسەندی کردووە، نزیکەی تەواو هەمان ئەو دابەشکردنەیە کە قوتابخانەی سەربازیی ڕۆژهەڵات گرتویەتیەبەر. قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی، هونەری سەربازیی بەسەر (ستراتیژی، هونەری ئۆپەراسیۆن و پلاندانان) دابەشکرد. ژەنەڕاڵ ئەندرێ بۆفریش دابەشی کرد بەسەر (ستراتیژی، پلاندانان و کاروباری کارگێڕی) دا. کلاوزەفیتز ستراتیژیەتی بەم شێوەیە پێناسە کردووە «هونەری بەکارهێنانی شەڕەکان وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی جەنگ.» مۆڵتکیش بەم شێوەیە لێکیداوەتەوە «ڕێکخستنی پراکتیکی ئەو ئامرازانەی کە لە بەردەستی فەرماندەدا دانراون بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو»، لە کاتێکدا لیدل هارت بەمشێوەیە پێناسەی کردووە «هونەری دابەشکردن و بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی).

بە هەڵسەنگاندی پێناسەکان، دەتوانرێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ستراتیژی و پلاندانان هاومانا و تەواوکاری یەکترین، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو نەگرین کە ستراتیژیی سەربازی لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان جیاوازە، بەو پێیەی پلاندانان وەک ئەندرێ بۆفەر دەڵێت، «بریتییە لە هونەری بەکارهێنانی چەک و هێزەکان لە شەڕدا بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ئەنجام»، واتە بنەمایەکی سنووردارە، لەبەرانبەریشدا ستراتیژیی سەربازیش، هونەری دابەشکردن و بەکارهێنانی توانا و ئامرازە سەربازییە جۆراوجۆرەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی بە شێوەیەکی گونجاو، کە هاوئاهەنگی نێوان تواناکان و ئامانجەکە مسۆگەر دەکات، واتا پلان دادەنێین بۆ گەیشتن بە خواست و ئامانجی ستراتیژی.

سەرچاوە: army.alafdal.net

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA
WWW.GOV.KRD/MOPA | December 2023


## مەشق و ڕاهێنانی سەربازی

# زەمینەی بەهێزبوون و هۆکاری پێشکەوتن

**مەشق و ڕاهێنان لەڕووی سەربازییەوە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هێزە چەکدارەکان و یەکە کارگێڕی و تەکنیکییەکان. ئامانجی، پەرەپێدانی هەموو تواناکانی پلاندانان و پەرەپێدانی شارەزایی و زانیاریی ئەفسەران و سەربازانە لە هەموو پسپۆڕییەکانیاندا و سەرئەنجام، بەرزکردنەوەی توانا و ئاستی سوپایە. ڕاهێنانی سەربازیی باش و سەرکەوتوو، ڕۆڵێکی بنچینەیی و کاریگەری لە بەرزکردنەوەی بنەماکانی سەربازی و یەکەکان و دامەزراندنی ڕێساکانی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ و پەیوەندیی نێوانیان لە ڕێگەی زیادکردنی متمانەی تاکەکان بە سەرکردایەتی و چەکەکانیاندا هەیە.**

وەرگێڕان: هاوکار محەمەد



### ئامانجەکانی ڕاهێنانی سەربازی

ئامانجی سەرەکی پرۆسەی ڕاهێنان بریتییە لە گەیشتن بە هەموو تواناکانی جەنگی، بۆ ئامادەیی تەواو لە کاتی جووڵە و جێبجێکردنی ئەرکەکاندا، وا لە هێزەکان دەکات کە شارەزابن و بتوانن شەڕی بەرگری یان هێرشکردن بکەن. بەپێی پلانی زانستیانە و بە ڕاهێنانی چڕ و بەردەوام، سەربازە نوێیەکان دەبن بە شەڕکەری پیشەگەر و بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو ئامادە دەبن.

مەشقی بەهێزو سەرکەوتوو ئەوەیە ببێتە مایەی بەرزکردنەوەی توانای سەربازی و کارگێڕی و تەکنیکی هەموو ئەندامانی یەکەکان و پێکهاتەکان لە هەموو چەکی وشکانی و ئاسمانی و دەریایی و پەرەپێدانی شارەزاییەکانیان و توانای مامەڵەکردنیان بە شێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی جەنگی مۆدێرن بگونجێت، هەروەها، شارەزابوون و بەکارهێنانی چەکی ئاڵۆز و فراوانکردنی تێڕوانین و چەمکەکانی فەرماندەکان وەک بەرپرسیارێتییەکی ڕاستەوخۆ بۆ ڕاهێنانی جەنگی لە ڕێگەی پەروەردە، ڕاهێنان، پەرەپێدان، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە هەموو پێشکەوتنەکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیای سەربازی مۆدێرن.

بەهێزکردنی ڕۆحی تیم لەنێو ئەندامانی یەکە سەربازییەکان، پەرەپێدانی ڕۆحی هاوڕێیەتی و ڕێزگرتن لە نێوان تاکەکان و فەرماندەکانیان و هەمیشە دروستکردنی ئارەزووی کارکردن وەک تیمێکی یەکخراو، کە تاکەکان هەست بەوە بکەن ئەوان یەک خێزانن و بە پەیوەندییەکی بەهێزی خۆشەویستییەوە بەستراونەتەوە.



## ستراتیژیی ڕاهێنانی سەربازی

ستراتیژیی ڕاهێنان بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر سەرچاوە مرۆیی و ئابوورییەکانی دەوڵەت دەکاتەوە، چونکە ئەوە ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی هێزی چەکداری زۆر کارا، لە پەرەپێدان و مۆدێرنکردن و پێشکەوتنی یەکەکانی سوپا، وەک دابینکردنی کارمەند و کەرەستەی تەکنەلۆژیا لە ڕێگەی تێڕوانین و پلانی درێژخایەنەوە بۆ داهاتوو.

ستراتیژیی ڕاهێنان کارلێک دەکات لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، وەک بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەت و ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی هاووڵاتیان. هاوکات بۆ گونجاویی ئەم ژینگەیە بۆ پێداویستی و قەبارەی یەکە سەربازییەکان و ڕاهێنان و ئاستی کەلوپەلەکانیان و بەرنامە نوێیەکانی فراوانبوون لە یەکەکانی شەڕدا. هەندێک جار کەمکردنەوەی قەبارەیان و زیادکردنی ئەرکی نوێ بۆیان، ناساندنی کەرەستە و چەک و بناغەیەکی کاریگەرە. لەلایەکی دیکەوە پاڵپشتی ماددی و ورەیی پێویستییەکی بنەڕەتییە، کە لە ڕێگەیەوە بەرنامەی ڕاهێنانی کاریگەر و پێشکەوتوو لە ماوەی مامناوەند و درێژخایەندا دابین دەکرێت، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هاوشان بێت و ئامانجە ستراتیژییە گشتییەکان بەدەست بهێنێت. وەک یەکێک لە مێژوونووسان دەڵێت «هەمیشە باشترە پێش گۆڕانکارییەکان بکەویت و خۆتی بۆ ئامادە بکەیت لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوان بیت گۆڕانکاری پێت بگات.»

## سەرکەوتن لە ڕاهێنانەکاندا

توخمەکانی سەرکەوتن لە مەشق و ڕاهێناندا، لە پلاندانانی بابەتی و ئامانجی ڕوون پوخت دەکرێن کە هەموو جۆرەکانی ڕاهێنانی جەنگی لەخۆ دەگرێت، هەروەها لەسەر لایەنە تەکنیکییەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە پرۆسەی ڕاهێنانەوە لە کۆمەڵێک هەنگاودا کە دەتوانرێت بەم شێوەیە چڕبکرێنەوە:

١- پێویستییەکانی ڕاهێنانی ڕاستەقینە:
پێویستییەکان بریتیین لە، دیاریکردنی ژمارە و جۆری ئەندامانی سوپا بۆ ڕاهێنان و ئاڕاستە و ئامانجەکانی پرۆسەی ڕاهێنان، زانیاری و زانستی پێویست بۆ پەرەپێدانی یەکە سەربازییە جەنگییەکان.

پێداویستییەکانی ڕاهێنان بە چەند ڕێگایەک دیاری دەکرێن، گرنگترینیان بریتین لە:

* دیاریکردنی پێداویستییەکانی ڕاهێنان: لە ڕێگەی فەرماندەی ڕاستەوخۆی یەکەکە و پێکهێنان بە دیاریکردنی پێداویستییەکانی یەکەکەی لە ڕێگەی زانینی ئاستی چوستی کارمەندەکانی، زانینی لاوازی و کەموکوڕییەکانیان، هەڵسەنگاندنی بابەتی ئاستی زانستی و کولتووری، ئاستی تێگەیشتن و هتد.

* دیاریکردنی پێداویستییەکان لە ڕێگەی شیکردنەوەی پێوەرەکانی پەیوەندیدار بە هەڵسەنگاندنی گشتی، بۆ ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک فەرماندە سەربازییەکان و ژێردەستەکان بە زانست و زانیاری مۆدێرن ئاشنان و ڕێژەی پابەندبوون بە یاساکانی دیسپلین و پەیوەندیی باش و کاریگەرییە بەرچاوەکەی لەسەر پرۆسەی ڕاهێنان. ئەمەش دەتوانرێت لەلایەن تاکەکان خۆیانەوە، بە پرسیارکردنیان دەربارەی کەموکوڕییەکانیان، چۆنیەتی زاڵبوون بەسەریاندا و ڕێگاکانی باشترکردنی ئاستی ئەنجامدانیان دیاری بکرێن.

٢- دیزاینی کۆرس:
کۆرسەکانی ڕاهێنان بەپێی پێداویستییەکانی ڕاهێنانی گشتی یەکە سەربازییەکان دیزاین و دیاریکراون، ئەمەش پەیوەستە بە ناوەڕۆکی کۆرس و زانستە تایبەتەکان و بوارە گونجاوەکانیان. هەموو ئەوانەی کە پێویستە لەلایەن پرۆسەی ڕاهێنانەوە ئەنجام بدرێت، خوێندنەوەی پلانی کات بۆ هەر کۆرسێک، ژمارەی ڕاهێنەران و مەرجی پاڵێوراوە.

٣- وردی لە هە ڵبژاردنی ڕاهێنەر:
هەڵبژاردنی وریایی ڕاهێنەرە شارەزا و پیشەییەکان بۆ ئەرکی ڕاهێنان، جا ئەوان لە هەمان دامەزراوەی پەروەردەیی بن یان بە یارمەتی ڕاهێنەرەکانی دامەزراوە یان یەکەکانی تر، دەبێت زۆر بە وردی لە سەرکەوتنی پرۆسەی ڕاهێنان وریابن. تەنها پشت بە کەرەستەی پەروەردەیی یان کەرەستە و دامەزراوەکان نابەسترێت، بەڵکو زیاتر تیشک دەخاتەسەر چوستی و زیرەکی ڕاهێنەرەکە و هەڵسوکەوتی باش.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ڕاهێنەرەکان، لە کاتی هەڵبژاردنی کاندیدەکان بۆ وەرگرتنی کۆرس، بەتایبەتی کاتێک ژمارەی ڕاهێنەرەکان لە توانای دامەزراوەکانی ڕاهێنان تێدەپەڕێنێت، ئاسانترە ئەگەر لیستێکی وردی پێداویستییەکانی ڕاهێنانی



ڕاستەقینە لەگەڵ پێویستی هەماهەنگیکردن لەگەڵ فەرماندەکانی یەکەکان هەبێ.

٤- دیاریکردنی پێداویستییە داراییەکان:
یەکێک لە بناغەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕاهێنان بریتییە لە تەرخانکردنی سەرچاوە داراییەکان، بەپێی ئەو بودجەیەی کە لەلایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە دیاریکراوە، نەک بە کەم هەڵسەنگاندنی ئەم پێداویستییانە و دواکەوتن لە جێبەجێکردنیان. زانینی ئەوەی کە پرۆسەی ڕاهێنانەکە زۆر گرانە و بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنی و کەلوپەل و پێداویستی و سووتەمەنی و هتد بەکاردەهێنێت، بەڵام هیچ هۆکارێک نییە بۆ ڕاگرتنی پرۆسەی ڕاهێنان بە هەموو پێداویستییەکانی.

٥- چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی خوێندن:
مەشقی شەڕی سەربازی لە بەرزترین ئاستەوە لە ڕێگەی فەرماندە و یەکە پەیوەندیدارەکانی مەشق و ڕاهێنانەوە چاودێریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەکرێت، ڕادەی سەرکەوتن و کاریگەریی پلانی ڕاهێنانی پەسەندکراو هەڵدەسەنگێنرێت، هەڵەکان ڕاست دەکرێنەوە، خاڵە لاوازەکان بەهێز دەکرێن. هەروەها پێویستە فەرماندەکانی یەکەکان ڕێنماییەکانی دەسەڵاتی مەشق و ڕاهێنان سەبارەت بە پلانی ڕاهێنان و هەڵسەنگاندن جێبەجێ بکەن. هەروەها پێشکەشکردنی پێشنیازەکانیان سەبارەت بە پێشکەوتنی ڕاهێنانەکان بۆ ئەوەی لە پێشکەوتن و بڵاوکردنەوەی سەرکەوتووانەی بەرنامەکانی ڕاهێنان زیاتر سوودمەند بن.

## پێشخستنی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی

بنیاتنانی یەکە سەربازییەکانی شەڕ لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن و دانانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و پێشکەوتوو لە خزمەتی ئەو یەکانەدا، پێویستی بەوەیە پیاچوونەوە بە بەرنامەکانی ڕاهێنان و میتۆدە بەسەرچووەکاندا بکرێت، جەخت بخرێتەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەیی و کردنەوەی کتێبخانەی گشتی و دابینکردنی سەرچاوە زانستییەکان، کە بیری سەربازی دەوڵەمەند بکەن و ئاستی ڕۆشنبیریی سەرباز بەرزبکەنەوە.
پێویستە هەوڵەکانی ڕاهێنەر و ڕاهێنراو بناسرێت و هانبدرێن. یەکێک لە بنەماکانی ڕاهێنانی سەرکەوتوو بنەمای پاداشت و سزایە بۆ هەردوو ڕاهێنەر و ڕاهێنراو بە یەکسانی.
بە گشتی مەشق و ڕاهێنانی بەردەوام لە هەموو کات و لە سەختترین بارودۆخی تۆبۆگرافی و کەشوهەوادا، نیشانەی هزری پیشەیی و خواستی تۆکمەکردن بنەما زانستییەکانی سوپایە، ئەمەش دەبێتە وێنایەکی ڕوون بۆ ئاستی بەرزی توانا سەربازییەکان و هۆکارێک بۆ سەرکەوتن لە ئاشتی و جەنگدا.

**لە ڕێگەی فەرماندە و یەکە پەیوەندیدارەکانی مەشق و ڕاهێنانەوە چاودێریی ڕاستەوخۆی تەواوی پرۆسەی مەشقی دەکرێت**

سەرچاوە: www.almusallh.ly



## ئیزنهاوەر...

# ئەزموونێك لە فەرماندەیی و سەرکردایەتیکردن

عەمید رەشید ئەحمەد سابر



ساڵی ١٩٣٩ سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا (فرانکلین دی رۆزفیڵت ١٩٣٣-١٩٤٥)، دەبوو سەرکردەیەکی نوێ بۆ هێزە چەکدارەکان دابنێت. ئەو پایەیە لەناو هێزە چەکدارەکان زۆر بایەخدار و گرنگ بوو. جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەورووپاوە دەستی پێکردبوو، سەرۆک رۆزفیڵت دڵنیا بوو کە ئەمریکاش لەو شەڕە تێوەدەگلێت، لەوە تێگەیشت کە پێویستی بەچاکسازیی سەربازیی هەیە. لە وەزارەتی جەنگ نائومێد ببوو، زۆرێک لە جەنەڕاڵەکان خۆبەزلزان بوون و بەپێی حەز و بەرژەوەندی خۆیان دەستیان وەردابووە ناو کاروبارەکان. ئەو جەنەڕاڵە پیرانە لەبری خانەنشینکردن، پۆستی گەورەیان داگیر کردبوو، بۆ هەژموون بەسەر ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیان هێزی تایبەت بەخۆیان دروست کردبوو. هەموو کارێکیان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان دەکرد. وەزارەتەکە ببووە شوێنی ململانێ لەنێوان ناوەندی هێزەکان. خەرجی بەفیڕۆ دەدرا، پەیوەندی و گەیاندنەکان پەک خرابوون، گەندەڵی بەجۆرێک بوو ئەرکەکان کەڵەکە بووبوون بەسەریەکدا، پەشێویەکی زۆر دروست ببوو، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە، سەرۆک بەناو جەنەڕاڵەکاندا گەڕا و لەنێوان ٣٢ ئەفسەری باڵادا، سەرنجی کەوتە سەر عەمید (جۆرج کاتلیت مارشاڵ) بۆ دانانی لەو پایەیە.

پێش دە ساڵ بەر لەو وادەیە، مارشاڵ لە قوتابخانەی پیادە لە (فۆرت بینگ)ی ویلایەتی جۆرجیا سەرکردەی یاریدەدەربوو، لەوێ بە باشی خزمەتی کردبوو. لەو ماوە زۆرەی کە لەوێ کاری کردبوو، ژمارەیەکی بەرچاوی ئەفسەری پێگەیاندبوو و ڕاهێنان و مەشقی پێکردبوون. لە تێبینییەکانیدا، ناوی ئەو ئەفسەرە گەنجە بەتواناکانی تۆمارکردبوو.

پاش ئەوەی مارشاڵ بوو بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگ، سوپای فراوان و زیاتر کرد و ژمارەکەی گەیاندە هەشت ملیۆن. دەستەی ئەرکانی دابەش کرد بۆ سێ سەرکردایەتی سەرەکی: هێزە ئاسمانییەکان، هێزە وشکانییەکان، خزمەتگوزارییەکانی سوپا. دەستی کرد بەخانەنشینکردنی ئەفسەرە دێرینەکان و لەجێگای ئەوان ئەو گەنجانەی دانا کە خۆی مەشقی پێکردبوون و لەکارکردندا کەسانی بەتوانا و خوێنگەرم و بەتین و تاو بوون. ئەم ئەفسەرانە پەرۆشی چاکسازی بوون و لە شێواز وجۆری بەڕێوەبردندا، بڕوایان بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی هەبوو. مارشاڵ هانیدان کە ڕای خۆیان بنووسن و پێشنیازەکانیان پێشکەش بکەن. بەڵام لەناو ئەو گەنجانەدا کەس نەبوو وەکو (دوایت دیڤید ئیزنهاوەر)، کە مارشاڵ خۆی پەروەردەی کردبوو.

مارشاڵ داوای لە ئیزنهاوەر کرد، کە ئەو کات ( عەمید) بوو، ڕاپۆرتێکی بۆ ئامادە بکات، لەڕۆژهەڵاتی نزیک چی بەباش دەزانێت ئەمریکا بیکات. لەو ڕاپۆرتەدا بۆ مارشاڵ دەرکەوت کە ئیزنهاوەر هەمان ڕاوبۆچوونی ئەوی سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی جەنگ هەیە. ئیزنهاوەری لە فەرمانگەی پلانی جەنگی هێشتەوە، لەنزیکەوە چاودێری دەکرد. ئەم دوو پیاوە ڕۆژانە یەکیان دەبینی، لەم ماوەیەدا ئیزنهاوەر شێوازی مارشاڵی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردندا وەرگرت، لەهەمانکاتدا مارشاڵ ڕادەی توانای ئیزنهاوەری ئەزموون کرد و پێی ڕاگەیاند، کە بەنیازە لە واشنتۆن بیهێڵێتەوە لەجیاتی ئەوەی ئەرکی مەیدانیی پێ بدات. کۆڵۆنێل لە ئەزموونەکە سەرکەوتوو بوو، مارشاڵ بەهێمنی پەیوەندیی باش و دۆستانەی لەگەڵ ئەفسەرەکانی تر بەست.

لەمانگی تەمووزی ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ ئامادەکارییەکانی ئەمریکا بۆچوونە ناو جەنگەوە لەهاوشانی بەریتانییەکان لەباکووری ئەفریقیا، مارشاڵ ئیزنهاوەری کرد بە سەرکردەی مەیدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ئەورووپا. ئیزنهاوەر پلەکەی بوو بە (لیتنت جنرال) فەریق، بەڵام تا ئەو کاتە باش نەناسرابوو. لەچەند مانگی سەرەتاوە کە ئەم پایەیەی وەرگرت، پاش ئەوەی ئەمریکییەکان باش نەبوون لە باکووری ئەفریقیا. بەریتانییەکان داوای



گۆڕینی ئیزنهاوەریان کرد، بەڵام مارشاڵ پشتی بەرنەدا و بەقسەی نەکردن، بەڵکو ئامۆژگاری کرد و هانی دا. یەک لە پێشنیازە باشەکانی کەپێیدا، ئەوەبوو کەسێکی پشتیوان بۆخۆی دابنێت هەروەک چۆن مارشاڵ ئەوی هەڵبژارد، وەک جێگرەوەیەک، هاوبیری بێت. مارشاڵ بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاری کرد ڕائد (برادلی) دابنێت، پیاوێک بوو باش دەیناسی و زۆر چالاک بوو. ئیزنهاوەر پێشنیازەکەی پەسەند کرد. ئەو شێوازەی مارشاڵ لە وەزارەتی جەنگ نەخشەی بۆکێشا، ئەم بینای کرد. هەرکە برادلی پۆستەکەی وەرگرت مارشاڵ وازی لە ئیزنهاوەر هێنا کاری خۆی بکات.

مارشاڵ هەموو ئەو کەسانەی کە لەناو وەزارەتی بەرگری دیاری کردبوون، دابەشی کردن بۆئەوەی ئەرکەکان سووک بکات، ژمارەی لێپرسراوەکانی لە شەست کەسەوە کەم کردەوە بۆ شەش کەس کە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. مارشاڵ ڕقی لە زۆری و بۆری بوو. ئەو ڕاپۆرتانەی کە پێشکەشی ڕۆزفڵتی دەکرد، بەناوبانگی کرد بەهۆی ئەو کورت و پوخت کردنانەیەوە کە دووربوو لە درێژدادڕی، بەچەند لاپەڕەیەکی کەم مەبەستی دەگەیاند. ئەو شەش کەسە کە ڕاپۆرتیان بۆ دەنارد، تێگەیشتبوون هەر ڕاپۆرتێک لەلاپەڕەیەک زیاتر بێت، بەئاسانی نایخوێنێتەوە. بەبایەخەوە گوێی لەڕاپۆرتە زارەکییەکانیان دەگرت، بەڵام هەرکە لەبابەتەکە لایان دەدا، یان شتێکیان دەگوت کە پێشتر بیریان لێنەکردووەتەوە، بێزاری پێوە دەردەکەوت وگرنگی پێنەدەدا. ئەمە دەربڕینێک بوو لێی حاڵی بووبوون، بێ ئەوەی یەک وشە بڵێت، بەم شێوازە پێی دەگووتن لێیان ڕازی نییە. وای لێهات هەر شەش جێگرەکەی مارشاڵ وەک ئەو بیربکەنەوە. داوایان دەکرد خوارووی خۆیان بەو شێوازە سادە و کاریگەرە ڕاپۆرتەکانیان بنووسن. بەم ڕێگایە خێرایی گەیاندنی زانیارییەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە و بەپێچەوانەشەوە دوو هێندەی لێهات.

مارشاڵ دەسەڵاتی بەکارهێنا، بەڵام هەرگیز نەیقیژان، نەچووەگژ سەربازان و ئەندامانی هێزەکەی. زۆر زیرەک بوو لە گەیاندنی ویستەکانی بەڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمە بەهرەیەکە کە وایکرد ئەفسەرەکان وەک ئەو بیربکەنەوە.

هەزاران کەسی ژێر فەرماندەیی مارشاڵ لەوەزارەت یان لە دەریاکان پێویستییان بە چاوپێکەوتنی نەبوو تاکو هەست بەئامادەگی ئەو بکەن، هەمیشە واهەستیان بەبوونی دەکرد کە لەناویاندایە، بەهۆی ئەو ڕاپۆرتە کورت و زارەکییانەی کە لە جێگرەکانییەوە پێی دەگەیشت و لەخێرایی وەڵامدانەوەی پرسیارو داواکارییەکانیان. لەناو وەزارەتیش گیانی یەک تیمی پەرەی سەند، هەستیان پێدەکرد بەهۆی ئەو شێوازی سەرکردایەتییەی ئیزنهاوەر، کە شێوازی دیپلۆماسیانەی مارشاڵی لەخۆیدا بەرجەستەکرد، لەماوەی چەند ساڵێک مارشاڵ توانی وەزارەتی بەرگری و سوپای ئەمریکی وابگۆڕێت هەتا ئێستاش تاکە هێزبێت.

پاش تەواو بوونی جەنگ و بەهێزبوونی ئەمریکا، ئیزنهاوەر جگە لە پۆستە سەربازییەکەی وەک پیاوێکی سیاسی لە گۆڕەپانی ململانێکان پێگەی خۆی هەبوو. لەسەر لیستی پارتی کۆمارییەکان سەرکەوت و بوو بە سی و چوارەمین سەرۆکی ئەمریکا لەماوەی ساڵانی ١٩٥٣ تاکو ١٩٦١ و بۆماوەی دوو خول هەڵبژێردرا و خاوەنی پرۆژەی ئەورووپا بوو . ئەندازیاری سەرەکی گرتنی ئەورووپابوو لەلایەن هاوپەیمانانەوە و شکستی بەنازییەکانی ئەڵمانیا هێنا. هەر لەماوەی حوکمڕانیەکەیدا کۆتایی بەجەنگی کۆریا هێنا و ئەو ماوەیە تووشی لە سیاسەتی دەرەوەدا هیچ تەنگژەیەک نەهات. ناوی ئیزنهاوەر لکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و چوارچێوەیەکی بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپاش دەستدرێژی سێ قۆڵی بۆسەر میسر دانا، کە بناغەی ستراتیژییەکە ڕێگریکردن بوو لە فراوانخوازیی یەکێتیی سۆڤییەت لەناوچەکە بەم ڕێگایانە :

١. ڕێپێدانی سەرۆکی ئەمریکا لەبەکارهێنانی دەسەڵات بۆ دابینکردنی ئارامی هەرێمی و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی هەر دەوڵەتێک یان کۆمەڵە دەوڵەتێک لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەر ئەو دەوڵەتانە داوای یارمەتی بکەن بۆ بەرگری لە هەر دەستدرێژیەکی سەربازی لەلایەن هەر لایەنێکی کۆمۆنیزمەوە.

٢-سەرپشککردنی حکومەت بۆ یارمەتی سەربازی هەر دەوڵەتێک یان کۆمەڵە دەوڵەتێک لەناوچەکە، هەروەها سەرپشککردنی لە پێشکەشکردنی یارمەتی ئابووریی پێویست بۆ ئەو دەوڵەتانە بۆ بەهێزکردنی ئابورییەکەیان و پاراستنی سەربەخۆییە نیشتمانییەکەیان.

سەرچاوە: روبرت غرين: ٣٣ أستراتيجية للحرب



## سوپا سەرخۆشەکان

# بەکارهێنانی مەیی و مادده هۆشبەرەکان لە جەنگدا لە یۆنانییە کۆنەکانەوە تاکوو داعش

● ئارام ناسیح

### بەشی یەکەم

بەکارهێنانی خواردنەوە کحولییەکان لە ڕیزەکانی سوپادا مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە زۆر کاتدا بەسەرچاوەی هێز و مەعنەویاتی سەرباز دانراوە. جەنگ وەک کردەیەکی پڕ لە توندوتیژی داماڵینی دونیایە لە تەواوی ماسکە سوریالی و فەنتازییەکان، کردنیەتی بە پانتاییەکی پڕ لە مەترسی. لێرەوە ترس لە مەرگ لاوازترین خاڵی مرۆڤە لە جەنگدا، بۆیە تەواوی قوتابخانە و ئایدۆلۆژیا سەربازییەکان هەوڵێکن بۆ خامۆشکردنی سەدای مەرگ و خاڵیکردنەوەی ڕۆحی سەرباز لەو کابوسە خەوفناکە.

لە جەنگەکانی دونیای کەوناراوە تاکوو ئێستا بە شێوازی جیاواز هەوڵی ئەوە دراوە کە سەختی و دژوارییەکانی جەنگ لەسەر دەروونی سەربازەکان کەم بکرێتەوە. جەنەڕاڵ و فەرماندەکان بە گوتارە ئاگرینەکانیان هەوڵی بەهێزکردنی مۆڕاڵ و ئیرادەی سەربازەکانیان داوە، لە زۆرکاتی دیکەشدا خواردنەوە کحولییەکان ئەم ڕۆڵەیان بینیوە.

خواردنەوە کحولییەکان لای یۆنانی و ڕۆمانەکان بەگەڕانەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و ڕۆمای دێرین دەبینین بە تەواوەتی ڕێگەپێدراو بووە کە ڕۆژانە بڕێک کحول بە سەربازەکان بدرێت. زۆرێک لە فەرماندەکانی سوپا لەو ڕۆژگارەدا خواردنەوە کحولییەکانیان وەک ڕێگایەک بۆ پاراستنی مەعنەویاتی یەکە سەربازییەکان و توانایی شەڕکردنیان بەکارهێناوە. لەو سەردەمەدا هێرشە سەربازییەکان چەندان ساڵیان دەخایاند، بۆیە کحول بووە جێگرەوەیەکی گرنگی ماڵ و خۆشویستنی خێزان. هەروەها وەک نەریتێک بەڵێن دەدرا بە سەربازەکان، کاتێک سەرکەوتن بەدەستدەهێنن چەند ئارەزوو بکەن دەتوانن بخۆنەوە.

لە جەنگی تەڕوادەدا، ئۆدیسیۆس هەمان ستراتیژی بەکارهێنا کاتێک مۆڕاڵی سوپاکەی دابەزی، شەرابی پێدان، تاکوو ڕێگە بگرێت لە هەر جۆرە یاخیبوون و هەڵاتنێک لە ڕیزی سەربازەکانیدا.

فەیلەسوف و جەنەڕاڵی ئەسینایی (زینەفۆن) لە کتێبی گەشتنامەکەی خۆیدا باس لەو سەختی و شەڕانە دەکات کە سوپای یۆنانەکان ڕووبەڕووی دەبوونەوە لەکاتی چوونیان بۆ یارمەتیدانی کۆڕشی بچووک و پاشان گەڕانەوەیان بۆ یۆنان کە تێیدا بە ناو چەندان مەملەکەت و نەتەوەی جیاوازدا تێدەپەڕن و تووشی گرفتی گەورە دەبن. زینەفۆن لەمیانی ئاماژەکردن بەو دۆخە دژوارە، بەتامەزرۆییەوە لەبارەی شەراب (Wine) دەدوێت و وەک وزەبەخش و ئارامکەرەوەیەکی گرنگ وەسفی دەکات. شوێنی حەوانەوە ئەو شوێنە بووە کە توانیویانە شەرابی تێدا دەستەبەر بکەن. کاتێک سەربازێک دێت و گلەیی ئەوەی لێ دەکات کە دارکاری کردووە، لێی دەپرسێت ئەمە لە کوێدا ڕوویداوە، سەربازەکە دەڵێت «لەو جێگایەدا لە سەرما دەمردین ئەو هەموو بەفرە بارییبوو.» زینەفۆنیش لە وەڵامدا دەڵێت «ئەگەر کەشەکە وا بووبێت وەک باسی دەکەیت، لەو کاتەدا خۆراک بڕا بوو، بۆنی شەرابمان نەدەکرد و نووقمی ئەو دەردەسەرییە ببووین و دوژمن ڕاومانی دەنا. ئەگەر لەو حاڵەتەدا ئاوها ڕەفتارم کردبێت کەواتە؛ من ددانی پێدا دەنێم پشووم لە پشووی کەرێک زۆرتر بووە.»



ڕۆمانەکانیش وەک یۆنانەکان هەمان نەریتیان پەیڕەو دەکرد، شەرابێکیان دەخواردەوە بە پۆسکا ناسرابوو. بە لیمۆ ترش و لەگەڵ ئاودا تێکەڵ دەکرا. خواردنەوەیەکی ڕۆژانەی سەربازەکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆریان سوێندیان بە شەراب دەخوارد. هەندێک لە دەسەڵاتدارە پلە باڵاکانی وەک هاوەڵیان پۆسکایان دەخواردەوە بۆ پیشاندانی پشتگیریان بۆ یەکە سەربازییەکان.

### ویسکی و شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا

ساڵی ١٨٦٢ دوای شکستی شەڕی فیکسبێرگ بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ یۆلیسۆس گرانت کە بووە هۆی ئەوەی ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستە بکرێت و بە سەرخۆش تۆمەتبارکرا و ئۆباڵی شکستەکەیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی بڕێکی زیاد لە پێویست ویسکی دەخواتەوە. لە وەڵامی ڕەخنەکاندا ئەبراهام لینکۆڵن سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا دەڵێت «ئێوە پێم بڵێن ئەوە چ جۆرە ویسکییەکە جەنەڕاڵ گرانت دەیخواتەوە، دەمەوێت بەرمیلێک لەو ویسکییە بۆ جەنەڕاڵەکانی دیکەش بنێرم.»

لە سەدەی هەژدەوە نەریتێکی باو هەبوو کە هیچ فەرماندەیەکی سەربازی بەبێ دڵنیابوون لە دەستەبەرکردنی خواردنەوەی کحوولی (مشروبات الكحولية) بۆ هیچ ئەرکێک بیری لە سەرکردایەتیکردنی سوپاکەی نەکردەوە . ئەورووپییەکان وەها لە شەرابیان دەڕوانی کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی ترس و بەرزکردنەوەی مۆراڵی سەربازەکان. بە شێوەیەکی گشتی کحولیان وەک چارەسەرێکی پزیشکی دەبینی. سەرەتای ساڵی ١٧٧٥ سەرکردە ئەمریکییەکان ڕاستەوخۆ دوای دامەزراندنی سوپای کیشوەری (Continental Army)، بڕیاریان لە دابینکردنی مەشروبێک کردەوە بۆ سوپا. کۆنگرێس بە زۆرینەی دەنگ دابینکردنی بیرەی بۆ لەشکر پەسند کرد. جەنەڕاڵ جۆرج واشنتۆن زۆر تامەزرۆی بیرە و هەموو جۆرەکانی مەشروب بوو، بەڵام پێی وابوو سوپا پێویستی بە شتێکی بەهێزترە، بۆیە لە نامەیەکدا بۆ جۆن هانکۆک سەرۆکی ئەو کاتی کۆنگرێس دەنووسێت «سوودەکانی بەکارهێنانی ڕێژەیەکی گونجاو لە خواردنەوەی کحولیی بەهێز لە تەواوی سوپاکاندا تاقیکراوەتەوە و پێویست ناکات هیچ گومانێکتان لەو بارەیەوە هەبێت.» لەبەر ئەوە کۆنگرێس بڕیاری دا هەر سەربازێک ڕۆژانە (٢٩,٦) میلیلتر ویسکی پێ بدرێت. هەروەها ڕێگە بە سەرکردە سەربازییەکان درا کە دەتوانن ئەو ڕێژەیە زیاد بکەن بەرانبەر نواندنی هەر ئازایەتییەک لە بەرەکانی جەنگدا. لەمبارەیەوە مێژوونووسی ئەمریکی مارک ڤارگاس دەنووسێت «پرۆسەی بەرهەمهێنان و دڵۆپاندنی ویسکی لە ویلایەتەکانی، کنتاکی، ڤێرجینیا، ماریلاند، پەنسلڤانیا زۆر زیاتر بوو لەو ڕێژەیەی بۆ سوپا دابین دەکرا. ئەمەش وایکرد بڕی ئەو ویسکییەی بە سەربازەکان دەدرا زیاد بکرێت و هەر سەربازێک لە هەفتەیەکدا بوتڵێک ویسکی پێ دەدرا.»

دواتر ئەمە نیگەرانییەکی زۆری لای فەرماندەکانی سوپا دروستکرد لەهەمبەر ئەو فەوزا و نادیسپلینییەی بە هۆی خواردنەوەی کحولییەوە لە ڕیزەکانی سوپادا دروست دەبوو. ناچاربوون سەربازە سەرخۆشەکان بخەنە زیندانی تاکەکەسییەوە و تەنیا نان و ئاویان پێ دەدان تا لە کاریگەری کحول ڕزگاریان دەبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ساڵی ١٨٨٢ ئەو یاسایە هەڵبوەشێتەوە و بەشە ویسکی بۆ سەربازەکان قەدەغە بکرێت.

لە پەیوەست بە جەنگەکانی ناپلیۆنەوە (Napoleonic Wars) لە نێوان ساڵانی (١٨٠٣ تا ١٨١٥) خواردنەوەی کحولی بەشێک بوو لە پێداویستییەکانی سەرباز لەبەرەکانی جەنگدا. ناپلیۆن بۆناپەرت وتەیەکی بەناوبانگی هەیە لەبارەی شامپانیا دەڵێت «لە جەنگدا هەمیشە کاتێک شامپانیا بوونی هەیە، لە سەرکەوتندا شایستەی سەربازەکانە، لە کاتی شکستیشدا پێویستییە.»

سوپای بەریتانیا لەمیانی جەنگەکانی ناپلیۆندا بە خراپی مامەڵەی سەربازەکانی ناوبانگی دەرکردبوو کە لادەر، دڵڕەق و بێ بەزەیی بوون. لەو سەردەمەدا کاتێک سەربازەکان بۆ بەرەکانی جەنگ بەڕێ دەکران، بەشی ڕۆژانەی هەر سەربازێک بریتی بوو لە (٣,٧٨) لیتر بیرە، نیو لیتر شەراب و نیو لیتر ڕەم. هەرکات سەربازەکان بیانویستایە کواڵیتی ڕەم تاقی



بکەنـەوە، هەندێک باروتیان تێدەکرد و ئاگریان پێـوە دەنـا، ئەگەر گـڕی بگرتایە ئـەوا دڵنیا دەبوونەوە کە لە ٪٧٥ مەشـروبەکەیان کحولە. ئـەو ڕێژە کحولـە کاریگەرییەکـی زۆری هەبوو لەسەر ڕەفتار و مامەڵەی سەربازەکان.

جەنگی یەکەمی جیهانی؛ دۆزەخ لەسەر زەوی یەکێـک لـە ترسـناکترین و خوێناویترین جەنگەکانـی مێـژووی مرۆڤایەتـی، جەنگـی یەکەمـی جیهانی بـوو بە جۆرێـک لایەنەکانی جەنگەکە لەپێناو سـەرکەوتن، چەندان ئامرازی وەحشـیگەرانەی لەناوبردنی ئینسانیان داهێنا. بـۆ یەکەمجار و بە شـێوەیەکی دڕندانە چەکی کیمیاویـی بەکارهێنرا کە بووە هۆی کوشـتن و برینداربوونی ملیۆنان کەس. لەلایەکی دیکەوە، سـەرکردەکان لە هەوڵی ئـەوەدا بوون مۆڕالی سـەربازەکان و شیانی شەڕکردنی سوپاکان بە بەهێـزی بهێڵنەوە، لێرەوە خواردنەوەی کحولی بووە پێویسـتییەکی ناچاری بۆ کەمکردنەوەی ترس و فشاری ڕەوانی لەسەر سەربازەکان.

لە مانگی شوباتی ١٩١٦ ئەڵمانەکان هێرشێکی لەناکاویان کردە سـەر شاری ڤێردانی باکووری فەڕەنسا. شارەکە دەکەوێتە سەر ڕووباری میوز بە دووری ٨٠ کیلۆمەتر لە سنووری ئەڵمانیاوە. فەڕەنسییەکان بە سەرکردایەتی مارشاڵ فیلیپ پیتـان، بڕیاریـان دا تا دواسـەرباز بەرگری لە شارەکەیان بکەن، بۆیە بووە درێژترین جەنگ و تاکوو دیسـەمبەری هەمان ساڵی خایاند، تێیدا نزیکەی ٧٠ هەزار سەربازی فەڕەنسی کوژران.

گەیاندنـی هاوکاریی لۆجیسـتی بـۆ هێڵەکانی پێشـەوەی جەنـگ ئەرکێکـی پڕ لە مەترسـی بوو. نەبوونی ئاوی خواردنەوە وای لە مارشـاڵ پیتان کـرد بڕیاری ئەوە بدات بـە دابینکردنی خواردنـەوەی کحولـی قەرەبووی سـەربازەکان بکاتـەوە. یەکێـک لـە سـەربازەکان بـە ناوی (بۆدچێر) لە یادداشتەکانی ڕۆژانەیدا دەنووسێت «خەریکبوو لـە تویێتیـدا دەخنکاین، ڕێژەی ئـەو کحولەی لـە یـەک ڕۆژدا دەمخـواردەوە، بـە هەمـوو تەمەنم ئەوەنـدەم نەخواردبووە.» بـۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانـی جەنگ بەردەوام بڕێکـی زۆر خواردنەوەی کحولـی بۆ هێڵەکانی پێشـەوە دابیـن دەکـرا (:Apocalypse Documentary movie about first world war).

لەبـەرەی بەرانبەریشـدا، ئەڵمانـەکان لەپێناو بەرگەگرتنـی زیاتری دڵڕەقـی و دژوارییەکانی جەنگ، خواردنەوەی شناپس (Schnapps) یـان دەخـواردەوە کە بە شـەرابی نیشـتمانیی ئەڵمانـەکان ناسـراوە. نوسـەری ئەڵمانـی ئارنۆڵد زویخ دەنووسێت «دەکرێت بەبێ بوونی ئافـرەت، جبەخانە، تەنانـەت بەبێ بوونی هیچ خاڵێکی بەهێـز بچیتە جەنگەوە، بەڵام هەرگیز ناکرێـت بەبێ جگەرە و خواردنەوەی کحولی لە جەنگدا بیت.»

سـوپای ئەڵمانیا وەک پێداویستییەکی گرنگی سـەرباز لـە جەنگـدا، بەشـە کحولـی دیاری کردبوو، بەشـی هەر سەربازێک ڕۆژانە نیو لیتر بیـرە، چارەگە لیترێک شـەراب و ١٢٥ میلیلتر شـناپس بـوو. شـەراب و شـناپس بەشـێکی سـەرەکی بوون لە ژیانی ڕۆژانەی سەربازەکان لەناو خەندەقەکاندا.

سـوپای بەریتانیا سـوودی لە ڕەم (Rum) وەردەگـرت وەک خواردنـەوەی کحولـی کە بە سـەربازەکان دەدرا. لەوبارەیەوە مێژوونووسی بەریتانی و یەکێک لە جەنگاوەرە دێرینەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕۆبەرت گرەیفز دەڵێت «بـە گروپ لـە دەمەوبەیاندا ڕوویـان دەکردە خواردنەوەی ڕەم کە پرشـنگدارترین چرکەسات بوو لە ماوەی بیسـت و چـوار کاتژمێردا. ئەوە دۆخێکـی باوبـوو، چونکە جەنـگ ڕاهێنانێکی ترسناک بوو لەسەر مەرگ و وێرانکاری.»

لـە مانگـی ئایـاری ١٩١٤ نیکـۆلای دووەم، قەیسـەری ڕووسـیا بەرهەمهێنان و فرۆشـتنی ڤـۆدگای قەدەغـە کـرد، دواتـر دەرکـەوت هەڵەیەکـی گـەورەی کـرد، چونکە سـوپای ڕووسـیا تووشـی چەنـدان شکسـت هاتبوو و مۆڕاڵـی زۆر دابەزی بـوو. هەروەها ئەمە بووە هـۆی کەمبوونەوەی داهاتی باج بە ڕێژەی ٪٣٠ کە هەژاری زیاتری خەڵک و شکستی سەربازی بـەدوای خۆیدا هێنا. ئەمـەش بووە دەرفەتێک بۆ شیوعییەکان و کودەتایان بەسەر قەیسەردا کـرد و دەوڵەتی بەلشـەفییان دامەزراند. ئەمە ئەو هەڵەیە بوو سـتالین وانەیەکی لێ وەرگرت و لە جەنگی دووەم پێچەوانەی قەیسـەر لەگەڵ ڤۆدگادا مامەڵەی کرد.



# شوێنە نهێنییە سەربازییەکان

ئامادەکردنی: ژوان قارەمان

**سالآنێکی زۆرە زیاتر لە (٥) بنکەی نهێنی سەربازیی لە چەند وڵاتێک مشتومڕی لەسەرە، لەبەرئەوەی کە نازانرێ ئەو بنکانە بۆ چ مەبەستێک دروستکراون و ناوەوەیان چی تێدا دەگوزەرێت، بەڵام سەرباری ئەوەش تائێستا دەیان چیرۆک و زانیاریی جیاجیایان لەسەر بڵاوکراونەتەوە.**

## چیای یامانتاو - ڕووسیا

چیای یامانتاو (بەشکر: Ямантау، بە ڕووسی : гора Ямантау) شاخێکە لە چیای ئورال، دەکەوێتە ناوچەی بێلۆرێتسکی، باشکۆرتستان، ڕووسیا. بەرزییەکەی ١٦٤٠ مەترە و بەرزترین شاخە لە بەشی باشووری ئۆرال.

کۆمەڵگەی چیای یامانتاو، لانیکەم بۆ ماوەی ٥٠ ساڵە لە قۆناغی دروستکردندایە و لە هەندێک قۆناغدا نزیکەی ٧٠ هەزار کرێکار تێدا کاریان کردووە. تەنانەت دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەت، حکومەتی ڕووسیا بڕە پارەیەکی زۆری بۆ بیناسازییەکەی خەرج کردووە و بە هێڵی شەمەندەفەری گەورە خزمەتگوزاری بۆ دەبردرێ.

کۆمەڵگەیەکی نهێنی بەرفراوانە لە ژێر چیای یامانتاو دروستکراوە، ناوی شاخەکە لە «یامان تاو» (Яман тау) وەرگیراوە، کە واتای «شاخی خراپ»، یان «شاخی خراپەکار» دەگەیەنێت.

لەلایەن ئەمریکاوە بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە شوێنی دامەزراوەیەکی ئەتۆمی نهێنی گەورەیە و بە گومانەوە سەیری دەکات. هاوکات زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو شوێنە شوێنی کۆگایەکی گەنجینەکانی ڕووسیایە، شوێنی هەڵگرتنی خۆراکە ، پەناگەیەکە بۆ سەرکردەکان لە ئەگەری شەڕی ئەتۆمیدا.

وەزارەتی بەرگریی ڕوسیا لە وەڵامی پرسیارەکان سەبارەت بە یامانتاو لە ساڵی ١٩٩٦دا ڕایگەیاند: کارەکە بۆ بەرژەوەندیی پتەوکردنی ئاسایشی ڕووسیایە و لە قۆناغی دروستکردندایە، ئامادەنین دەربارەی ئەم دامەزراوەیە زانیاری بە میدیاکان بدەین.





## بنکەی ژێردەریایی سانیا - چین

لەم شوێنەی وڵاتی چین وێنەی مانگی دەستکرد دەریدەخات کە بەندەرێکی گەورە دروستکراوە و دەتوانێت ژێردەریایی مووشەکی بالیستی و ئەتۆمی و فڕۆکە هەڵگرەکانی تێدا جێگیربکات. لە ساڵانی رابردوو کاتێ ژێردەریاییەکی ئەتۆمی چینی لەو بنکە شاراوەیەوە دەرچووە، لەلایەن مانگی دەستکردەوە وێنەی گیراوە. بنکەکە لە قووڵایی ژێر نیمچە دوورگەیەکی شاخاویدایە و بۆ ژێردەریایی هێرشبەری بەهێزی ئەتۆمی دروستکراوە. لە وێنەیەکی دیکەدا دەرکەوتووە کە چەند پاپۆڕو ژێردەریاییەک لە شوێنەکە وەستاون، بەڵام لەناکاو شوێن بزر بوون.

41



# پۆرتۆن داون - بەریتانیا

شوێنی کۆنترین دامەزراوەی توێژینەوەی جەنگی کیمیاییە لــە جیهاندا. ئەم بنکەیە لــە پۆرتۆن داون ڕابردوویەکی تاریکی هەیە. ئەمڕۆش ئەم دامەزراوەیە لە کاردایە و هەندێک پێیــان وایــە تیایــدا تاقیکردنەوە ترســناکەکان پەرەیــان ســەندووە و فراوانتــر بــوون. ئــەو بنکەیە شوێنێکی تاقیگەی زانست و تەکنەلۆژیای بەرگریی وەزارەتی بەرگرییە — کە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە بە یەکێک لە نهێنیترین و مشــتومڕاویترین دامەزراوەی توێژینەوە ســەربازییەکانی بەریتانیا ناسراوە، ڕووبەرەکەی ٧٠٠٠ دۆنم زەویە.

دارستانی سنەوبەر– ئوستراليا

ئــەم دامــەزراوە نهێنییەی ئوســتراليا وەک وێســتگەیەکی بەدواداچوونــی مانگــی دەســتکرد بەکاردەهێنرێــت و لــە سیســتەمێکی تەکنەلــۆژی پیشــکەوتوو پێکهاتــووە. لەو شوێنە دابــڕاوە، ئەمریــکا و ئوســترالیا چاودێریی مانگە دەســتکردە ســیخوڕییەکان دەکەن و ئۆپەراســیۆن بــۆ بەرپەرچدانــەوە و ڕێگریکردن لــە پەیوەندییەکانی ئامانجە تیرۆریســتییە جیــاوازەکان و حکومەتەکانی ئاسیا ئەنجام دەدەن. هەروەها وەک بەشێک لــە توانــای بەرەنگاربوونەوەی شــەڕی ئەتۆمی ســوودی لێوەردەگرن.



# شوێنی ڕاهێنان لە دوگوای - ئەمریکا

ئــەم بنکە نهێنییەی ســوپای ئەمریکا لە قووڵایــی بیابانی ویلایەتی یوتا هەڵکەوتــووە. ڕووبەرەکــەی (٨٠٠) هــەزار دۆنمــە و لە ســاڵی ١٩٤٢ بۆ تاقیکردنەوەی سیستەمی بەرگریی بایۆلۆجی و کیمیایی دامەزراوە ، تێیدا، زاناکان لە ژینگەیەکی پارێزراو و گۆشەگیردا بە کوشندەترین چەکی کیمیایی و بایۆلۆجــی جیهان کاردەکەن. هەروەها وەک دامەزراوەیەک بۆ مەشــقی مانۆڕی یەدەگی سوپا و تاقیکردنەوەی فڕینی هێزی ئاسمانی و بۆ مەشق و ڕاهێنانی هێزە تایبەتەکانی سوپا و تەنانەت زۆرجار بۆ پرۆژە سەربازییەکانی وەک تاقیکردنەوەی مووشەک بەکارهێنراوە.



– مــن المواقع العســكرية الأعلى ســرية فــي التاريخ الحديــث / www.alarabiya.net
www.businessinsider.com
ویکیپیدیا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





ئامادەکردنی: ئەڤین ئەحمەد

# یەکەم شەڕی نێوان مرۆڤەکان لەسەر زەوی

شەڕ و ململانێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی. کاتی یەکەم شەڕ ئاڵۆزە دیاری بکرێت، بەڵام یەکەم شەڕ کە پێش مێژووی تۆمارکرابێ، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە مرۆییە سەرەتاییەکان. هەرچەندە ئەوەش گریمانەیە، چونکە تۆماری نووسراویان جێنەهێشتووە. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە مرۆڤە سەرەتاییەکان وەک هۆمۆ ئیرێکتوس و هۆمۆ نیاندەرتاڵ پێدەچێت بەشداریی ململانێی توندوتیژ و ناکۆکیان لەسەر خاک کردبێت، هەرچەندە بەڵگەکان تاڕادەیەکی زۆر روون نین و لەسەر بنەمای دۆزینەوە شوێنەوارییەکانن. سەرەتاییترین بەڵگەی شەڕی ڕێکخراو لە نێوان مرۆڤی مۆدێرن لەڕووی ئەناتۆمییەوە لە دۆزینەوە شوێنەوارییەکان و لێکۆڵینەوە لە پاشماوەکانی پێش مێژووەوە سەرچاوەی گرتووە، پێدەچێت ئەم ململانێیانە بۆ دەیان هەزار ساڵ لەمەوبەر بگەڕێتەوە.

لێرەدا چەند زانیارییەک دەربارەی یەکێک لە سەرەتاییترین نموونە ناسراوەکان دەخەینەڕوو کە بریتییە لە شەڕی هۆزەکان لە باکووری سوودان و نزیک لە رووباری نیل (نزیکەی ١٣ هەزار ساڵ لەمەوبەر). یەکێک لە سەرەتاییترین حاڵەتە بەڵگەدارەکانی توندوتیژیی نێوان مرۆڤەکانە کە لە بەڵگە شوێنەوارییەکان دەردەکەوێت مرۆڤەکان زۆر بەشێوەیەکی ڕێکخراو بە بەکارهێنانی ئامێری تیژ و بەهێز شەڕیان کردووە و پارێزگاری ناوچەکەیان کردووە. بەپێی بەڵگەکان کە شوێنەوارە فەرنسییەکان لە چیای سەحابە لە باکووری سوودان دۆزیویانەتەوە، ئاماژەی ترسناکی شەڕەکان دەردەخەن وەک شوێنەواری دووبارەوە بوونەوەی شکان و بڕینەوەی ئێسکەکان، کە ئاماژەن بۆ توندیی شەڕەکان و سەختی سارێژبوونەوەی برینەکانیان. هەرچەندە تا ئێستا روون نییە جۆری ئەو چەک و ئامێرە تیژانە چین. ئایا بەرد بوون یان مادەی دیکە.





# ڕۆڵی ژنان لە هێزە چەکدارەکانی ئەمریکادا

ئامادەکردنی: ئەحمەد مەلاشێخ

**خزمەتی سەربازیی ژنان مێژوویەکی دووردرێژی هەیە کە لە چوار هەزار ساڵی ڕابردوو دەست پێدەکات. ژنان لە زۆرێک لە سەردەمەکاندا لەگەڵ پیاواندا لە ئەرکەکاندا بەشداربوون و ڕۆڵی گرنگیان لە سوپاکاندا بینیوە. ژنان لە بواری سەربازییدا بوونەتە ڕەگەزێکی پێویست، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ بەشداریی ژنان لە خزمەتی سەربازیدا کارێکی لەپێشینە و بێ چەندوچوونە، لەم بوارەشدا ویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکا پێشەنگەو ڕچەشکێنی بایەخدانە بە ڕەگەزی مێ لەناو هێزە چەکدارەکانیدا. ئێستا کچان و ژنان دەتوانن بە بەرزترین پلەو پایەی سوپایی بگەن لە سوپای ئەمریکادا و هەمان مووچە و دەرماڵەیان دەبێت، تەنها بەشداریی ڕاستەوخۆ لەشەڕی ڕاستەقینەدا ناکەن.**



ژنان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەشداریی هەموو ململانێ چەکدارییەکانی سوپای ئەمریکایان کردووە، بەڵام بەسەربازیکردنی ژنان زیادیکرد کاتێک خزمەتی سەربازی زۆرەملێی پیاوان کۆتاییپێهات و وایلێهات هەموو هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بوون بە خۆبەخش، ئەوەش لەدوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە ڤێتنام لەساڵی ١٩٧٣ز. ئیدی لەو کاتەوە لەپێناوی پێدانی هەلی یەکسان بۆ هەمووان، دەستەڵاتدارانی ئەمریکا ڕێگایان دا کە ژمارەیەکی زۆری هەلی کار بۆ ژنان لەناو سوپادا دیاری بکرێت.

لەئێستادا بەشداریی ژنان لە سوپای ئەمریکا دەگاتە ١١٪ لەکۆی هەموو هێزەچەکدارەکان، هەروەها ژنان ٢٠٪ ی هێزی یەدەک لە سوپادا و ٦٪ی پاسەوانی نیشتمانی پێکدەهێنن. هەرچەندە لەدەستووری ئەمریکادا بەدەق نووسراوە، کە نابێ ژنان لە شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەکاندا بەشداربن. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لەژنان لەهێڵەکانی پێشەوەدا بەشداریی ڕاستەوخۆشیان لەشەڕەکاندا کردووە.

سەرەتا ژنان لە کاروبارە ئاساییەکاندا کاریان دەکرد، دواتر، لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵانی ١٩٣٩_١٩٤٥ز ژنان لەهێزی دەریاییدا وەردەگیران وەک خزمەتی فریاگوزاری و خۆبەخش، لەو کاتەوە بەشداریی ژنان لەسوپادا پەرەی سەند بەشێوەیەک زیاتر لە (١٥٠٠٠٠) لە کچان و ژنان بە شێوەی خۆبەخش بۆ کارکردن لە هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بە پیشەی برینپێچ و هەندێکیان لە ئەڵمانیا و یابان ئەرکیان جێبجێ دەکرد. لەهێزە ئاسمانییەکانیش باڵێکی فڕۆکەوانی کرایەوە بەناوی هێزی ئاسمانیی ژنان، بۆیە لە ساڵی ١٩٤٨ز بە بڕیار، مافی کچان و ژنان لەئەندامێتیان لە هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا یەکسانکرا، واتە مافی ژنان هاوتای مافی پیاوانە لە سوپادا لە هەموو هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی یەدەک.

زەمینەی خزمەتی ژنان لەسوپادا دەرئەنجامی باوەڕی کۆمەڵگەی ئەمریکایە بەوەی کە خزمەتی سەربازیی، پیشەیەکی بەشکۆ و شەرەفمەندانەیە بۆ کچەکانیان و دڵنیاکردنەوەیان. خزمەتی سەربازیی ژنان، بەهایەکی باڵای کۆمەڵایەتیان پێدەدات. هەر لەمیانی هاندانیان بۆکارکردن لەسوپادا، ژنان سەرپشککران لەمانەوەیان، یان وازهێنانیان لە دوای هاوسەرگیریکردنیان و تەنانەت ئەگەر منداڵیشیان هەبێت.

لەسەردەمی نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا، کاری خۆبەخشی خرایە بواری جێبەجێکردن بۆ هەموو ئەوانەی ئارەزوو دەکەن. لەساڵی ١٩٧٢ز کۆنگرێس پشتڕاستی کردەوە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژنان و پیاواندا نابێت و لەئەرک و مافەکانیاندا یەکسانن.

پەرەپێدانی ڕۆڵی ژنان لەهێزەکانی ئەمریکا لە جەنگی کەنداودا زیاتر دەرکەوت کاتێک زیاتر کە (٤٠٠٠٠) ژنی سەربازی ئەمریکی بڵاوەیان پێکرا و تێیدا جەنگان و شانبەشانی پیاوان و بەهەمان شێوەی پیاوان ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆ و پێکان و ئەستەمییە دەروونییەکان بوونەوە، لەم ڕووەشەوە، دەرەنجامی باش و خراپەکانی بوونی ژنان دەرکەوتن.

جێگای باسە لەم دواییانەدا ڕۆڵی کاریگەرتر دراوە بە کچان و ژنان و گەشەی زیاتریان کردووە لە هێزەچەکدارە پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمەدا، چونکە زۆربەی وڵاتان بایەخی بەرفراوان بەم پرسە دەدەن.

# ریزبەندی بەهێزترین سوپاکانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٢٣

● ئامادەکردنی: رۆژین سامان

ماڵپەڕی «Global Firepower»، ناوەندێکی توێژینەوە و میدیایی نێودەوڵەتییە و تایبەتە بە کاروباری سەربازی و ساڵانە لەسەر بنەمایەکی زانستی سوپای وڵاتان پۆلێن دەکات و ریزبەندی بۆ بەهێزترین سوپای جیهان بڵاودەکاتەوە. لە پۆلێنبەندیی ئەمساڵیدا، کە لە سەرەتای مانگی ١٠ی رابردوو بڵاوی کردەوە، بەدواداچوونی بۆ هێزی سەربازیی ١٤٥ وڵات کردووەو لە هەڵبژاردنی باشترین سوپای جیهان لە ساڵی ٢٠٢٣ ریزبەندییەکی نوێی راگەیاندووە.

ماڵپەڕی گڵۆباڵ فایەرپاوەر (هێزی ئاگری جیهانی – Global Firepower) ریزبەندکردنی بەهێزترینی سوپاکان لەسەر بنەمای تواناکانی مرۆیی، دارایی، تەکنەلۆژیا، پزیشکی، فڕۆکەوانی، ئەلیکترۆنی، گەیاندن، لۆجیستی، چەک و تەقەمەنی، پیشەسازی و خۆبژێوی دیاریدەکات.




لەسەر ئاستی جیهان:

١- ئەمریکا
٢- رووسیا
٣- چین
٤- هیندستان
٥- بەریتانیا
٦- کۆریای باشوور
٧- پاکستان
٨- ژاپۆن
٩- فەرەنسا
١٠- ئیتاڵیا

**لەسەر ئاستی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست:**

١. تورکیا
٢. ئێران
٣- میسر
٤- جەزائیر
٥- ئەفریقای باشوور
٦- نەیجیریا
٧- ئەسیوبیا
٨- ئەنگۆلا
٩- مەغریب
١٠- کۆنگۆ
١١- تونس
١٢- سوودان

لە ریزبەندی ئەمساڵیشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشەنگی خۆی لە بەهێزترین سوپاکانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ پاراستووە، دوای ئەویش ڕووسیا دێت، سەرەڕای ئەوەی لە ئۆکرانیا تووشی کۆسپ بوو. جێگای سەرنجە ئۆکرانیا کە لە ٢٤ی شوباتی ساڵی ڕابردووەوە دەستدرێژی بەردەوامی ڕووسیای لەسەرە، بەڵام بە ڕێژەی حەوت پلە ئاستی سوپاکەی بەرزبووەتەوە.

لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و عەرەبی، تورکیا لە پلەی (١١) جیهانی و ئێران لە پلەی (١٧) دایە، ئیسرائیل لە پلەی (١٨)ی جیهان و عێراق (٤٥) و سووریا (٦٤). میسر لە ڕیزبەندی یەکەمی عەرەبیدا ماوەتەوە و لە ئاستی جیهانیشدا پلەی ١٤ی خۆی پاراستووە. سعوودیە هەر لە پێگەی ٢٢ی جهیانیدایە، جەزائیر لە ڕیزبەندی سێیەمی عەرەبی و ٢٦ی جیهاندایە، سوپای ئیماراتیش پلەی پێنجەمی عەرەبی و پلەی ٥٦ی جیهانی بەدەستهێناوە، قەتەر لە پلەی هەشتەمی عەرەبی و ٢٦ی جیهانە و، سوپای کوەیتیش لە پلەی ٧٨ و ئوردن لە پلەی (٨١)ی جیهانیدان.

لە ریزبەندییەکەدا شانشینی بۆتان، کە وڵاتێکی بچووکی باشووری ئاسایایە و لە ناوخۆدا بە «دروک یول-Druk Yul» ناسراوە، لەسەر ئاستی جیهان دواپلەی وەرگرتووە.

بەو هیوایەی رۆژێک بێت ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە ریزبەندی سوپای دەوڵەتەکاندا ببینین و پێگەی دیاری هەبێت.



# چاودێریکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان

ئامادەکردنی: عەبدولعەزیز ڕەشاد ئاکرەیی

**بەهۆی گرنگییەکەی و ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەپێدانی هەماهەنگی نێوان وڵاتان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەردەوامی پەیوەندیی نێوان یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی، چاودێریکردنی پەیمانە نێودەوڵەتییەکان یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان. بەو مەرجەی، ئەگەر دەستوور یاسای ناوخۆیی بێت لە دەوڵەتدا، مەرج نییە یاساکانی بەرزترین یاسای یاسایی بن، بۆیە دەبێت هەموو یاسادانانەکان بە پەیمانە نێودەوڵەتییەکانیشەوە، کە لە سیستەمە یاساییە ناوخۆییەکاندا بە هێزن، لە ژێر دەستوور و بەندەکانیدا بن.**

## چەمکی پەیماننامەی نێودەوڵەتی

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان چەندین ناویان هەیە وەک (عهد، میثاق، پروتوکول، **نظام** اساسي، ملحق، دستور، اتفاقية، ترتيب دولي)، بەڵام ئەوانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەپێی پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٩ ی ڤییەنا بۆ یاسای پەیماننامەکان جیاوازنین، بۆیە ناوی (پەیماننامە — المعاهدة) هاومانای زاراوەکانی پێشووە.

**پێناسەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی**

پێناسەی گشتی بۆ پەیماننامەی نێودەوڵەتی: مەبەست لەو ڕێککەوتنەیە کە لە نێوان دوو لایەن یاخود دوو دەوڵەت بە مەبەستی ڕوودانی دەرەنجامێکی یاسایی دیایکراو دەبەسترێت.

پێناسەی بەرتەسک بۆ پەیماننامەی نێودەوڵەتی: ئەمەش پێناسەی پەیماننامەی ڤییەنایە بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩ کە لە ماددەی (٢)دا بەم جۆرە پێناسەی کردووە: مەبەست لەو پەیماننامە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بەستراوە لە نێوان دەوڵەتان لە شێوەی نووسراوێکدا کە یاسای نێودەوڵەتی ئەم ڕێککەوتنە ڕێکدەخات، جا ئەو ڕێککەوتننامەیە یەک بەڵگەنامە لەخۆ دەگرێت یان دوو بەڵگەنامەی پێکەوە بەند، یاخود زیاتر و لە ژێر هەر ناوێکدا بێت.

لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو دوو پێناسەیەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە پێناسەی بەرفراوانەکە هەموو پەیماننامەکان لەخۆ دەگرێت جا ئەو پەیماننامەیە لە نێوان دەوڵەتاندا بێت یان لە نێوان دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، یان پەیماننامەی نێودەوڵەتی تەنها نەبەستراوەتەوە بە دەوڵەتانەوە، بەڵکو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش دەگرێتەوە وەک لایەنێک لە لایەنەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام پێناسە بەرتەسکەکەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی، چەمکی پەیماننامە تەنها لە ڕێکەوتنی نێوان دەوڵەتان دەبینێتەوە، بەڵام ئەم پێناسە بەرتەسکە چەند بیانوو و بەڵگەیەکی هەیە ئەوانیش ئەمانەن :

ا. ڕێککەوتننامەی ڤییەنا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩ تایبەت بوو تەنیا بە پەیماننامەی نێوان دەوڵەتانەوە.

ب. ڕێککەوتنامەیەکی تر هەیە ئەویش ڕێککەوتننامەی ڤییەنایە بۆ ئەو پەیماننامانەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەیبەستن لە ساڵی ١٩٨٦، ئەم ڕێککەوتننامەیە تایبەتە بەو پەیماننامانەی کە ڕێکخراوە

نێودەوڵەتییەکان دەیبەستن لە نێوان خۆیاندا یان لەگەڵ دەوڵەتاندا.

مافی کەسی یاسایی بۆ بەشداربوونی لە پەیمانێکی نێودەوڵەتیدا بەستراوە بە جۆری پەیمانەکەوە و ئەو بەرژەوەندییانەی دەیەوێ لە ڕێگەیەوە بە دەستی بێنێت.

پەیمانە نێودەوڵەتییەکان لەڕووی ژمارەی بەشداربوونەوە دەکرێنە دوو بەشەوە :

هەموو دەوڵەتێک، چ دانی پێدانرابێ یان نا، مافی یاسایی تەواوی هەیە لە بەستنی پەیمانی نێونەتەوەیی گشتی یان تایبەت، هەر بوار نەدانێکیش لە پێش دەوڵەتەکاندا بۆ بەشداریکردن لە پەیمانێکی نێودەوڵەتی هەمەلایەندا، بە بیانووی ئەوەی دانپێدانەنراوە لەلایەن هەندێ دەوڵەتانی بەشداربوو، پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییە.

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان تەنیا ئیلتزامیان بەرامبەر لایەنە بەشداربووەکان لێدەکەوێتەوە. وەک نۆرمێکی گشتیش، پەیماننامە ئیلتزام یان ماف ناخاتە ئەستۆی دەوڵەتانی تر بە بێ ڕەزامەندیی خۆیان (ماددەی (٣٤)ی یاسای تایبەت بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان)،

ناشکرێت ئیلتزام و مافی دەوڵەتەکانی تر بکرێنە بابەتی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی، ئەوە بە ڕازیبوون دادەنرێ و ئەگەر پەیمانەکە شتێکی تری نەگوتبێت بە پێی ماددەی (٣٦) لە یاسای پەیمانی نێودەوڵەتی. بۆ نموونە ماددەی (١) لە ڕێککەوتننامەی سیستەمی دەریاوانی لە ڕووباری دوناڤ (دانوب) ساڵی ١٩٤٨، مافی دەریاوانی بازرگانی بە هەموو دەوڵەتەکان وەک یەک بەخشیوە.

بە پێی بەڵگەنامەی کۆتایی کۆنگرەی ڤییەنای تایبەت بە یاسای پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە ساڵی ١٩٦٩ بەسترا، پەیمانە هەرێمییەکان ئەوانەن، کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە دەوڵەتەکان تیایدا بەشداری دەکەن، وەک ئەو دەوڵەتانەی کەوتوونەتە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو. دەبینین ماددەی (٥٢) لە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێی داوە بە مۆرکردنی پەیمانی نێودەوڵەتی هەرێمی یان دانانی دەزگا گەلێکی هەرێمی نێودەوڵەتی.

زۆربەی دەستوورەکانی جیهان دەسەڵاتی دادوەرییان بەسەر دەستووری یاساکاندا گرتووە، چونکە ئەرکی چاودێریکردنی دەستووری یاساکان بە دامەزراوەیەکی دادوەریی سپێردراوە ڕەنگە کاری تایبەت یان نا تایبەتمەندانە بکرێت بۆ هەڵوەشانەوە یان خۆ بەدوورگرتن لەجێبەجێکردنی یاساکە بەپێچەوانەی دەستوور و مادام پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەزۆربەی دەستوورەکاندا بەدۆخی یاسا دادەنرێت، بۆیە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دادوەرییەوە، بۆ بنووبە، دەستووری میسری ساڵی ١٩٧١ دادگای باڵای دەستووری دامەزراند بە پێی مادەی (١٧٥) کە بەرپرسە لە چاودێریی دەستووری یاسا و ڕێساکان.

دەربارەی بارودۆخی دەستووری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥ مادەی ٩٢ی دادگای باڵای فیدراڵی دامەزراندووە کە دادگایەکی تایبەت نییە بە چاودێریکردنی دەستووری یاساکان تەنیا لەژێر دەسەڵاتی دەستووری یاساکاندا، بەڵکو لەگەڵ چەندین دەسەڵاتی تر یان ڕەوایەتی مادەی (٩٠) جگە لە چاودێریکردنی دەستووری یاسا و ڕێساکان پرسی لێکدانەوەی بەندەکانی دەستوور دادگاییکردنی ئەو حاڵەتانەی کە لە جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی، و هەروەها دادگاییکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و پارێزگا و شارەوانییە ئیدارییەکان سەرهەڵدەدا، هەروەها دادگاییکردنی تۆمەتەکان دژی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری دیکە، چونکە دەقی مادەی ٦١ / ٤ی دەستووری عێراق زامنی ئەوە دەکات، کە پەیماننامەکان بەهۆی یاسایەکەوە کە ڕەزامەندیی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران وەربگرێت ئەوە دەردەخات کە پەیمانی نێودەوڵەتی بەپێی ئەم یاسایە دەگۆڕێت وەک هەر یاسایەکی ناوخۆیی، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دادوەری دادگای باڵای فیدراڵییەوە.

بەپێی ڕێکارەکان بۆ ئەنجامدانیان دابەشدەکرێن بۆ پەیمانی فەرمی کە تەنیا بە تەواوکردنی سێ قۆناغ (دانوستانەکان-ئیمزاکردن-پەسەندکردن)ی و ڕێککەوتنە ئاسانکراوەکان یان جێبەجێکارەکان کە تەنیا پێویستی بە دانوستان و ئیمزایە.

وە لە ڕووی گرنگی ئەو بابەتانەوە کە بە یاسا ئاماژەیان پێ دەکرێت بۆ نموونە، هەرێمی چیک سۆدیە ساڵی ١٩٣٨ بە ڕێککەوتنێکی جێبەجێکارەوە بە ئەڵمانیا لکێندرا و بە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە ساڵی ١٩٥٦ سەربەخۆیی مەغریبیان ڕاگەیاند.

چاودێریی دادوەری کاریگەر لەسەر دەستووری پەیماننامەکان، دەبێتە هۆی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت وەک ئەوەی کە دەسەڵاتێکی تری چاودێریی تایبەتمەند زیاد دەکات لەگەڵ چاودێریی سیاسی (دەسەڵاتی لێهاتوو بۆ پەسەندکردن). بەهۆی ئەو سەربەخۆیی و بێلایەنییەی کە دەسەڵاتی دادوەریی هەیەتی، جگە لە تایبەتمەندێتی پیشەیی، بە پێچەوانەی دەسەڵاتی سیاسی یاسادانان-جێبەجێکار، کە زۆرجار بە هەوەس و بەرژەوەندیی سیاسی بەکاردەهێنرێن. دەسەڵاتی دادوەری بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانی یەکەمدا لە کەشێکی بێلایەنی و سەربەخۆییدا کاردەکات و توانای دەستپێکردنی کاری دادوەری و سەرپەرشتیاری سەربەخۆی بۆ دابین دەکات.

سەرچاوەکان:

**- عبدالله علی عبو، یاسای نێودەوڵەتی گشتی، چاپی یەکەم ، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانە یادگار، سلێمانی ، ٢٠١٧، لا ١٢٢.**

**- تالیب ڕەشید یادگار، بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٣،لا١١٠.**

- السيد محمد علي إسماعيل، الضمانات الدولية لتنفيذ معاهدات السلام العربية-الإسرائيلية، ط١، مكتبة جزيرة الورد، القاهرة، ٢٠١١،ص٦٥.

- هيلين تورار، تدويل الدساتير الوطنية، ترجمة:باسيل يوسف، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٤،ص٢٦٣.

- صلاح البصيصي، المعاهدة الدولية و الرقابة عليها في ظل الدستور العراقي الجديد، مجلة العلوم الاقتصادية و الادارية، جامعة كربلاء، كلية القانون، المجلد ٢، العدد ١٢، ٢٠٠٩ ، ص ٢٥٢-٢٥٣

) محمد يوسف علوان، القانون الدولي العام، دار وائل، عمان، ط٢، ٢٠٠٠،ص١٢٨-١٢٩.

# کاریگەرییەکانی چەکی کیمیایی لە بەرگری و هێرشدا

ئامادەکردنی: سان هاوکار

چەکی کیمیایی بریتییە لە ماددەیەکی ژەهراوی. بە شێوەیەکی گشتی مادده کیمیاییە دەستکردەکان، بە تایبەتی بۆ زیانگەیاندن، بێتواناکردن، یان کوشتنی مرۆڤەکان لە ڕێگەی کاریگەرییە ژەهراویەکانیانەوە دروستکراون، کاتێک لە شەڕدا یان وەک ئامرازێک بۆ تیرۆر بەکاردەهێنرێن. ئەم چەکانە بێ جیاوازی دەتوانن ببنە هۆی گیانلەدەستدان یان بریندارببوون بەسەختی. چەکی کیمیایی چەندین جۆری هەیە، لەوانە گاز و شلەمەنی و ڕەق. هەندێک جۆری باوی چەکی کیمیایی بریتین لە:

١- دەرەجە دەمارەکان: مادده دەمارییەکان وەکو سارین و ڤی ئێکس و تابون، کارکردنی ئاسایی کۆئەندامی دەمار تێکدەدەن. ئەوان ڕێگری لە کارکردنی گواستەرە دەمارییەکان دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی وەک چرچبوونی ماسولکەکان، تەشەنوج، سستبوونی هەناسەدان و مردن.

٢- مادەی تاڵە موو: ماددەی تاڵە موو، وەکو خەردەلی گۆگرد (غازی خەردەل)، دەبێتە هۆی خورانی توندی پێست و چاو و هۆی دروستبوونی تاڵە مووی پێست و پەردەی چڵکدار. هەروەها هەڵمژینی ئەم ماددانە زیان بە کۆئەندامی هەناسەدان دەگەیەنێت.

٣- ماددەی خنکاندن: مادده خنکێنەرەکان، وەک کلۆر و فۆسجین، کۆئەندامی هەناسەدان دەوروژێنن و دەبنە هۆی کۆکەیەکی توند و هەناسەتەنگی و ئاوسانی سییەکان (کۆبوونەوەی شلە لە سییەکان).

٤- مادده کانی خوێن: مادده کانی خوێن وەک هایدرۆجین سیانید و کلۆریدی سیانۆجین، ڕێگری لە توانای لەش دەکەن بۆ بە کارهێنانی ئۆکسجین، دەبێتە هۆی لە دەستدانی خێرای هۆش و مردن.

٥- ئاژانسەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاژاوە: ئەمانە ماددەی کیمیایین وەک گازی فرمێسکڕێژ (CSgas) و بیبەر سپرا، کە زۆرجار لەلایەن جێبەجێکارانی یاساوە بۆ کۆنترۆڵکردنی قەرەباڵغی بەکاردەهێنرێن. لە کاتێکدا مەبەست لێی مردن نییە، بەڵام لە چڕیی بەرزدا دەتوانن زیانبەخش و بێتواناکەر بن.

٦- مادەی ڤێسیکانت: مادەی ڤیسیکانت، لەوانە خەردەلی گۆگرد و لویسیت و خەردەلی نایترۆجین، دەبنە هۆی دروستبوونی تاڵە مووی پێست و چاو و کۆئەندامی هەناسەدان.

٧- مادده بێ تواناکەرەکان: هەندێک لە مادده کیمیاییەکان بە شێوەیەک دروستکراون، دەبنە هۆی لاوازبوون و ئیفلیجی کاتی، سەرلێشێواوی، یان بێهۆشبوون.

پوختەیەکی مێژوویی لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی

چەکی کیمیایی بۆ یەکەمین جار لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەکارهاتووە، دواتر شەڕی کیمیاوی بووە واقیعێکی ترسناک. هەردوو لایەنی ململانێکان لەوانەش زلهێزە هاوپەیمانەکان و زلهێزە ناوەندییەکان مادده کیمیاییەکانی وەک کلۆر و فۆسجین و گازی خەردەلیان وەک چەک بەکارهێنا.

یەکەم بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە (نیسانی ١٩١٥) ڕوویدا، کاتێک هێزەکانی ئەڵمانیا لە شەڕی دووەمی یپرێسدا گازی کلۆریان لە سلندەرەکانەوە ئازاد کرد. ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاو لە بەکارهێنانی مادده کیمیاییەکان. گازی کلۆر و فۆسجین و دواتر گازی خەردەل لە شەڕەکاندا جێگیرکرابوون، کە بووە هۆی زیانی گیانی بەرفراوان و بریندارببوونی ترسناک. دەمامکی غاز و کەلوپەلی خۆپارێزی بوونە شتێکی پێویست بۆ سەربازانی هێڵی پێشەوە. بۆ ڕێگری لەبەکارهێنانی ئەو چەکە، هەوڵێک لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەبوو بۆ سنووردارکردنی چەکی کیمیایی. ئەویش لە پرۆتۆکۆڵی جنێڤ لە ساڵی (١٩٢٥) بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی لە شەڕدا قەدەغە کرا، هەرچەندە بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەیان قەدەغە نەکرد.

سەرەڕای ئەم قەدەغەکردنانە، چەکی کیمیایی لە ململانێکانی دواتردا وەک جەنگی دووەمی جیهانی و جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، لە باشووری کورستان لە شاری هەڵەبجە و دواتر لە قۆناغەکانی ئەنفالدا بەکارهێنرا. ئەم ڕووداوانە بووەتە هۆی ناڕەزایی نێودەوڵەتی





و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی چەکی کیمیایی. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەرفراوان بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە قەدەغەکراوە.

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە بەرگرییدا

چەکی کیمیایی کاریگەریی وێرانکەری لە بەرگری و هێرشبەریدا هەیە. لێرەدا کاریگەریی چەکی کیمیایی لە بەرگرییدا دەخەینە ڕوو:

**١- پاراستن و ڕێگری:** لە چوارچێوەی بەرگرییدا، هێزە سەربازییەکان دەتوانن چەکی کیمیایی وەک ڕێگرییەک بەکاربهێنن بۆ بێهیواکردنی دەستدرێژیی دوژمن. مەترسی تۆڵەسەندنەوەی کیمیایی دەتوانێت نەیاران لە دەستپێکردنی هێرش بێهیوا بکات.

**٢- پاراستنی شوێنە ستراتیژییەکان:** ڕەنگە چەکی کیمیایی بۆ بەرگرییکردن لە شوێنە ستراتیژییەکان، وەک بنکە سەربازییەکان، ژێرخانی گرنگ، یان سنوورەکان دابنرێت. ئامانجی بوونی ئەوان ڕاگرتنی هێزەکانی دوژمنە لە نزیکبوونەوە یان هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە.

**٣- دووکەڵ و تەمومژاوی:** هەندێک ماددەی کیمیایی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی دووکەڵ یان بۆ تەمومژاویی کردنی بینینی دوژمن. شاشەی دووکەڵی دەتوانێت ڕووپۆشێک بۆ هێزە پاشەکشەکراوەکان دابین بکات یان سەروەت و سامانە گرنگەکان لە چاودێریی دوژمن بپارێزێت.

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هێرشبردن

**١- زەرەر و زیان:** چەکی کیمیایی دەبێتە هۆی زیانێکی بەرچاو لە نێوان هێزەکانی دوژمن. بەپێی جۆر و بڕی ئەو ماددە کیمیاییانەی کە بەکاردەهێنرێن، بەرکەوتنیان دەبێتە هۆی مردن، برینداربوون، یان کاریگەرییە تەندروستییە درێژخایەنەکان.

**٢- کاریگەریی دەروونی:** مەترسی کیمیاباران دەتوانێت ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان سەربازانی دوژمندا دروست بکات، یەکگرتوویی و کاریگەری شەڕکردنیان تێکبدات. کاریگەریی دەروونی شەڕی کیمیایی دەتوانێت قووڵ بێت.

**٣- زیانەکانی ژینگە:** ماددە کیمیاییەکان دەتوانن ژینگە پیس بکەن، کاریگەرییان لەسەر ئیکۆسیستەم و سەرچاوەی ئاو و زەوییە کشتوکاڵییەکان دەبێت. پیسبوونی درێژخایەن دەتوانێت ڕێگری لە هەوڵەکانی چاکبوونەوەی دوای جەنگ بکات.

**٤- زیانی لاوەکی:** هێرشی کیمیایی لەوانەیە زیان بە کەسانی غەیرە شەڕکەر بگەیەنێت، لەنێویاندا هاووڵاتیانی مەدەنی. بارودۆخی با و کەشوهەوا دەتوانێت کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی ماددە کیمیاییەکان قورس بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی قوربانیی نەخوازراوی مەدەنی.

**٥- زیانی ژینگەیی درێژخایەن:** هەندێک لە ماددە کیمیاییەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژینگەدا بمێننەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی مەترسی بەردەوامی تەندروستی و پیسبوون تەنانەت دوای وەستانی شەڕەکانیش.

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە گشتی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەیە. ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی (CWC) کە لە ساڵی (١٩٩٧) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ هەر مەبەستێک قەدەغە دەکات، ئەو وڵاتانەی کە لایەنی (CWC)ن، بەڵێنیان داوە کە لە هیچ بارودۆخێکدا چەکی کیمیایی بەکارنەهێنن. بەڵکو چاوەڕوان دەکرێت پشت بە ئامراز و ستراتیژییە سەربازییە ئاساییەکان ببەستن بۆ بەرگریکردن لە هێرشەکان. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە پێشێلکارییەکی گەورەی نێودەوڵەتی دادەنرێت و دەتوانێت لێکەوتەی توندی دیپلۆماسی و ئابووری و یاسایی بۆ لایەنی بەرپرسیار بەدوای خۆیدا بهێنێت. گرنگە گەلان پابەندبن بە ڕێککەوتن و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کە ئامانجیان ڕێگریکردنە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و پەرەپێدانی چەکداماڵین.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

- **یوست هێلترمان، کارێکی ژەهراوی و ئەمەریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، و: محمد حەمەساڵح تۆفیق، چاپخانەی سەردەم، چ٢، ٢٠٢٠.**

**بەزمانی ئینگلیزی:**

- Tucker, Jonathan B, The future of chemical weapons, journal The New Atlantis, 2009, p3-29.
- Fitzgerald, Gerard J, Chemical warfare and medical response during World War I, American Journal of Public Health, volume 98, p611-625.
- Shea, Dana A, Chemical weapons: a summary report of characteristics and effects, Congressional Research Service, the Library of Congress, 2013, p 1-12.
- K Coleman, a history of chemical warfare, 2005.



# ڕێگاکانی بەهێزکردنی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا

شاخەوان عومەر

**بەشی یەکەم** **کڵۆمکردنی پڕۆفایلی فەیسبووک**




لەبەر ئەوەی سۆشیال میدیا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت و ڕۆژانە بەکارهێنەری زیاد دەکات و بەردەوام جۆری نوێش دێنە گۆڕەپان و هاوکات لەبەر ئەوەی ئەو پلاتفۆرمانە یان بەرنامە کۆمەڵایەتییانە جێ بایەخی کۆمەڵگەن و لەبەر زۆری بەکارهێنەران بەشێکی تەکنیکی ئەو بەرنامانە لەلایەن ڕۆبۆتی زیرەک چاودێری دەکرێن، بۆیە خەڵکانێکی دیکە ئەمە بەهەل دەزانن و لەڕێگای پرسیاری سەرنجراکێش و بەڕێگای تایبەت هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی هەژماری خەڵکی دیکە دەدەن یان بەمەبەست یان بە هەڕەمەکی ڕوودەدات، واتا دەکرێ کەسێک بکرێتە ئامانج و لە ڕێگای زانیارییە تایبەت و کەسییەکان بگەنە تێپەڕە وشە و دەست بەسەر هەژمارەکەیدا بگرن، وەک کەسێک تێپەڕە وشەکەی سادەبێت، بۆ نموونە، ژمارەی مۆبایلی خۆی یان ساڵی لەدایکبوونی یان هەر ژمارەیەکی سادە، بۆیە ڕێنماییتان دەکەم کە بەردەوام تێکەڵەیەک لە ژمارە و پیت و هێما بنووسن تا ئەم ڕێگایە ئاسان نەبێت بۆ بردنی هەژماری فەیسبووکت یان هەر بەرنامەیەکی دیکە بێت.

ڕێگای دووەم هەڕەمەکییە، واتا بە بەرنامەی تایبەت ژمارەی مۆبایل و تێپەڕەوشەی گریمانکراو لێدەدات تا ڕێکەوتنی یەکێک لە هەژمارەکان دەکات. بۆیە بە پێویستم زانی بە زنجیرە هەرجارە و بەشێکی ئەو پلاتفۆڕمانە باس بکەین و ڕێگاکانی بەهێزکردنی بازنەی سیکوریتی هەژمارەکانی ئەو بەرنامە کۆمەڵایەتیانە بە ئێوەی خۆشەویست ئاشنا بکەین. بۆ ئەمجارە کڵۆمکردنی پڕۆفایل باس دەکەین و بۆچی گرنگە؟ چونکە ئەگەر بەئامانجگرتنت تایبەت بێت، ئەوا ناتوانن بگەنە بەشێکی زۆری زانیارییە تایبەتەکانت کە ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنت لە هاکەرەکان یان بەدەستکەوتنی زانیاریی پێویست بۆ پێشبینیکردنی تێپەڕە وشەت. بۆ کڵۆمکردنی پڕۆفایل پێویستە بچیتە سەر بەشی پڕۆفایلی خۆت و ئەو سێ خاڵەی لەوێنەکە ژمارە یەکم پێداوە دابگرێ و پاشان پەنجە بنێی بە (قفلکردنی پەڕەی کەسی) ئەگەر زمانی بەرنامەکە کوردی بوو. یان پەنجە بنێ بە (قفل ملف شخصی) ئەگەر پڕۆگرامی بەرنامەکە عەرەبی بوو، یان (lock profile) ئەگەر زمانی بەرنامەکەت ئینگلیزی بوو.

# پێستی جۆرە ماسییەك یارمەتی سەربازەکان دەدات بۆ خۆونکردن





ماسی مورەکەب، کە بە (حبار) ناسراوە، لەناو هەموو ئاژەڵاندا توانایەکی بەرزی خۆونکردنی هەیە بەشێوەیەک دەتوانێت تێکەڵ بەژینگەی دەوروبەروبەری ببێت، تەنانەت نێچیرەکەی تا دواساتەکان ناتوانێت هەست بەوەبکات دڕندەیەک لە تەنیشتیەوەیەتی. ئەم تایبەتمەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خانەی تایبەت لەپێستی ئەو جۆرە ماسییە، کە لە چەندین توێژی پێکهاتوو لە پڕۆتینی ڕیفلێکتین دروست بووە، ئەم پڕۆتینەش یارمەتی ئەو جۆرە ماسییە دەدات تاکوو بەئاسانی خۆی ون و نێچیرەکەی ڕاوبکات.

زانایانی ئەمەریکی لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی جلوبەرگێک بۆ سەربازەکان لە پێستی ئەو ماسییە کەلکوەربگرن. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی کیمیایی ئەمەریکی، زانایان ڕایانگەیاند: جلێکیان بۆ سەربازەکان دروست کردووە کە پڕۆتینی ماسی مورەکەب (حبار)ی تێدا بەکارهاتووە. بیرۆکەی دروستکردنی جلێک کە توانای خۆونکردنی هەبێت کاتێک سەری هەڵدا کە ئاماری کوژراوانی سوپای ئەمەریکا ڕاگەیاندرا بەتایبەت لەشەودا بەهۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای بینینی تاریکی و کامێرای حەراری لەلایەن دوژمنەوە.

جلوبەرگی خۆونکردنی جیاواز هەیە کە یارمەتی سەربازەکان دەدات بۆ خۆونکردن لە ڕۆژدا، بەڵام لەگەڵ داهاتنی شەودا بەهۆی تەکنۆلۆژیای بینینی تاریکی و کامێرای حەرارییەوە کاریگەرییەکەی لەدەست دەدات، ئەمەش وای لە زانایانی کیمیایی لە زانکۆی کالیفۆڕنیا ئالن غورودینسکی کرد تایبەتمەندی پێستی ماسی مورەکەب (حبار) بەکاربهێنن.

زانایان هەستان بە جێگیرکردنی چەند بەشێک لە خانەی ڕیفلێکتین لە ماددەی بولیمێردا کە لەڕووی تایبەتمەندییەوە هاوشێوەی شریتی لاستیکییە. ئەم ماددەیەش لەتوانایدایە بەئاسانی تێکەڵ بەتوخمی جیاواز بێت وەک شانەکان. زانایانی بواری کەلوپەلی سەربازی ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو شریتە لاستیکییە دەتوانێت سەربازەکان لە تەکنۆلۆژیای بینینی تاریکی و کامێرای حەراری بپارێزێت. هێشتا ئەم تەکنۆلۆژیایە لەژێر تاقیکردنەوەدایە و نەخراوەتە خزمەتی سەربازییەوە، بەڵام لەکاتێکی نزیکی داهاتوودا سەربازەکان دەتوانن ئەو شریتە لاستیکییە بەکاربهێنن.

وەرگێڕانی: ئارام

سەرچاوە: sputniknews.com



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

41

# سەنگەری درەخت

ئا: گەرمیان



لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، یەکێک لەو کارانەی بۆ چاودێریی هێزی بەرانبەر پەنای بۆ براوە، بەکارهێنانی درەختەکان بووە. ئەو درەختە وشکبوانەی بڵند و قەبارەیان ئەستوور بوون، هەڵیانکۆڵیون و وەک سەنگەرێکی شاراوە و فریودەر سوودی لێوەرگیراوە، تەنانەت درەختە تەرە گونجاوەکانیش وشککراون و بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنراون. ئەم کاری هەڵکۆڵینەشیان بە شەوان کردووە بۆ ئەوەی دوژمن هەستی پێنەکات، هەر بۆیە کاتێ هەر دارێکیان وەک سەنگەر ئامادەبکردایە کە بەیانی دەهات، دوژمن هیچ شتێکی نوێ و خراپی نەدەبینی، تەنها هەمان ئەو دارانە نەبێت کە ئێوارەی پێشتر لەوێ بوون!

ئەم درەختانە هەندێکیان لە مۆزەخانەکاندا دەبینرێن وەک لە مۆزەخانەی جەنگیی ئۆستراليا و لەندەن و هەردووکیان نموونەی دارەکانی چاودێریکردنیان پاراستووە، کە بەشێکە لە مێژووی جەنگ و زیاتر لەلایەن بەریتانییەکان و ئەڵمانییەکانەوە بەکارهێنراون.

# رادار چۆن کاردەکات

ئا: حەسەن عومەر

ڕادار کورتکراوەی «Radio Detection and Ranging»، تەکنەلۆژیایەکە شەپۆلی ڕادیۆیی بەکاردەهێنێت بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی شوێنی تەنەکان.

سیستەمی ڕادار بە دەردانی شەپۆلی ڕادیۆیی دەست پێدەکات. ئەم شەپۆلە ڕادیۆیانە لە ڕێگەی گواستەرەوەیەکەوە لەناو سیستەمی ڕاداردا دروست دەبن، واتا ئامێری پێویست هەن ئەو شەپۆڵە رادیۆیانە دروست دەکەن و دەیانگوازنەوە. شەپۆلە ڕادیۆییە دەرچووەکان بە خێرایی ڕووناکی بە هەوادا دەڕۆن، لەکاتێکدا خێرایی شەپۆلی رووناکی ٣٠٠ هەزار کیلۆمەتره لە یەک چرکەدا، کاتێک ئەم شەپۆلانە لە ڕێگاکەیاندا ڕووبەڕووی تەنێک دەبنەوە، لەگەڵیدا کارلێک دەکەن، هەندێک لە شەپۆلە ڕادیۆییەکان لەڕووی تەنەکە دەگەڕێنەوە بۆ سیستەمی ڕادار.

لە سیستەمەکەدا بەشێکی دیکە هەیە پێیدەگوترێت وەرگر، کە شەپۆلە ڕادیۆییەکان دوای ئەوەی کارلێکیان لەگەڵ تەنەکانی ناو ژینگەدا کرد، دەستنیشیان دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر ئەو کامێرایانەی لەسەر شەقامەکان دادەنرێن، لەسەر هەمان بنچینە کاردەکەن، بەڵام بۆ ڕاداری فڕۆکەوانی یەک جیاوازی هەیە، ئەویش پێوانەکردنی دووری نێوان تەنەکە و ڕادارە لەگەڵ پێوانەکردنی خێرایی، بەڵام لە ڕاداری کۆنترۆڵکردنی خێرایی تەنها دیاریکردنی خێرایی ئۆتۆمبێلەکان مەبەستە.

پێوانی کات، سیستەمی ڕادار ئەو کاتە دەپێوێت کە پێویستە بۆ ئەوەی شەپۆلەکانی ڕادیۆیی گەشت بکەن بۆ تەنەکە و گەڕانەوەی. ئەم پێوانەکردنەی کات ڕێگە بە ڕادار دەدات مەودای تەنەکە حیساب بکات، هاوکێشەی بەکارهێنراو بریتییە (دوری تەنەکە = (خێرایی ڕووناکی × کات) / ٢).

رادار توانای پرۆسێسکردنی سیگناڵەکانی هەیە. سیستەمی ڕادار گۆڕانکاری لە سیگناڵە گەڕاوەکاندا دەپشکنێت. ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی جووڵەی تەنەکەوە دروست دەبێت و بە شیکردنەوەی گۆڕانکاری لە شەپۆڵی گەڕاوەدا، ڕادار دەتوانێت خێرایی و ئاراستەی تەنەکە دیاری بکات. بۆ نموونە، ئەگەر فڕۆکەیەک لە دووری ١٦٠ کیلۆمەتر بەئاڕاستەی رادارەکە بجولێت، ئەوا بە کەمتر لە یەک چرکە رادارەکە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات. لە شاشەی رادارەکە تەنها ڕووبەری تەنەکە دیاری دەکرێت کە تیشکی رادارەکە لەسەری دراوەتەوە. رادار توانای شیکردنەوەی ئەو ڕووبەرانەی هەیە کە نیشان دەدرێن، بەو هۆیەش دەتوانرێ پێشبینی بکرێت کە ئایا ئەو تەنە جولاوەی نزیک دەبێتەوە چ جۆرە تەنێکە. ئەو بەشەی کە شەپۆڵە کارۆموگناتیسیەکان چڕدەکاتەوە و دەیکاتە گورزە پێیدەگوترێت ماگینترۆن، ئەو ئەنتێنەی گورزە شەپۆڵە مایکرۆیەکان دەنێریتە دەوروبەری خۆی، ئەوا بەهەمان ئاڕاستە و بەهەمان گۆشەی لاری رادارەکە شەپۆڵەکان وەردەگرێتەوە. بەشێکی زۆری رادارەکان ئاڕاستەیان زیاتر لە بەرزییە نەوەک لە زەوی، هەر لەبەر ئەوەشە زۆرجار هەندێک لە رادارەکان تەنەجولاوە نزمەکان دەستنیشان ناکەن. تەکنەلۆژیای ڕادار کۆمەڵێک بەکارهێنانی بەرفراوانی هەیە، لەوانە کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی ئاسمانی، چاودێریکردنی کەشوهەوا، بەرگریی سەربازی، گەشتکردن و زۆر شتی تر.

جۆرە جیاوازەکانی سیستەمی ڕادار بۆ مەبەستی تایبەت دارێژراون، وەک ڕاداری زەمینی، ڕاداری ئاسمانی، ڕاداری دەریایی و ڕاداری بۆشایی ئاسمان، هەریەکەیان بەپێی ژینگە و پێداویستییەکانی کارکردنیان گونجاون. توانای ڕادار بۆ کارکردنە لە بارودۆخی کەشوهەوای جۆراوجۆردا، بە شەو یان ڕۆژ، هەروەها بۆ دیاریکردنی تەنەکان لە دوورەوە بەبێ بەرکەوتنی بینراو، هەر لەبەر ئەو تایبەتمەندییە جیاوازانەیە وای کردووە رادار ئامرازێکی چارەنووسساز لە زۆر بواردا بێت.





# سیستەمی دۆزینەوەی شوێنی قەناسەکان

ئا: هیوا کەرکوکی



بومێرانگ (Boomerang) ناوی سیستەمێکە سالانێکە خراوەتە خزمەتی سەربازییەوە و یەکێکە لە داهێنانە سەربازییەکانی ئەمریکا. سیستەمەکە پێکهاتووە لە چەند ئامێرێکی وەک مایکرۆفۆن و نیشانەگری هەستەوەر لەگەڵ تایبەتمەندییەکی کارا کە دەتوانێ شوێنی تەقەی قەناسەکان دەستنیشان بکات، ئەویش بە هۆی گڕی بارووت کاتێ لە لوولەی تفەنگەوە دەردەچێت. ئامێری ئەو سیستەمە لەسەر زرێپۆش دادەنرێ کە حەوت مایکرۆفۆن لەخۆدەگرێ و شوێنی قەناسەکان و ئاڕاستەی تەقەکانیان تەنها لە ماوەی دوو چرکەدا دەدۆزێتەوە.

مایکرۆفۆنی دەنگی و هەستەوەرەکانی سیستەمەکە چاودێریی فیشەکەکە و ئەو رووناکییەی کە لە ئەنجامی تەقینەوەی باروت لە نۆزڵی چەکەکەدا دروستدەبن، دەکەن. هەرکاتێک تەقەی قەناسبەدەستێک دەستنیشانکرا، ئامێرەکانی سیستەمەکە بە بەکارهێنانی نیشاندەری دەنگی و بینراو و سەوزبوونی شاشەی ئامێرە شێوە رادیۆکە، سەربازەکان ئاگادار دەکەنەوە کە فیشەکێک تەقێنراوە، هاوکات ئاڕاستە و بەرزییەکەشی دیاریدەکات.

ئەم سیستەمە تەنانەت دەتوانێت گوللەی کلاشینکۆفیش دەستنیشان بکات. لە هەموو بارودۆخی کەشوهەوا و ژینگەی شەڕکردن (شوێنی کراوە یان لە شارەکاندا) کاردەکات. دەتوانرێت بە تانک هەڵبگیرێت یان لەسەر عەرەبانەیەک دابنرێت.

www.army-tech.net



# کلاشینکۆفی ئەمریکی JECT

ئا: هۆزان

لە شاری باڵم بای سەر بە ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکا، چەندان کارگەی بەرهەمهێنانی چەکی کلاشینکۆف AK-٤٧ بونیاد نراوە بەهۆی ئەوەی برەوێکی زۆری پەیدا کردووە لە ئاستی دونیا و لە ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا.

بەهۆی سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ڕووسیادا، لە بازاڕەکانی چەک لە ئەمریکا، بوونی کلاشینکۆف کە خواستێکی زۆی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە لەسەرە، بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەمەش وای لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان کرد بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییە ، چەندان کارگە دابمەزرێنن بۆ بەرهەمهێنانی کلاشینکۆف بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ڕووسی. کلاشینکۆفی ئەمریکی هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕووکاری دەرەوەیدا نەکراوە، بەڵکوو چەند پارچەیەکی ئەمریکی بۆ زیاد کراوە و هەوڵ دراوە ئەو ماددانەی تێدا بەکاربێت کە دەبن بەهۆی کەمکردنەوەی کێشی چەکەکە.

سەرچاوە: sputniknews.com



# فڕۆکەی F-22 Raptor

ئا: شاخەوان

بە یەکێک لە پێشکەوتووترین فڕۆکە جەنگییەکان لە جیهاندا دادەنرێت، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەرکی سەروەریی ئاسمانی هێزی ئاسمانیی ئەمریکادا هەبووە. فڕۆکەی جەنگی F-22 بە تارمایی ناسراوەو نەوەی پێنجەمی ئەم فڕۆکەیە دوو بزوێنەرییە و لەلایەن کۆمپانیای لۆکهید مارتنەوە بۆ هێزی ئاسمانیی ئەمریکا (USAF) پەرەی پێدراوە . بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و کارایی بەرز و توانای تارمایی ناسراوە. فڕۆکەی F-22 بە تایبەتمەندیی پێشکەوتووی تارمای دیزاینکراوە کە کەمترین بڕینی ڕادار و تیشکی ژێر سوور کاری تێدەکات. ئەمەش وا دەکات کارایی سیستەمی ڕاداری دوژمن بۆ دۆزینەوە و شوێنپێهەڵگرتنی فڕۆکەکە، لاوازبێت.
فڕۆکەی F-22 فڕۆکەیەکی جەنگی خێرایە و دەتوانێت بگاتە خێرایی سەروو دەنگ و توانای گەشتکردنی بە خێرایی سەروو دەنگی بەردەوام هەیە، هەروەها دەتوانێت بگاتە بەرزایی زۆر لە سەرووی ٦٥ هەزار پێ (نزیکەی ٢٠ هەزار مەتر). فڕۆکەی F-22 توانای مانۆڕی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەو بزوێنەرە پێشکەوتووانەی کە ڕێگە بە چالاکییەکی زۆر دەدات، لەوانەش زۆر مانۆڕکردن، واتە دەتوانێت مانۆڕی ئاڵۆز ئەنجام بدات، هەر لەبەر ئەمە وایکردووە ببێتە سەکۆیەکی شەڕی ئاسمانی ترسناک. فڕۆکەی F-22 کۆمەڵێک هەستەوەری پێشکەوتووی تێدایە، لەوانە ڕاداری AN/APG-77، هەروەها توانای هەڵگرتنی جۆرەها چەکی ئاسمانی بۆ ئاسمانی و ئاسمانی بۆ زەوی هەیە، لەوانە مووشەکی پێشکەوتووی ئاسمانی بۆ ئاسمانی مەودای مامناوەندی پێشکەوتووی (AMRAAM) AIM-120 و تەقەمەنی ڕێنمایی ورد. فڕۆکەکە لەلایەن یەک فڕۆکەوانەوە بەڕێوەدەبرێت. ئەرکی سەرەکی فڕۆکەی ئێف ٢٢ باڵادەستی ئاسمانییە. بە یەکێک لە گرانبەهاترین فڕۆکەکان ناسراوە، ئەمەش بووە هۆی سنوورداربوونی ژمارەی بەرهەمهێنانی. هێڵی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی F-22 لە ساڵی 2011 داخرا، دوای ئەوەی هێزی ئاسمانی ئەمریکا 195 فڕۆکەی بەدەستهێنا. هەم لەبەر نرخەکەی هەم لەبەرهۆی پێشکەوتوویی تەکنەلۆژیا و هەستیارییەکەیەوە، هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی دیکە سنووردار کراوە.



# کڵاوی فڕۆکەوانی
# فڕۆکەی (ئێف ٣٥)ی ئەمریکی



ئا: ئەنەس شاخەوان

فڕۆکەی شەڕکەری ئەمریکی جۆری F35 یەکێکە لە ئاڵۆزترین سیستەمەکانی چەکی ئەمڕۆ کە بە فڕۆکەی (تارمایی)ش ناسراوە و توانای هەیە خۆی لە هەموو سیستەمە رادارییەکان بشارێتەوە. بەوە ناسراوە کە لە ئامانج پێکان زۆر وردە. لەم بابەتە تیشک دەخەینە سەر بەشێکی تایبەتی ئەم فڕۆکەیە کە بریتییە لە کڵاوی فڕۆکەوان. ئەم کڵاوە تێچووەکەی ٤٠٠ هەزار دۆلارە و تایبەت بۆ سەری یەک فڕۆکەوان دروست دەکرێت، واتا بۆ هەر فڕۆکەوانێک قاڵبێک بە پێوەری سەرو دەم و چاوی ئەو فڕۆکەوانە دروست دەکرێت، بۆیە لەکاتی قەڵە یان لاوازبوون یان هەر هۆکارێکی دیکە کە ببێتە هۆی گۆڕینی قەبارەی دەم و چاوی فڕۆکەوانەکە، ئەوا ئەم کڵاوە ناتوانرێت جارێکی دیکە بەکاربهێنرێت، تەنانەت پێویستە ئاگاداری جۆری قژەکەی بێت و دوای وەرگرتنی قاڵبی کڵاوەکە گۆڕانکاری تێدا نەکات.

تەنها دیاریکردنی قاڵبی کڵاوەکە پێویستی بە دوو رۆژی تەواو هەیە و بە لێزەری تایبەت و پێوانەکانی دووری نێوان ئەندامەکان و چاوەکان بەتایبەت دیاری دەکرێن تا بتوانرێ ئەو وێنانەی کامێراکان بۆ شاشەی فڕۆکەوان دەنێرن، هاوسەنگ بن و هاوتای وێنە راستەقینەکانی ئامانجانەکان بن و کەمترین هۆکار بێت بۆ ماندوبوونی چاوەکان، هەروەها بەجۆرێک لەسەر سەری فڕۆکەوانەکە جێگیر بێت کە کێشی کڵاوەکە دابەش بێتە سەر بڕبڕەی پشتی فڕۆکەوان و هەست بە بارگرانی کڵاوەکە نەکات لەسەر سەریدا. جێی سەرسوڕمانە کە هەموو 150 رۆژێک ئەم کڵاوە تێست دەکرێت لەگەڵ سەری فڕۆکەوانەکە خۆ ئەگەر ملیمێک گۆڕانکاری هەبێت ئەوا پێویستە کڵاوێکی دیکە بۆ فڕۆکەوانەکە دروست بکرێتەوە.

ئەم کڵاوە دەمامکێکی لێ چەسپ کراوە کە دەتوانێت هەموو شانۆی ئۆپەڕاسیۆنەکان بە ٣٦٠ پلە لە رێگای شەش کامێرای وردبینیی بەرز لە کاتی فڕیندا پیشان بدات بەجۆرێک توانای بینینی دیوارەکانی فڕکەکەی هەیە، ئەم کامێرانە رێگە بە بینینی دوو لایەنە دەدەن تا فڕۆکەوان بتوانێت فڕۆکەی دوژمن ببینێت و چاودێری ئامانجە زەمینیەکان بکات لەگەڵ پێدانی زانیاریی ورد لەسەر خێرایی و بەرزیی فڕۆکەکە. جگە لەوە، ئەم کڵاوە بەستراوەتەوە بە ئامێرە هەستەوەر و رادار تا ئاگاداری هەموو جموجۆڵێکی دوژمن بێت، تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم کڵاوە توانای بینینە لەشەو، هەروەها پشکنینی ئامانجەکان بە تیشکی سینی (XRay). لەبەر ئەم تایبەتمەندییانە، بە گرانترین کڵاوی فڕۆکەوانی ناسراوە و رەچاوی سەلامەتی وردی فڕۆکەوانەکە کراوە تا ئەو ئاستەی ئەگەر فڕۆکەکە پێکرا زۆر بەخێرایی فڕۆکەوانەکە رزگاربکات.



# بهێزکرنا بارێ دەروونی یێ شەڕکەری ل دژی شەڕێ دەروونی یێ دوژمنانە

رائد مقداد ئەحمەد زبیر

شەڕێ دەروونی مەترسیدارترە ل شەڕێ سەربازی، ژبەرکو فرە ئامراز دهێتە بکارئینان، ب وی پێکەهی کاریگەریا خۆ ئاراستەی دەمار و مۆڕاڵ و ویژدانا خەلکی دکەت، ل سەرڤەی هەمیان ژی جهێ ڕازیبوونێیە، کو مرۆڤ گرنگیێ ب ئارمانجا وێ نادەن، و ژبەر ڤێ ئەگەری گرنگیێ پێددەن ئاگەهدارنەکەنەڤە.

تو ئاگەهدارێ مەترسیا تڤەنگێی و خۆ ژێ دپارێزی، بەلێ شەڕێ دەروونی دێ هێتە د ناڤخۆیا تەدا بێی تو بزانی، و هەروەسا لایێ وێ ژی ل شەڕێ سەربازی یا گشتگیرترە چونکی هێرشێ دکەتە سەر هەڤوەلاتیێن مەدەنی و سەربازی ب هەمان شێوە.



**ئارمانج**

١- ڕوونکرنا بهێزکرنا دەروونێ شەڕڤانان ل دژی شێوازێ شەڕێ دەروونی یێ دوژمنی.

٢- گۆتن بهێزترن ژبەرکو ل دەمێ ئاشتیێ و شەڕیدا پێگڤە دهێنە بکارئینان، و هێرشێن خۆ ئاراستەی ژدەرڤەیا وەلاتێ بەرامبەر دکەن دەمێ کو بوچوونا گشتی یا نیڤدەولەتی و جیهانی دهێنە ئاراستەکرن.

٣- ل ڤێ ڕوانگەهێ ئەم دشێین بێژین شەڕێ دەروونی وەک شارەزاییێن بوارێ دەروونی دبینن، بکارئینانا پلانێ ژلایێ دەولەتەکێ یان کومەڵەک ژ دەولەتان ژبۆ گەندەڵیێ یا میدیایی کو ئاراستەی گروپێن دوژمنکاری، بێلایەن، یان دۆستان دکەن، داکو کاریگەریێ بکەتە سەر بوچوون و هەست و پێگەهـ و ڕەفتاران ب شێوەیەکێ کو ببیتە ئەگەرێ گەهشتنا ب سیاسەتەکێ، و ئارمانجێن ولاتێ دامەزراندی.

٤- ژبەرهندێ پێدڤیە شەڕڤانی باوەری ب خودێ و دادپەروەریا دۆزا خۆ هەبیت، ژبەرکو باوەریەکا موکوم لسەر بنەمایێ باوەریەکا نە یا لەرزاندی مەزنترین بناغەیە بۆ بەرگریکرنا شەڕڤانی ل دژی شەڕێ دەروونی.

شێوازێن بەرەنگاربوونا شەڕێ دەروونی

شێوازێن بەرەنگاربوونا شەڕێ دەروونی دشێت بڤی شێوەی بهێتە کورتکرن:

أ- نە وەشاندن و بەلاڤ نەکرنا دەنگۆباس و زانیاریان لسەر بارودۆخێ سەربازی و ئابووری و کۆمەلایەتی، ژبەرکو دوژمن دێ هەوڵێن کومکرن و مفا وەرگرتنێ ژێ بینیت.

ب- ئەنجامدانا کارێ ئەرێنی یێ کاریگەر ل بوارێ هۆشیاریا نەتەوەییو گوهـ نەدان ب دەنگۆیێ بهیستی لسەر بنەمایێ بەڵگەیێن لۆژیکی و ڕاستیا کۆنکرێتی یا ڕاستەقینە کو پەیوەندی یا ب خەلکیڤە هەی.

ج- کارکرن بۆ پێشئێخستنا هەستێ باوەری ب خۆبوونێ، هەروەسا باوەریبوون ب خودێ و نشتیمانی، باوەری ب خۆبوون بناغەیێ هەمی سەرکەفتنانە، و ئەو جهێ بهێزە کو خۆڕاگریا شەڕڤانی یا لسەر هندێ ئاڤاکرییە.

د- داخازکرنا بەردەوامی و هۆشیاری و خۆڕاگری و نە ئومێدبوون و هاندانا شەڕڤانان بۆ بەشداریکرنەکا ئەرێنی د شەڕیدا.

هـ- گرنگیدان ب ڕاهێنانا سەربازی ژبەرکو ڕاهێنانکرن دبیتە ئەگەرێ ئیلهامبەخشینێ و باوەری ب خۆبوون، هەروەسا شانازیێ پێ بدە.

**دەرئەنجام**

چەندین ڕێک یێن هەین بۆ ڕووی ب ڕوویبوونێ، و و سەرەدەریکرن لگەل دەنگۆیان، کو ب نەهێلانا هەمی ئەوان مەرجان دەستپێدکەت کو دبنە ئەگەرێ دروستبوون و بەلاڤکرن و سەرکەڤتنا دەنگۆیان و ئەڤێ چەندێ پێدڤی یا ب ئەڤێن ل خوارێ هەی:

أ- پێدانا زانیارییێن دروست و بەلاڤکرنا ڕاستییان.

ب- بەلاڤکرنا ڕۆحا گەنگەشەیێ، و ل بەرچاڤ دناڤبەرا حکومەتێ و گەلێ وێ.

ج- ڕەخساندنا دەلیڤا کاری بۆ بێکاران، ژبلی دابینکرنا جهەکێ ژبۆ مێڤانداریا خانەنشینان.

د- گرنگیدان ب زانست و زانینێ بۆ ڕوی ب ڕوویبوونا نەزانین و نەخوێندەوارییێ، کو ڕێک و مەرجێن گونجایی پێکدئینن بۆ بەلاڤبوون و سەرکەڤتنا ئەڤی دەنگۆیەی.

هـ- قەلعەیا ئێمناهیێ، ب تایبەتی لسەر بابەت و زانیارییێن پێدڤی ب سەروەری و ئاسایش و نشتیمانپەروەری و کەرامەتا مللەت و هەڤوەلاتیان.

و- ڤەکۆلین ل وان دەنگۆیان ڤەکۆلینەکا زانستییە و بەرهەنگاربوونا زانستیانە پێدڤیە ب شیکارییەکا ب هزرکرن کو د تایبەتمەندبوون ل وان دەنگۆ و سەرەدەریکرن لگەل وان و ڕوی ب ڕوویبوونا وان.

ز- هۆشیارکرن و پەروەردەکرنا شەڕڤانان ب زانیارییێن ڕاست و دروست بۆ هندێ باوەر ب دەنگۆیان نەکەن.

ح- بلندکرنا کەلتوورێ کۆمەلایەتیا کۆمەڵگەهێ ب ڕێکا ڕاگەهاندنێ (پرێس، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ماڵپەر).

ط- پێدڤی ب هەبوونا دەستەیەکا فەرمی ب مەرەما بەرسڤدانا دەنگۆ و ئاخڤتن لگەل وان و لێپرسین ژ (پرۆمۆتەرێن) وان.

ک- بلندکرنا پابەندبوون ب ئایینێ شەڕڤانان و خەلکێ مەدەنی ب مەرەما نەهێلانا دەنگۆیان.

# بەکارهێنانی هەندێك دەرمان بۆ سوپا قەدەغەن

● شاخەوان



بەشی تەندروستی و فریاکەوتن لە بواری سەربازیی، ڕۆڵێکی کاریگەری لە فریاگوزاریی خێرا لە بەرەکانی شەڕدا هەیە، زۆرێک لە تیمە پزیشکییە سەربازییەکان لە سەرانسەری جیهان ڕێسا و سنووریان بۆ بەکارهێنانی هەندێک دەرمان داناوە، هۆکارەکانی ئەم سنووردارکردنانە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییان بە پرسەکانی سەلامەتی و ئەدای کارکردن و ئەگەری خراپ بەکارهێنانییەوە هەیە. لێرەدا چەند هۆکارێکی باو دەخەینەڕوو کە ڕەنگە هەندێک دەرمان بۆ بەکارهێنانی لەلایەن سوپا سەربازییەکانەوە قەدەغە بکرێن، ئەوەش لەبەر ئەدای کارکردن و وریایی، کە زۆرجار کارمەندانی سەربازیی بۆ ئەنجامدانی ئەرک و فەرمانەکان لە هەموو کاتێکدا پێویستیان بە وریایی و ئامادەیی هەیە.

هەندێک لە دەرمانەکان دەتوانن ببنە هۆی خەواڵوویی، تێکدانی کارکردنی مەعریفی، یان کاریگەریی لەسەر کاتەکانی کاردانەوە. ئەم کاریگەرییە لاوەکیانە دەتوانن کاریگەریی نەرێنی لەسەر توانای سەربازێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر و سەلامەت دروستبکەن.

هەندێک لە دەرمانەکان دەتوانن لەگەڵ ئەو مادانەی تر کە بە شێوەیەکی باو لە سەربازیدا بەکاردەهێنرێن، کارلێک بکەن، وەک کافاین یان تەواوکەری خۆراکی، ئەمەش دەبێتە هۆی کاریگەریی خراپ یان کەمبوونەوەی کاریگەری.

هۆکارێکی دیکە بریتییە لە خراپ بەکارهێنان. هەندێک دەرمان ئەگەری خراپ بەکارهێنانیان هەیە، وەکو دەرمانی هۆشبەر یان دەرمانی هێورکەرەوە، لەوانەیە سەرباز دەستی بگاتە ئەم دەرمانانە، بۆیە سنووردارکردن و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە، سەرباز لە مادده هۆشبەرەکان و کێشەکانی ئالوودەبوون لەناو ڕیزەکاندا دووردەخاتەوە، بە پێچەوانەشەوە بارودۆخی پزیشکی بۆ ئەو کەسانەی کە هەندێک حاڵەتی پزیشکییان هەیە و پێویستیان بە بەکارهێنانی دەرمانی قەدەغەکراو هەیە، ئەوا دەتوانن لە خزمەتکردنی سەربازی ببەخشرێن یان ئەرکی تریان بۆ دابنرێت.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕێساکان سەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمان دەتوانن لە سەربازێکەوە بۆ سەربازییەکی تر و لە شوێنی ئەرک و ناوچە جوگرافییەکان و جۆری ئەو ئەرکەی بە سەربازەکان دەسپێردرێت، جیاواز بن، یان ڕەنگە لیستی تایبەتی دەرمانە قەدەغەکراوەکان بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕدرێت. زۆر گرنگە کارمەندانی سەربازیی ئاگاداری ئەو ڕێنمایی و سنووردارکردنانە بن کە لەلایەن سەروویانەوە دانراون و پەیڕەوی لێبکەن و ڕاوێژ لەگەڵ پزیشکییەکان بکەن ئەگەر هەر پرسیارێک یان نیگەرانییەکیان سەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمان هەبوو.

# ئەو سوپایانەی خاوەنی جوانترین ئافرەتی سەربازن

ئا: فاتیمە ئەحمەد

ڕێژەی بەشداریی خانمان لە ریزی سوپای وڵاتانی جیهاندا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە رووی لە بەرزبوونەوە کـردووە، ئەمـەش وەک پرسـێک بووەتـە جێی بایەخی ئاژانسـە ئەکادیمی و میدیاییەکان و سـاڵانێکە داتاو ئامارو توێژینەوەی لەسـەر بڵاودەکەنەوە . لەم چوارچێوەیەدا خاڵێک بووەتە جێی سـەرنج، ئەویش بابەتی جوانی خانمانی سەربازە . لەمبارەیەوە چەندین ساڵە ئەو سوپایانە ریزبەند دەکرێن کە خاوەنی جوانترین کچان و ژنانی سەربازن. ئەو ئامارو دەستنیشـانکردنانەی تا ئێسـتا بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە چەندین سوپا ریزبەندی یەکەمی ئەم بابەتەیان گرتووە وەک، سوپای وڵاتانی ڕۆمانیا، رووسیا، ئۆسترالیا، یۆنان، ئیسرائیل، پاکستان، بەریتانیا، پۆڵەندا، چیک و ئەمریکا . بەڵام لە کۆی ئەو ریزبەندیانەی تا ئێسـتا بڵاوکراونەتەوە، سـوپای ڕۆمانیا بە پلەی یەکەم دێت لە جوانیی ئافرەتە سەربازەکانی لە جیهاندا . شایانی باسە کاتێ میدیاکان ئەم ریزبەندیانەیان بڵاوکردووەتەوە، ناونیشانی جیاو سەرنجڕاکێشیان بۆ داناون، میدیایەک دەڵێ: جوانەکان لە ئامێزی خاکدا، یەکێکی دیکە نووسیویەتی: کاتێ جوانی و ئازایەتی ئاوێتە دەبن، سەنگەرەکان گڕیان لێهەڵدەسێت.




hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# ووشەی یەکتربڕ

**ئاسۆیی:**

١- شارێکی کوردستانە — مەرگی شاراوە — چەکێکی ویرانکەرە (پ)
٢- جۆرە ئۆتۆمبیلێکی گران بەهایە — ئامێرێکی پەیوەندی کردنە
٣- دە زاوا تێکەڵاو — فریادرەسی ئۆتۆمبێل
٤- تیاترۆ- خۆلکن تێکەڵاو — زستان بە عەرەبی
٥- یەک تێکەڵاو — جۆرە دەمانچەیەکە — جۆرە میوەیەکە — بەستنی بەفر
٦- ژمارەیەکە — ئاژەڵی مردوو (پ) — ئافرەتان بۆ جوانی بە کاریدێنن
٧- هێزی تایبەت — جۆرە چەکێکە — سەنەم
٨- پێچەوانەی راستی (پ) — جۆرە بانگکردنێکی مرۆڤە — دەرمانی هەویر (پ)
٩- کارێکی جادووگەرانە — مراد بە بادینی — یانەیەکی ئیتالیە
١٠- جۆرە خۆراکێکە — وەکو یەکە — جۆرە پێوەرێکی پێوانی خواردەمەنیە
١١- پرچ — بەیماک تێکەڵاو — دروستە بۆ بەکارهێنان
١٢- جۆرە درەختێکە (پ) — درۆ تێکەڵاو- رێگا بە تورکی (پ) — لانخر تێکەڵاو
١٣- جۆرە باڵندەیەکە — تۆمو تێکەڵاو — جاوا تێکەڵاو
١٤- (زۆر) ی سەربڕاو — مزدوشتر تێکەڵاو — دروشمێکە
١٥- پێنج پیت لە رادیار — جۆرە فرۆکەیەکە — بەنا (پ)
١٦- فرۆکەی بێ فرۆکەوان — جۆرە چەکێکە

**ستوونی:**

١- جۆرە چەکێکە — بەشێکی کۆمپیوتەرە
٢- جۆرە ئامێرێکی چاککردنەوەیە (پ) — کورت کراوەی منداڵ بە بادینی (پ) — شوێنی کڕینی پێداویستی
٣- نارنجۆک بە عەرەبی- پێنج پیت لە مەملەکەد — بەرهەمێکی شیرە
٤- چیایێکی کوردستانە (ساڵی) بن براو — بەرهەمێکی شیرە — خۆشەویستی مەم
٥- ئەنەرژی- هونەری حەفتەم — پەرلەمانی رووسیا
٦- ئارام بەخشی مێشک (پ) — یانەیەکی ئەڵمانیە
٧- ناوی کوڕانە — نرخ (پ) — پەیامبەرێکە
٨- جوڵەیەکی شەترنجە (پ) — مۆرقی دەست پیس — جۆرە باڵندەیەکە (پ)
٩- مەڕ بە بادینی (پ) — لە پاش لێوە (پ) — میوەیەکە — سێ پیت لە خەتەن
١٠- خەڵاتێکی جیهانیە — دراوی رووسیا — وڵاتێکە (پ)
١١- سێ پیت لە مەشەد — جۆرە ئۆتۆمبیلێکە (پ)
١٢- جۆرە رایەخەکی ناو ماڵە — لە پرچی ئافرەتان دروست دەکرێت — مانگێکی کوردیە (پ)
١٣- یۆی تێکەڵاو— دەیکی تێکەڵاو— جۆرە پێداویستەکی ئاگر کردنەوەیە
١٤- چوار پیت لە شتلێت — نیرووت تێکەڵاو — سود تێکەڵاو
١٥- ژمارەیەکە بە عەرەبی (پ) — (بەس) ی ناوقەدبڕاو - باڵندە پێی دەفرێت - هاو تێکەڵاو
١٦- چیایێکی کوردستانە — شارۆچکەیەکی کوردستانە



**ئامادەکردنی / عەمید منیر ئەحمەد**

## وەڵامی ژمارە ٤٠



# پەیڤ و پەند

ئا: هێشوو کەیوان

شەڕەکانی ئێستا کەمتر شەڕی چەکدارین، زیاتر شەڕی فیکری و زانیارین.

باوەڕ بەخۆت بکە، دوژمنەکانت دەترسێنیت، هەرچەندە بەهێزبن.

خۆت مەکە بە ئامانجێکی ئاسان.

بە هۆشیاری و ئازایەتی سەرەتا سەرباز و دواتر ببە بە فەرماندە.

توندبە کاتێك بەرگری لە مافەکانت دەکەیت، چونکە ئەم جیهانە دڕندەیە بەرگەی هیچ ترسەنۆکێك ناگرێت.

بەهێزبە، ژیان ڕەحم بە لاوازەکان ناکات.

هەموو پلانەکانی بەرگری لەسەر بنەمای چاوەڕوانییەکانە.

ئەگەر ناچاربوویت لە دارستانێکدا بژیت، پێش ئەوەی ببیتە نێچیر فێربە چۆن ڕاوچی بیت.

کاتێك چەك بەدەست کەسانی ئازاوە بێت، تەنانەت باڵندەکانیش دڵنیا دەبن.

تا تۆ لە هزر و پەروەردەدا سەرکەوتوو بیت، کەس ناتوانێت شکستت پێ بێنێت.

## گفتوگۆی ئەفسەرێك و قەناس بەدەستێك

ئەفسەرێک پرسیار لە قەناس بەدەستێکی هێزەکەی دەکات دەربارەی توانای قەناس بەدەستێکی دوژمن، ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ، قەناس بەدەستەکەی دوژمن شکستخواردووە، هەموو ڕۆژێک تەقەم لێدەکات و هەڵە دەکات. ئەفسەرەکە لێی دەپرسێ: ئەی بۆ نایکوژیت و رزگارت بێت لە دەستی؟ قەناس بەدەستەکە لە وەڵامدا دەڵێ: دەترسم بیکوژم و قەناس بەدەستێکی باش لە شوێنی دابنێن و ئەو ئێمە بکوژێت.

